

قەشە ئەنیس یەعقووب سولا:

## جیاوازیی پێکەوەژیان لەنێوان کوردستان و عێراقدا

## ئاسمان و ڕێسمانە


# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ســـاڵی سیـیــەم (١٣٧٣)- (٢٤)ی تەمموزی ٢٠٢٣


# ئەم ساڵ سەرکەوتووانە ٥٠٠ هەزار تۆن گەنمی جووتیاران لە سایلۆکانی هەرێم وەرگیرا



لە کابینەی نۆیەمدا ٥٢٨ کۆمپانیا مۆڵەتیان پێدراوە، نزیکەی ١٨ هەزار هەلی کاریان بۆ گەنجەکان فەراهەم کردووە

پاراستنی ئاسایشی خۆراک ستراتیژیەتی سەرەکیی کابینەی نۆیەم بووە




# تیمەکەی سام و ڕاوێژی پیتەر گالبرێت

## ٧٤

ڕۆژی ٢١ی تەمووزی ٢٠٠٢، یەکەم تیمی پسپۆڕ و شارەزایانی ئەمەریکا بە سەرپەرشتیی کەسێک بە ناوی چارلز فەتیس، ناسراو بە (سام) گەیشتنە کوردستان. تیمەکە هەشت کەسی ئەمەریکی بوون و سێ تورکیشیان لەگەڵ بوو. دیار بوو کە کێشەیان لەگەڵ تورکیا هێشتا چارەسەر نەکرابوو، تورکەکان ترسێکی گەورەیان هەبوو کە ئەمەریکا لەو سەروبەندەدا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێت. جارێکیان لە دیدارێکدا سام پێی گوتم: «تورکیا زۆر ئیبتزاز[1] لەبەرانبەر ئەمەریکا دەکات و داوای برە پارەیەکی زۆر دەکەن. ئێمە هاتووین بۆ هەڵسەنگاندن و دیراسەکردنی بارودۆخەکە لە هەموو ڕوویەکەوە و، بە هیچ شێوەیەکیش ڕێگە بە تورکیان نادرێت دەست بخاتە ناو کاروباری هەرێم. لە ناوچەکەدا دەمێنینەوە و چاودێریی بارودۆخەکە دەکەین. ئەگەر تورکەکان کێشەمان بۆ دروست نەکەن دەمێنینەوە و بەردەوام دەبین، بەڵام لە ئەگەری دروست بوونی گیروگرفت لەلایەن تورکیاوە ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ واشینگتۆن هەتا ئەمەریکا کێشەکانی لەگەڵ تورکیا چارەسەر دەکات».

سام کەسێکی ڕاستگۆ و ئەفسەرێکی باڵای دەزگەی هەواڵگریی ئەمەریکا (سی ئای ئەی) بوو. کە بۆ ئەمەریکا گەڕایەوە، کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی Opeatio California Hotel، لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەرانبەر کوردەکاندا زۆر موحریج و ڕووگیر دەبووم، چونکە پەیامی ڕاست و دروست لە واشینگتۆنەوە نەدەهاتن و هەموو پەیامەکان دژ بەیەک بوون؛ فێڵ لە کورد دەکرا و من شەرمم دەکردەوە کە چۆن ئەم درۆیانەیان پێنە بکەم.

---

(١) بە کوردی دەبێ بە (تەڵەکەبازی)

# چاپکراوی نوێ




کتێبی( شۆڕشی ئەیلوول لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە عێراقییەکاندا ١٩٦١- ١٩٧٥) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، نووسینی دکتۆر هۆشەنگ ساڵح نەجار، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرگێکی ناوازە و بە (٣٤٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. ئەم کتێبە کە هەروەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، توێژینەوەیەکە نەهاتووە هەواڵ و بابەتی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقییەکان کۆبکاتەوە کە پەیوەندییان بە ڕووداوێکی گرنگی وەك شۆڕشی ئەیلوولەوە هەیە، پاشان وەریان بگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بیانخاتە ڕوو، بەڵکو لەتەك ئەمانەدا، بابەت و هەواڵە وەرگێڕدراوەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکە بەراورد پێکراون و خراونەتە ژێر نەشتەری لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن.

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە دەروازە، لە شەش تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەکانیش بە پێی ڕیزبەندیی ڕووداوە مێژووییەکان، بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی داندراون، هەر تەوەرێك تایبەتە بە قۆناغێکی دیاریکراوی ئەو ماوەیە(١٩٦١- ١٩٧٥).

لە دەروازەدا، تیشکێکی مێژوویی خراوەتە سەر ڕەوشی سیاسیی کورد، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، ئەو شۆڕشەی نەك هەر بۆ عێراق، بەڵکو بۆ کوردیش وەرچەرخانێکی گرنگ بوو. تەوەری یەکەم لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول دەستپێدەکات و تا کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، واتا تا ماوەی کۆتایی حوکمڕانیی عەبدولکەریم قاسم بەردەوام دەبێت.

لەم ماوەیەدا ڕۆژنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکان لە بەرەی عەبدولکەریم قاسمدا بوون، هێرشیان دەکردە سەر شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی، تەوەری دووەم، بە کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دەستپێدەکات، تاکو کۆتایی ماوەی فەرمانڕەوایی عەبدولسەلام عارف لە نیسانی ١٩٦٦ بەردەوام دەبێت، ئەو ماوەیە ڕۆژنامە عێراقییەکان زمانێکی نەمتریان هەبوو. تەوەری سێیەم، لە هەڵوێستی ڕۆژنامەگەریی عێراقی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلوول لە ماوەی فەرمانڕەوایی سەرکۆمار عەبدولڕەحمان عارف دەکۆڵێتەوە. تەوەری چوارەم، بە کودەتای ١٧-٣٠ تەمموزی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ دەستپێدەکات تاکو ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام دەبێت. تەوەری پێنجەم، لە قۆناغی دوای ڕێککەوتننامەی ئادار دەکۆڵێتەوە، تاکو ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە لایەن حکومەتی بەعسەوە، تەوەری شەشەم، بە ڕاگەیاندنی پڕۆژە تاکلایەنەکەی ئۆتۆنۆمی لە لایەن حزبی بەعسەوە دەست پێدەکات، تاکو ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام دەبێت.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین کە سەبارەت بە سەرچاوەکان، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە، ڕۆژنامە دیارەکانی سەردەمی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقن. دەستخۆشی لە نووسەرو دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ ئەم توێژینەوە بەنرخ و پڕ بەهایە.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


**Web: www.gulanmedia.com**

## وارشین بەرواری:



**لە چوار ساڵی ڕابردوو (١٩٧) پڕۆژەی جۆراوجۆر بە گوژمەی (٣٠٠) ملیار دینار لە دەڤەری ئامێدی جێبەجێ کراون**

## فەرەیدون کەریم مەلەک :



**تاوانەکانی بەعس دژی کوردانی فەیلی خەسڵەتی تاوانی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە**

## جۆن کالابرێس :



**ڕووخاندنی ڕژێمی تاڵیبان و سەدام حوسێن دوو شەڕی ڕەوا بوون، بەڵام مامەڵەکردنی دوای شەڕەکە بۆ ئەمریکا شەرمەزاری بوو**

## پرۆفیسۆر ریچارد کاپلان :



**لوبنان و عێراق بە سەر خۆیاندا دابەش بوون و پارتە حوکمڕانەکان ئەم دابەشبوونە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کار دەهێنن**

د.کاروان سەباح هەورامی:



**کابینەی نۆیەمی حکومەت چوار بەنداوی دروست کردووە و ٤١ پۆندیش چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە**

**سەرهەنگ موحسین دەدرەوشێتەوە**




تارا ئەمین سەپان:

**تا ئافرەت خاوەنی کیانی خۆی نەبێت، ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە**



**پێویستە شەش کاتژمێر پێش نووستن قاوە نەخورێتەوە!**



**ئامێرێک بۆ دۆزینەوەی ئامێرە سیخوڕییەکان**





**کۆلێکشن و دیزاینەکانی جلی کوردی لە هەفتە نمایشی پاریسدا**



مامۆستا نووری فارس حەمەخان:

# ئەو کاتەی مستەفا بارزانی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان خەباتی دەکرد، جاش قەڵەم بە شۆڕشیان دەگوت «جەیبی عەمیل» و بە جاشیان دەگوت «سوارەی سەلاحەدین»



**د. عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا**

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ناو گەلی کورددا، زانایانی ئایینی ڕۆڵی لە مێژینەیان هەبووە لە خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان، زۆریان خۆیان کردووەتە قوربانیی لە پێناو بەرگریکردن لە گەلە ستەمدیدەکەیان، لە مێژووی نوێشدا تەواوی شۆڕشەکانی کورد بە ڕابەرایەتیی شێخ و مەلاکانی وڵات بووە، هەر لە شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، تا سەیید تەهای شەمزینی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی حەفید، پێشەوا قازی محەممەد و مەلا مستەفا بارزانی، بە ئێستایشەوە مەلا ڕەسەنەکانی ئەم وڵاتە هەوێنی ئاشتی و پێکەوە ژیان و بەرگری لە مافی پێشێلکراوی ئەم گەلە ستەمدیدەیەن، لە ئێستادا (ماموستا نووری فارس حەمە خان) یەکێکە لەو زانا ئایینییە خاوەن قەڵەمانە کە خزمەتێکی ئێجگار زۆری بە (ئیسلامی کوردەواری) کردووە، ئەو لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوودا هەم لە ڕووی زانستی و نووسینەوە دانەبڕاوە لە خزمەتکردن بە گەلەکەی، هەم لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە بەردەوام هاوکاری شۆڕشی کورد بووە، و ڕێز و شکۆیەکی بێ پایان بۆ ڕابەرانی ڕابردووی گەلەکەی دادەنێت، لێرەدا پوختەیەك لە ژیانی ماموستا و بیروڕا کوردانە و نەتەوەییەکانی وەبیر دەهێنینەوە.

ماموستا نووری فارس حەمە خان حەسەن مستەفا حەنیف، لە هۆزی (ڕۆخزایی) ناوچەی (قەرەداغ)، لە ساڵی (١٩٣٤) لە گوندی (برایم ئاوا)ی، هەمان ناوچە لەدایك بووە، و وەکو تەواوی زانایانی کوردستان بە شوێن زانستدا گەڕاوە، و لە خزمەت ئەم زانا و باش مەلایانەی سەردەمی خۆیدا خوێندوویەتی. (ماموستا مەلا عەلی سەرزەلی) و (ماموستا مەلا ئەحمەدی گرگاشی)، (ماموستا مەلا محەممەدی قەڵاسووری)، (ماموستا مەلا عەبدولقادری عەربەتی)، (ماموستا مەلا شێخ عەبدولعەزیز پارەزانی)، (ماموستا مەلا محەممەدی کۆڵیتانی)، (ماموستا مەلا عومەری ئاشەزینی)، (ماموستا مەلا محەممەدی تاڵ)، (ماموستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی)، (ماموستا مەلا محەممەد عومەری قەرەداغی)، (دکتۆر مستەفا زەڵمی)، (ماموستا مەلا محەممەدی دێگەڵەیی)، (ماموستا مەلا عەبدولمەجیدی قوتب)، (ماموستا مەلا شەریف – لە هەولێر)، (ماموستا مەلا محەممەدی قزڵجی – لە بەغدا)، (ماموستا عەلائەددین سەججادی – لە بەغدا)، (ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)، (ماموستا شێخ محەممەدی خاڵ) و تا دواجار (ماموستا مەلا ئەسعەدی مەحوی)، لە ساڵی (١٩٥٧) لە شاری سلێمانی ئیجازەی عیلمیی – مەلایەتی پێ داوە، و لە ئاهەنگێکدا (ماموستا مەلا ڕەشاد موفتی) مێزەری بە سەردا پێچاوە، و بەرگی مەلایەتی لەبەر کردووە و، دوای وەرگرتنی ئیجازەی عیلمیی – مەلایەتی، لە ناو سوپای عێراقدا وەك پێشنوێژ و پەروەردەکار دامەزراوە، تا کاتی خانەنشین بوونی، و لە گەڵ ئەم ئەرکەیدا بەردەوام سەرقاڵی وەرگێڕانی پەڕتووکەکانی فەرموودە بووە بۆ سەر زمانی کوردی، هەر بۆیە لە ناو زانایان و مەلا باشەکانی کوردستاندا بە (وەرگێڕە کوردەکەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ناسراوە، کە لەو پەڕتووکانەیدا هەزاران هەزار فەرموودەی پێغەمبەری (د.خ) بۆ سەر زمانی کوردی پەرچڤە کردووە، و خۆیشی زۆر جوانی فەرمووە:

نووری تا ماوە مەمنوونی خوایە
کە تەرجومانی ڕەسولوڵڵایە!

ئەم زانا و فەرموودەناسەی گەلەکەمان، وەك خۆی باسی کرد، هەردەم لە کاروانی خەباتی نەتەوەکەیدا بووە بێ پسانەوە، و

**ماموستا نووری فارس، کەسایەتییەکی زۆر سەرسامە بە باوکی گەلی کورد، (مەلا مستەفای بارزانی)، زۆریش زیزە لەم دووبەرەکییەی ناو کورد لە نێوان یەکتریدا**

**ماموستا نووری فارس لە ناو زانایان و مەلا باشەکانی کوردستاندا بە (وەرگێڕە کوردەکەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ناسراوە، کە لەو پەڕتووکانەیدا هەزاران فەرموودەی پێغەمبەری (د.خ) بۆ سەر زمانی کوردی پەرچڤە کردووە**

دەڵێت: «کاتێکیش لە ناو سوپادا، پێشنوێژ و پەروەردەکار بووم، لە شاری کەرکووك لە ناو بازنەی ئەو ڕێکخستنەدا بووم کە (مامۆستا مەلا محەممەد ئەمین، لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا، لە کەرکووك) سەرپەرشتی دەکرد، و هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی (مەلا مستەفای بارزانی)، ئێمەیش وەك زۆرینەی مەلاکانی ناو سوپا هاوکار بووین، و شۆڕش مانەوەمانی بە باشتر زانی، تا نهێنی و حەرەکاتەکانی سوپای داگیرکار بە شۆڕش بگەیەنین، هەر بۆیەش سوپا بەرەو هەر جێگایەك هێرشی بکردایە، دەشکا، چونکە ئێمە پێشوەخت هێزی پێشمەرگەمان لێ ئاگادار دەکردەوە».

مامۆستا نووری فارس، کەسایەتییەکی زۆر سەرسامە بە باوکی گەلی کورد، (مەلا مستەفای بارزانی)، زۆریش زیزە لەم دووبەرەکییەی ناو کورد لە نێوان یەکتریدا و دەڵێت: «ئەم ئاژاوە و فیتنەیەی ئێستا هەیە، کۆنە و من بۆ خۆم هەمان شتم لە شەستەکانیشدا دیوە کە دژی (مەلا مستەفای بارزانی) دەکرا».

ئەو کە پرسیاری ئەوەم لێ کرد، ڕای خۆیم لەسەر (مەلا مستەفای بارزانی) پێ بڵێت، بەم بەسەرهاتە وەڵامی دامەوە:

ڕێزدار موقەددەم (محەممەد ئەرگوشی)، لە ماڵی (مامۆستا مەلا محەممەد ئەمین)، لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا، لە کەرکووك گێڕایەوە و گوتی: «لە گەرمەی شۆڕشدا و لە شەستەکاندا، شۆڕشگێڕێکی مەزنی ئێرانی، دەیەوێ سەردانێکی (مەلا مستەفای بارزانی) بکات، و زۆر بە پەرۆشەوە و بە نهێنی و بە سواری وڵاخ، دێ بە دێ، بە ناوی خوازراوەوە، ڕۆژێ خۆی دەکا بە مەلا، و ڕۆژێ خۆی دەکا بە شێخ، چەند شەو و ڕۆژێك، ئاوا بە ناو ئەو دەشت و دەر و شاخ و داخەدا، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا، کە جارێ دەڵێ: دەروێشی خۆمن، و جارێ دەڵێ: فەقێی خۆمن، بە پێی شوێن، دەخولێنەوە و قوڕ و لیتەی زستان دەشێلن، و سەرما و سۆڵە دەچێژن، هەر تاوناتاوێ لە تاو فڕۆکە و تەقەی ڕەبایە و هێرشی جاشان، هەڵدێن، و خۆ لەناو دەوەن و بن بەردێ دەشارنەوە، ڕۆژانە بە چاوی خۆیان گوندی سووتاو و تەرمی شەهید و زامدار، لە هەموو جۆرێ دەبینن، هەتا بەرەبەرە دەگەنە بارەگای (بارزانی)، هەموو شتێ بە خەیاڵی ئەو مامۆستا ئێرانییەدا دێ! ئەمە نەبێ! کە دەڕوانێ وا تەخت و بارەگا زێڕینەکەی (مەلا مستەفا بارزانی)، وا لە چیایەکی سەخت و دژواری وادا، کە ڕێگەی باڵداری نییە، چ جای پادار، وا لە ناو ئەشکەوتێکی تاریکی شێداری قانگدراو بە چڕە دووکەڵی کۆتەرە داری تەڕ و پڕ لە سەرە بزووتکی کوژاوە و پڕ لە چراووگ، کە بە شەو لە باتی چرا و گڵۆپ و لایت بەکاری دەهێنن، لە پڕ مارێ، یا جانەوەرێ، ئاگری ناو ئەشکەوتەکە گەرمی دەکاتەوە و سڕییەکەی دەردەچێ، و دووکەڵەکە سەری لێ دەشێوێنێ و مەترسی و تۆقانێ لە ناو ئەشکەوتەکەدا دروست دەکات، لە مەترسیی تۆپ و تانك و فڕۆك و جاش و جەیش ناخۆشتر!!

لە لایەکی تریشەوە وا دەڕوانێ (مەلا مستەفا بارزانی) و نزیکانی بارەگا، ئەوەندە تەپ و تۆزی چڕە دووکەڵ چووە بەسەر و چاویانا و تەپ و تۆز لە جلەکانیان نیشتووە، و ئەوەندە بە تەختە بەردی داخ لە ناو ئەشکەوتەکەدا کولێرە ئاشییان کردووە، ڕێك دەڵێی ئاشەوانن و لەناو ئاشدا دەژین!!

گوتی: لەو سەردەمەشدا، بەرەی جاشەکان، بە ڕۆشنبیر و بە ناڕۆشنبیریانەوە، واتە: بە جاش چەك و بە جاش قەڵەمیانەوە، تەنگیان بە (بارزانی) هەڵچنی بوو، - هەروەك ئەمڕۆ- و دژایەتییەکی ماددی و مەعنەوییان دەکرد، بە دەیان لێژنە، لە ئەمن و لە ئیستیخبارات، تانە و تەشەر و درۆ و دەلەسەیان، لە دژی شۆڕش دروست دەکرد، و وەك بەچکە کۆتر و بەچکە تووتی دەیانتفانە سەر دەمی لایەنە کوردییە نەیارەکانی شۆڕش، و ئەوانیش وەك بنێشت و کاوێژ شەو و ڕۆژ دەیانجوییەوە، و دەیانگوت و دەیانگوتەوە! بە شۆڕشیان دەگوت: «(جەیبی عەمیل» و بە پێشمەرگەیان دەگوت: «شەمشەمە کوێرە» و بە سەدامیان دەگوت: «زێڕە زێڕە» و بە جاشیان دەگوت: «سوارەی سەڵاحەددین» و تاد.

**هەموو شتێ بە خەیاڵی ئەو مامۆستا ئێرانییەدا دێ! ئەمە نەبێ! کە دەڕوانێ وا تەخت و بارەگا زێڕینەکەی (مەلا مستەفا بارزانی)، وا لە چیایەکی سەخت و دژواری وادا، کە ڕێگەی باڵداری نییە، چ جای پادار**

**مامۆستا نووری فارس لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە مزگەوتی (بن تەبەقی هەرمنی) لە شاری سلێمانی، هاوفەقێی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا بووە، کە پێکەوە لە خزمەت خوالێخۆشبوو دکتۆر مستەفا زەڵمیدا وانەی زانستە شەرعییەکانیان خوێندووە**

**مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا یەکێک بوو لە پشتیوانە سەرسەختەکانی ڕێبازی (مەلا مستەفای بارزانی) لە دەڤەری هەورامان و هەڵەبجە و شارەزوور**



گوتی: جا ئاغای ئێرانی کە ئەم واقیعە قێزەونەی بینی، و ئەم چەواشەکارییەی ڕەچاو کرد، و ئەم ژیانە زبرەی «بارزانی» و پێشمەرگەکانی شۆڕشی بینی، گوتی: (ئاغای بارزانی! تۆ ئاوا خۆت دەکەی بە قۆچی قوربانی، ئەو جاشانەش بەو جۆرە پاداشتت دەدەنەوە!!).

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە جەنابی مامۆستا نووری فارس ئەم سەرگوزەشتەیەی لە پەڕتووکی (صەحیحی موسلیم)دا، بەرگی دووەم، لاپەڕە (٣٦٤ -٣٦٥)، (چاپی یەکەم – ٢٠١١) تۆمار کردووە، لە ڕاڤەی ئەو فەرموودەیەدا کە پێشەوای بڕواداران عومەری کوڕی خەتتاب دەیگێڕێتەوە، کە دەفەرموێت: بە دوای سۆراخی هەواڵێکدا چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) بینیم، لە سەر حەسیرێکی ڕووت بوو، و حەسیرەکە هیچی تری بە سەرەوە نەبوو، و سەرینێکی بەرگ چەرمینی لە ژێر سەردا بوو، ناواخنەکەی ڕیشاڵی خورما بوو، لە پایینەوە هەندێ بەرە دارشیلان کە کەوڵی پێ خۆشە دەکرێ، هەڵڕژا بوو، و کۆمەڵ کرابوو، لە ژوور سەریشیەوە بە بنمیچەکەوە چەن کەوڵێ هەڵواسرابوو، کە تەماشایم کرد، گرێی حەسیرەکە لا تەنیشتی پێغەمبەری (د.خ) دابڕیبوو!!

شایەنی باسە، مامۆستا نووری فارس لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە مزگەوتی (بن تەبەقی هەرمنی) لە شاری سلێمانی، هاوفەقێی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا بووە، کە پێکەوە لە خزمەت خوالێخۆشبوو دکتۆر مستەفا زەڵمیدا وانەی زانستە شەرعییەکانیان خوێندووە، و شیاوی بیرخستنەوەیە کە مامۆستا مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا یەکێك بوو لە پشتیوانە سەرسەختەکانی ڕێبازی (مەلا مستەفای بارزانی) لە دەڤەری هەورامان و هەڵەبجە و شارەزوور.سوپاس بۆ خوا تا ئێستایش مامۆستا نووری فارس بە تەندروستییەکی باشەوە لە ژیاندایە و نیشتەجێی شاری سلێمانی (پایتەختی ڕۆشنبیری)یە، و شایانی ئاماژە بۆ کردنیشە کە کوڕێکی مامۆستا بە ناوی (کاوە) شەهیدی ڕێگای ئەم نیشتمانەیە.



قەشە ئەنیس یەعقووب سولا

لە کەنیسەی شەهیدانی شەقڵاوە بۆ گوڵان:

# مەسیحییەکان بۆیە کۆچیان بەرەو کوردستان کردووە، چونکە پێکەوەژیان لە نێوان کوردستان و عێراقدا ئاسمان و ڕێسمان جیاوازی هەیە

# سەرۆک بارزانی لای ئێمە وەکو مەرجەعێکی گەورەی کوردستانییە و هەموو مەسیحییەکانی دونیاش هەر لە پاپای فاتیکان و کریستیانەکانی جیهان پاڵپشتی و پشتگیری سەرۆک بارزانی دەکەن

**پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، سەرۆك بارزانی بەردەوام کار بۆ گەشەکردنی ئەم پێکەوە ژیانە دەکات، لە نووسینەوەی دەستووری کوردستان و دەستووری هەمیشەیی عێراقدا سەرۆك بارزانی گرنگییەکی زۆری بە جێگیرکردنی مافەکانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان داوە، لە هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ و دەشتی نەینەوا سنوورەکانی هەرێمی لە بەردەم مەسیحییەکاندا واڵا کرد و بە هانای هەزاران خێزانی مەسیحی و ئایینزاکانی دیکە و نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە هات. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکی ئاراستەی قەشە ئەنیس یەعقووب سولا لە کەنیسەی شەهیدانی شەقڵاوە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** جیهان بە چاوی ڕێزەوە لە پێکەوە ژیانی ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان دەڕوانێت، چەندین ئایین و ئایینزاش لە هەرێمەکەدا هەن، ئێوە وەکو مەسیحییەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوە ژیانە لە هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- مەسیحییەکانی کوردستان بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئەو پێکەوە ژیانەی لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان ئایین و ئایینزاکان هەیە، لاپەڕەکانی مێژوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبووردەیی مێژوویەکی چەند قووڵی هەیە و لە کۆنەوە لە لایەن باپیرانمانەوە دەوڵەمەند کراوە، هەر لە کۆنەوە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستاندا تەواوکەری یەکتر بوون و هاوبەش بوون لە خۆشی و ناخۆشیی یەکتر لە هەموو بارێکی ژیانەوە. ئەگەر لاپەڕەکانی ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان هەڵ بدەیتەوە، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێت کە هەمووان پێکەوە بێ جیاوازی بەشدار بوون لە خەبات و شۆڕش، ئەمەش هەمووی بۆ ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە کە لە بواری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ڕۆشنبیری و پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتر بوون و گرفتی ئایینی و ئایینزایی و ململانێیان نەبووە، هەمووان پێکەوە ژیاون و لە ڕووی ئابووری و کار و کاسبییەوە تێکەڵاوییەکی باشیان هەبووە، هەمووان پێکەوە هەوڵی پێشخستنی نیشتمانەکەمان داوە و لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکاندا پێکەوە بووین و ئەم کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبووردەییە لە کوردستان بووەتە هەوێنی جوانی و سەرکەوتن و جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانێت.

لە شۆڕشی ئەیلوول مەسیحییەکان وەکو برا موسڵمانەکان پێکەوە لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی بوون و لە نزیکەوە بەشداریی شۆڕشیان کردووە، ئەمڕۆش سەرۆك بارزانی وەکو ڕابەر و مەرجەعی کورد و کوردستانییەکان درێژە پێدەری هەمان ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانییە و ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆری لەناو هەموو پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکاندا هەیە. سەرۆك بارزانی لای ئێمەی مەسیحییەکان وەکو مەرجەعێکی گەورەی کوردستانی دادەنێین و

**هەمووان پێکەوە هەوڵی پێشخستنی نیشتمانەکەمان داوە و لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکاندا پێکەوە بووین**

**ئەم کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبووردەییە لە کوردستان بووەتە هەوێنی جوانی و سەرکەوتن و جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانێت**

**لە شۆڕشی ئەیلوول مەسیحییەکان وەکو برا موسڵمانەکان هەمووان پێکەوە لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی بوون و لە نزیکەوە بەشداریی شۆڕشیان کردووە**

**هاتنی پاپای فاتیکان بۆ هەولێر ددانپێدانان و پاڵپشتییەکی بەهێزی نێودەوڵەتییە بۆ بەهێزی و جوانیی هەرێمی کوردستان**

**پێکەوە ژیانی کوردستانییان لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزدا، پاڵپشتییەکی بەڵگە نەویستی پاپای فاتیکانیشە بۆ بەدیهاتنی خەونی سەدان ساڵی گەلی کوردستان بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی**

هەموو مەسیحییەکانی دونیاش هەر لە پاپای فاتیکان و کریستیانەکانی جیهان پاڵپشتی و پشتگیری سەرۆك بارزانی دەکەن. لە بیرمە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە شاری کۆیە جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمووی: «ئەگەر هەر کاتێك نەمتوانی بەرگری لە ماف و بەرژەوەندیی مەسیحییەکانی کوردستان بکەم، ئەوە کوردستان بەجێ دەهێڵم»، ئەو وتە زێڕینەی جەنابی سەرۆك وای کردووە، مەسیحییەکانی کوردستان هەست بە دڵنیایی و متمانە بکەن و بتوانن لە مومارەسەی ژیان و لە ڕێوڕەسمەکانی خۆمان بێبەش نەبین و بەشداری و هاوبەشی ڕاستەقینەی حوکمڕانی و ناو دامەزراوەکان بین.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیریکردنی تەواوی ئەو پێکەوە ژیانەیە، هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەم قەداسەتی پاپای فاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بابەتی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە چەند وێستگە و بابەتێکی گرنگ بکەم. ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ جیاوازی لە نێوان پارێزگا و شار و شارۆچکەکان و بە دادپەروەرانە لە نێوان هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان کار بۆ هەموو کوردستانییان دەکات، پلان و بەرنامەو کاری کابینەی نۆیەمی بە جۆرێك ئاراستە کردووە، پڕۆژە و خزمەتگوزارییەکان و کاروچالاکییەکانی کابینەکە بە بێ جیاوازی بۆ هەموو هەرێم بێت، لە بواری ئایینی و ئایینزایشەوە بەڕێزیان جیاوازی ناکات لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، بۆیە دەبینین لە پاڵ دروستکردن، یان نۆژەنکردنەوەی مزگەوتێکدا، گرنگی بە کەنیسە و پەرستگا و شوێنە پیرۆزەکانی دیکەش دەدات، ئەم کارانەی ڕێزدار سەرۆکی کابینەی نۆیەم وای کردووە، پێکەوە ژیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە زیاتر گەشە بکات، ئەمەش ئەوەی لێ هاتەدی کە لە مێژووی عێراقدا بۆ یەکەمجارە قەداسەتی پاپای فاتیکان بە شەخسی خۆی سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات و نوێژی قەداسی لە گۆڕەپانی شەهید فەرەنسۆ هەریری ئەنجام دا. هاتنی پاپای فاتیکان بۆ هەولێر ددانپێدانان و پاڵپشتییەکی بەهێزی نێودەوڵەتییە بۆ بەهێزی و جوانیی هەرێمی کوردستان و پشتگیریکردنی ئەو پێکەوە ژیان و لێبووردەییە کە لە ناو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستاندا بە پاڵپشتیی سەرۆك بارزانی بونیاد نراوە، پێکەوە ژیانی کوردستانییان لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزدا، پاڵپشتییەکی بەڵگە نەویستی پاپای فاتیکانیشە بۆ بەدیهاتنی خەونی سەدان ساڵی گەلی کوردستان بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەم سەردانەی پاپای فاتیکان بە قەڵەمی زێڕین لە مێژوودا دەنووسرێتەوە، بەوەی مەسیحییەکان لە کوردستاندا پێکهاتەیەکی ڕەسەن و سەرەکی و هاوبەش و کاریگەرن و بەشدارین لە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکاندا، پاپای فاتیکان پەیوەندییەکی بەهێز و ڕێز و خۆشەویستی لەگەڵ ڕێزداران سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی سەردانەکەی پاپای فاتیکان وای کرد، ئێمەی مەسیحییەکانی کوردستان دڵنیایی و متمانەمان بە دواڕۆژی خۆمان و نەوەکانمان هەبێت و متمانەشمان بە هەرێمی کوردستان و حکومەت و دامەزراوەکانی هەبێت، تاوەکو لەم هەرێمەدا بە ئاسوودەیی بژین.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا، سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەع و کاریزما رابەری گەلی کوردستانە، بۆیە بە یەك چاو دەڕوانێتە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزکان و جیاوازی لە نێوان پارێزگا و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ناکات، هەمووان لای سەرۆك بارزانی هاووڵاتی پلە یەکن و جەنابی سەرۆك دەیەوێت نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان خۆیان لە لێژنەکانی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان بەشدار بن، تاوەکو خۆیان ماف و بەرژەوەندیەکانیان کە لە لایان گرنگ و گرنترە تۆمار بکەن، هەر بۆیە ئێمە ئەو هەڵوێستەی رابەر و مەرجەعمان بە گرنگ و دڵسۆزی و خەمخۆری دەزانین و تا ئەو پەڕی توانا و هەستی مرۆڤایەتی رێزی لێ دەگرین.

*** هەتا ئێستاش لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری تەواو و راستەقینەی هەموو پێکهاتەکان دەکات، ئایا ئەمە بۆچی وایە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە فکری مەلا مستەفا بارزانی و ئایدیۆلۆژیەتی خۆیەوە باوەڕی بە پێکەوە ژیان و برایەتی و تەبایی هەبووە و هەیە، ئێمە وەك کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان سەرفراز و سەربڵندین بەو گرنگیدانەی کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و هەموو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەرەکەی بەو پێکەوە ژیان و لێبووردەییە دەدەن لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو زۆرجار دەبینین هەڵویستی پارتی لە عێراقیش هەر بەو شێوەیە بووە، بۆیە کارو بڕیارەکانی پارتی هەموو کات جێگا و کاریگەریی خۆیان هەیە.

*** لێکدانەوەتان چییە بۆ ئەو بڕیارەی جەنابی سەرۆك بارزانی کە لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر مووسڵ و چەند شارێکی دیکەی عێراق و دەشتی نەینەوا هەموو دەروازە سنوورییەکانی بە ڕووی کریستیانەکان و هەموو ئاوارەکانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی عێراق کردەوە؟**

- لەو کاتەدا کە تیرۆریستانی داعش پەلاماری عێراقیان دا، ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبووایە ئەو خەڵکە بۆ کوێ دەچوون و چییان بەسەر دەهات؟ تاکە جێگا کە بە هانای ئەو خەڵکە زۆرەی ئاوارەکان هات، خەڵکی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوون کە پێشوازییان کرد لە ئاوارەکانی کوردی ئێزیدی و کریستیانەکانی مووسڵ و دەشتی نەینەوا و ئایین و ئایینزاکانی دیکە تا دەگاتە ئاوارەکانی برا عەرەبەکان کە هاتنە کوردستان. بڕیار و فەرمانی سەرۆك مەسعود بارزانی بوو کە هەموو دەروازە و سنوورەکان بە بێ لێپرسینەوە لە بەردەمی ئەو شاڵاوە زۆرەی ئاوارەکان کرانەوە، هەرگیز هەڵوێستی مرۆڤانە و بوێرانەی جەنابیان لەبیر ناکەین، چونکە توانی بەو پەڕی لەخۆبووردەیی پێشوازی لەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان بکات و شوێنی حەوانەوە و خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین بکات.

*** ئایا بوونی عەنکاوە لە ناحیەوە بۆ قەزا مانای چییە و تا چەند کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانی هەرێمی کورددستان هەیە؟**

- ئەمەش یەکێك لە گرنگیدانەکان دیکەی هەرێمی کوردستان بە کریستیانەکان و بە پێکەوە ژیان لەو هەرێمە دەستووری و یاساییەدا کە بوونی عەنکاوەیە بە قەزا، ئەمەش گرنگیدانی زیاترە بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەو شوێنە و لە ڕووی کارگێڕیشەوە دابەزاندنی دەسەڵاتەکانە لە حکومەتەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە، تاوەکو بتوانرێت ئەوەی خۆیان لە چوارچێوەی قەازکە و لە نزیکەوە دەیبینن و پێویستە دەستنیشانی بکەن و کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکەن.

*** ئایا جیاوازیی پێکەوە ژیان لە نێوان هەرێم و عێراق چۆن دەبینیت و بۆچی بەم جۆرەیە؟**

- جیاوازیی پێکەوە ژیان لە ئێستادا لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا جیاوازیی نێوان ئاسمان و ڕێسمانە، چونکە هەرێمی کوردستان ئێستا نموونەیەکی سەرکەوتووی پێکەوە ژیانە لە ناوچەکە و لە دونیاشدا، بەڵام پێکەوە ژیان لە عێراق هەر نییە، بەڵکو حکومەتی عێراق شوێنێکی مەزهەبی و تائیفییە و ئەو دەستوورەشی هەیانە، نەیانتوانیوە، یان نایانەوێت جێبەجێ بکرێت، هەر ئەم جیاوازیەشە وای کردووە، زۆربەی مەسیحیەکانی عێراق ڕوو لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

**پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە فکری مەلا مستەفا بارزانی و ئایدیۆلۆژیەتی خۆیەوە باوەڕی بە پێکەوە ژیان و برایەتی و تەبایی هەبووە و هەیە**

**بڕیار و فەرمانی سەرۆک مەسعود بارزانی بوو کە هەموو دەروازە و سنوورەکان بە بێ لێپرسینەوە لە بەردەمی ئەو شاڵاوە زۆرەی ئاوارەکان کرانەوە، هەرگیز هەڵوێستی مرۆڤانە و بوێرانەی جەنابیان لەبیر ناکەین**

**حکومەتی عێراق شوێنێکی مەزهەبی و تائیفییە و ئەو دەستوورەشی هەیانە، نەیانتوانیوە، یان نایانەوێت جێبەجێ بکرێت**

سەروەر کەمال هاواری
بریکاری وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بۆ کاروباری بازرگانی بۆ گوڵان:

# هەوڵەکانی کابینەی نۆیەم بۆ زیادکردنی پشکی هەرێم لە وەرگرتنی گەنم و بەبازاڕکردنی بەرهەمە کوردستانییەکان بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی لێ کەوتووەتەوە

**هەوڵەکانی کابینەی نۆیەم بۆ زیادکردنی پشکی هەرێم لە وەرگرتنی گەنم و بەبازاڕکردنی بەرهەمە کوردستانییەکان بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و بازرگانی لێ کەوتووەتەوە**

**تەنیا لە پێنج مانگی ئەمساڵدا مۆڵەتی بازرگانی بە ١،٦٠١ کۆمپانیای بازرگانی دراوە کە بە بەهای ٢،٧١٩،١٥٠،٠٠٠ ملیار دۆلار بووە**

**چەندین سایلۆ لە پارێزگا و ئیدارە و شار و شارۆچکەکانی کوردستان دروست کراون و کێشەی ئەمبارکردنی بەرووبوومی گەنمی جووتیارانیش کۆتایی هاتووە**

**ئەم ساڵ سەرکەوتووانە ٥٠٠ هەزار تۆنی پشکی هەرێمی کوردستان لە سایلۆکانی هەرێم وەرگیرا**



**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بازاڕ بۆ بەروبوومی جووتیاران دۆزرایەوە و، بۆ یەکەمین جار براندی کوردستان بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی لە بازاڕەکانی وڵاتانی دەرەوە ساخ کرایەوە، لە کەرتی بازرگانی بە دەیان پرۆژەی دروستکردنی سایلۆ و کۆگای مۆدێرن دروست کران، کارئاسانی و هەڵگرتنی ڕۆتین گەشە و فراوانبوونی پانتایی کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکانی زۆر زیاد کرد، لە ڕێگەی چاکسازییەکانی کەرتی بازرگانی و دەرکردنی یاسا و هەموارکردنەوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا بووژانەوەیەکی باش بە ڕووی بازرگانەکاندا دروست بوو، چاکسازییەکان و بووژانەوەی کەرتی بازرگانی بە دەیان هەزار هەلی کاری بۆ گەنجەکان ڕەخساند، لەلایەکی دیکەوە چارەسەرکردنی گرفتی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و پێدانی شایستە داراییەکانیان بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی دیکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. سەروەر کەمال هاواری، بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، جەخت لەسەر گرنگترین دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پرسی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران و دواهەنگاوەکانی چاکسازی لە کەرتی بازرگانی دەکات.**

* لە چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، تا چەند لە کەرتی بازرگانیدا توانراوە بە سەر ئاستەنگ و بەربەستەکاندا زاڵ بن و، تا چەند توانراوە ئەم کەرتە لە خزمەتی هاووڵاتیان و گەشەی بازرگانی و جموجووڵی بازاڕدا بێت؟ ئایا دەکرێت گرنگترین دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان لە بواری بازرگانیدا بۆ باس بکەیت؟

**کاتێک ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەکەی لەئەستۆ گرت و کارنامەکەی ڕاگەیاند، هەرێمی کوردستان لە بەردەم قەرزاری و قەیرانێکی سەختی دارایی و بڕینی بودجەدا بوو**

**لەو ٣٢ هەزار کۆمپانیایەی لە کوردستاندا کار دەکەن، پشکی گەورە بەر کۆمپانیا بازرگانییەکان کەوتووە**

**تەنیا لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەلی کار بۆ ٥٢٨ کۆمپانیا ڕەخساوە و، نزیکەی ١٨ هەزار هەلی کاریان بۆ گەنجەکان فەراهەم کردووە**

- تەمەنی چوارساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕیەتی لە دەستکەوت و پڕۆژە و کاری گەورە، لەم کابینەیەدا بە پاڵپشتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای قەیرانەکان لە کارکردن و پێشکەشکردنی پڕۆژەکان ڕانەوەستاین، بگرە خۆڕاگریی سەرۆکی حکومەت و پشوودرێژیی هاووڵاتیان وای کرد کە ڕووبەڕووی هەموو تەحەددا مەترسیدارەکان ببینەوە و، بگرە وەرچەرخانێکمان لە کەرتی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا دروست کرد، ئەم وەرچەرخانەش تەنیا پەرەپێدان و بووژانەوەی بازرگانی و زیادکردنی پڕۆژەکان و جموجووڵی بازاڕی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو هەنگاوی جددی نراوە بۆ زامنکردنی ئاسایشی خۆراک و دۆزینەوە و ساخکردنەوەی بازاڕ و کڕینەوەی گەنمی جووتیاران، ئەمە وێڕای هاوسەنگکردنی نێوان (هێنراو و هەنارده)کان کە بۆیەکەمین جار براندی کوردستان لە بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو بە بازاڕ کرا و ساخ کرایەوە .

کاتێك ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەکەی لەئەستۆ گرت و کارنامەکەی ڕاگەیاند، هەرێمی کوردستان لە بەردەم قەرزاری و قەیرانێکی سەختی دارایی و بڕینی بودجەدا بوو، ئەوە بوو هەر بۆ ماوەیەکی کەم پەتای کۆرۆنا و داشکانی بەهای نەوت و تەنانەت وشکەساڵی و ناسەقامگیریی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و هەڵکشانی نرخەکانی لێ کەوتەوە، لە ناو ئەم هەموو قەیران و ئاستەنگانەدا هەنگاو نرا بۆ ستراتیژیەتی هەمەجۆرکردنی ئابووری و بایەخدان بە گشت کەرتەکان، بۆ ئەوەی تەنیا پشت بە یەك سەرچاوەی داهاتی نەوتی نەبەستین و ڕوو لە بووژانەوەی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاریش بکەین، بەمەش ئەرکێکی قورسی ئەم کارە کەوتە سەر کەرتی بازرگانی، چ لە ڕووی دابینکردنی کەرەستە و خۆراك و پێداویستییەکانەوە بێت، یان لە ڕووی دۆزینەوە و ساخکردنەوەی بەرهەمەکانەوە بێت، چ لە ڕووی پاڵپشتیکردنی بەرهەمی ناوخۆوە بێت، یان هاندان و ئاسانکاری بۆ هێنانی ئامێر و کەرەستەی پێشکەوتووەوە بێت. سەرۆکی حکومەت هەر وەکو چۆن لە قۆناغی پەتای کۆرۆنای سەختی جیهانیدا لە ڕێگەی دامەزراندنی بۆردێکی خۆراك ڕێگەی نەدا قەیرانی خۆراك لەسەر هاووڵاتیانی کوردستان دروست ببێت، هەر بەو ڕۆحییەتەشەوە شار بە شار و وڵات بە وڵات گەڕا، تاوەکو بازاڕی وڵاتان بە ڕووی بەرهەمە کوردستانییەکاندا بکاتەوە، ئەوە بوو جگە لە ناساندنی براندی هەناری کوردستان چەندین بەرهەمی دیکەی کوردستان ڕەوانەی دەرەوە کران و جووتیارانی کورد و ئابووریی کوردستان سوودمەند بوون، هەروەها توانرا هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەش لا ببرێت کە لە بەردەم ناردنی بەرهەمی کوردستان بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دانرابوون.

لە چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتدا چەندین پڕۆژەی بازرگانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و شار و شارۆچکەکان جێبەجێ کراون، لە ڕووی کۆمپانیاکان و پێدانی کارئاسانی و پاڵپشتیکردنیان ئەوا بە ڕاددەیەك کاری کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکان فراوانتر بووە و لە رووی جۆر و چەندایەتیشەوە باشتر بوون، لەو **٣٢** هەزار کۆمپانیایەی لە کوردستاندا کار دەکەن، پشکی گەورە بەر کۆمپانیا بازرگانییەکان کەوتووە و بە هەزاران هەلی کار لە ناو ئەو کۆمپانییانەدا بۆ گەنجەکان دابین کراون، تەنیا لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەلی کار بۆ ٥٢٨ کۆمپانیا ڕەخساوە و، نزیکەی ١٨ هەزار هەلی کاریان بۆ گەنجەکان فەراهەم کردووە، ئەمە وێڕای فراوانبوونی بازاڕەکانی کوردستان و پیشەکارانی کوردستان کە زۆرترین هەلی کاری تێدا ڕەخساوە، پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ کار و بازرگانیی بازرگانەکان و گواستنەوەی کەلوپەل و پێداویستییەکان بە یەکێك لە خزمەت و دەستکەوتەکانی دیکەی ئەم کابینەیە دادەنرێت، هەڵگرتنی باجی گومرگی لەسەر پێداویستییە خۆراکییەکان کە بە هۆی دارمانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی لە عێراق دروست بوو، دەستکەوتێکی دیکەی سەرۆکی حکومەت بوو بۆ ڕێگرتن لە گرانبوونی

زیاتری مادده سەرەکییە خۆراکییەکان و کۆنترۆڵکردنی نرخەکان و هەڵگرتنی باج لەسەر زۆر پێداویستیی خۆراکیی سەرەکیی ڕۆژانەی هاووڵاتییان. لە بواری دروستکردنی سایلۆکان و ئەمبارەکانی گەنم و ئازووقەشدا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە پاڵپشتی و دابینکردنی بودجەی پێویست لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە توانیویەتی چەندین سایلۆ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان دروست بکات و ژمارەیەکی دیکەی سایلۆش بودجە و پارەی جێبەجێکردنی بۆ تەرخان کراوە، ئەمە پوختەیەکی کار و چالاکی و پڕۆژەکانی کەرتی بازرگانی بوو لە ماوەیەکی کەم و قۆناغێکی هەستیاردا.

*** ئاماژەت بە فراوانبوونی کاری کۆمپانیاکان کرد، ئایا لەم کابینەیەدا تا چەند توانراوە کاری کۆمپانیاکان زیاتر بکرێت، تاوەکو لە ڕووی جۆرایەتییەوە جووڵە و گەشەیەکی زیاتر و باشتریان هەبێت؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەموو کار و هەنگاوەکان لە پێناو هاووڵاتیاندا گیراونەتە بەر، واتا هاووڵاتی میحوەری سەرەکیی کارەکانمان بووە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان تووشی قەیرانی خۆراك نەبن، لە سەردەمێکدا کەوا گرفتی خۆراك و گرانیی نرخەکانی بووەتە قەیرانێکی جیهانی، هەر لەم پێناوەشدا هەوڵی ئەوەمان داوە جووڵەی بازرگانی زیاتر خزمەت بە هاووڵاتیان و گەشەکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بکات، بووژانەوەی کەرتی پیشەسازیی خۆراك و زیادکردنی ژمارەی کۆمپانیاکان و فراوانبوونی پانتایی کارکردنیان و هەڵگرتنی هەموو ئاستەنگەکانی بەردەم گواستنەوەی کاڵا و کەلوپەلەکان هەر لە (ئاسانکردنی پێدانی مۆڵەتی هاوردە، تاوەکو ڕێگرتن لە قۆرخکاری و هەموارکردنەوەی یاساکانی، پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و نەهێشتنی قۆرخکاری و ڕێنماییەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردنی بەرهەمەکان و ...هتد) هەر هەمووی لەو پێناوەدا بووە کەرتی بازرگانی ببووژێتەوە و خەڵك سوودمەند بن و زۆرترین هەلی کاریش بۆ گەنجەکانمان دابین بکرێت، لە ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار کاڵا هاوردە کراوە و ٣٥٠٠ مامەڵەی بازرگانی کراوە و ڕەوانەکردنی شمەك و بەرهەمی ناوخۆش بۆ دەرەوە زیادی کردووە، بەتایبەتی بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

هەر ئەم ڕێکار و هەنگاوانەشە وای کردووە، ژمارەی کۆمپانیاکانی خۆماڵی و بیانی لە هەرێمی کوردستاندا ڕوو لە زیادبوون بکات، ئەوەتا ٣٢ هەزار کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون و ٢١،١٠٥ کۆمپانیا لە هەولێرە و ٧،١٦٥ لە سلێمانی و ٣،٨٥٣ لە دهۆك لەم ژمارانەش ٢٨،٨٥٣ی کۆمپانیای خۆماڵین و ٣،٣٧٦ کۆمپانیای بیانین. تەنیا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەلی کار بۆ ٥٢٨ کۆمپانیا ڕەخساوە کە ١٣ هەزار و ٤٥١ هەلی کاریان دابین کردووە، بەمەش کۆمپانیاکانی خۆراك و بیناسازی و ڕستن و چنین و فلزییەکان و کیمیاوی و پلاستیکی و مۆبیلیات و خزمەتگوزاری و گواستنەوە و چەندین بواری دیکە لە هەرێمی کوردستاندا گەشەی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینیوە، ئەوەتا لە تەنیا پێنج مانگی ئەمساڵدا مۆڵەتی بازرگانی بە ١،٦٠١ کۆمپانیای بازرگانی دراوە کە بە بەهای ٢،٧١٩،١٥٠،٠٠٠ دۆلار بووە.

*** ئایا لەگەڵ ئەم گەشەکردنەی ژمارە و کاری کۆمپانیا خۆماڵی و بیانییەکاندا هاتنی شاندە بازرگانییەکانیش بۆ هەرێمی کوردستان زیادیان کردووە؟**

- هاتنی شاندە بازرگانییەکان و نوێنەری بەشی بازرگانیی کونسوولخانەکان و باڵیۆزەکان و نوێنەری گەورە کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە زیادبوون کردووە، لە وڵاتانی (هەنگاریا و ئیسپانیا و ئەمریکا و ژاپۆن و تورکیا و ئێران و چەندین وڵاتانی دیکە) شاندی بازرگانی ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، هەفتانە پێشوازی لە شاندی ژوورە بازرگانییەکانی وڵاتان، بەتایبەتی لە شارەکانی تورکیا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەکەین، شاندە بازرگانییەکانی عێراقیش ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەم زۆرییەی شاندە بازرگانییەکان بۆ بووژانەوەی کەرتی

**پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ کار و بازرگانیی بازرگانەکان و گواستنەوەی کەلوپەل و پێداویستییەکان بە یەکێک لە خزمەت و دەستکەوتەکانی دیکەی ئەم کابینەیە دادەنرێت**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەموو کار و هەنگاوەکان لە پێناو هاووڵاتیاندا گیراونەتە بەر، واتا هاووڵاتی میحوەری سەرەکیی کارەکانمان بووە**

**لە ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار کاڵا هاوردە کراوە و ٣٥٠٠ مامەڵەی بازرگانی کراوە و ڕەوانەکردنی شمەک و بەرهەمی ناوخۆش بۆ دەرەوە زیادی کردووە، بەتایبەتی بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق**



**لە پارێزگاکانی کوردستان و شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان سایلۆ و کۆگای زۆرمان دروست کردووە، وەکو سایلۆی مەخموور و هەولێر و قوشتەپە و پیرەمەگروون و ڕانیە و شارەزوور و چەمچەماڵ و کەلار و فایدە و شێخان و زاخۆ و بەردەڕەش**

بازرگانی و کارئاسانی و بوونی ژینگەیەکی سەقامگیر و ئارام دەگەڕێتەوە، کە دواجار لە خزمەتی خەڵکیدایە، تەنانەت دوای کۆرۆنا لەم کابینەیەدا ژمارەی پێشانگە بازرگانییەکانیش ڕووی لە زیادبوون کردووە.

*** لە ڕووی کۆگاکردنی بەروبوومەکانی گەنمی جووتیاران و دابینکردنی شایستە داراییەکانی گەنمی جووتیاران کاری باش کراوە، ئایا لەم ڕووەوە تا چەند توانیوتانە ئاستەنگ و بەربەستەکان نەهێڵن، بەتایبەتی چارەسەرکردنی گرفتی جووتیاران کە یەکێکە لە کارنامەی سەرۆك وەزیران؟**

- دروستکردنی دەیان سایلۆ و ئەمبارکردنی گەنم و پێدانی شایستە داراییەکانی ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ هەروەها کۆی ئەو پارەیەی لە سێ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ کە لای حکومەتی ناوەندی بوو گەڕێندرایەوە، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیی حکومەتی عێراقی فیدراڵی لە ئاستێکی باشدایە لەپێناو وەرگرتنی تەواوی شایستە داراییەکانی جووتیاران، سەبارەت بە دروستکردنی سایلۆکانیش لە پارێزگاکانی کوردستان و شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان سایلۆ و کۆگای زۆرمان دروست کردووە، وەکو سایلۆی مەخموور و هەولێر و قوشتەپە و پیرەمەگروون و ڕانیە و شارەزوور و چەمچەماڵ و کەلار و فایدە و شێخان و زاخۆ و بەردەڕەش، کە توانراوە ٥٨٥ هەزار تۆن گەنم ئەمبار بکرێت، هاوکات چەندین سایلۆی نوێ دروست دەکرێت کە سایلۆی ٤٠ هەزار تەنین و ٥ کۆگای کەرەستەی خۆراکی لە بەردەڕەش و کۆگایەکی مۆدێرنە بۆ ئەمبارکردنی برنجی پسوولەی خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان لە سایلۆی فایدە و دروستکردنی سایلۆی قەبارەی ٨٠ هەزار تەنی لە سلێمانی و دروستکردنی ٨ کۆگا لە ناوچەی هوانە و کۆمەڵگەیەکی گەنجینەکانی خواردن لە ناوچەی هوانە و دروستکردنی سایلۆی ٤٠ هەزار تەن و ١٠ کۆگا لە هەڵەبجە و ٢٥ پرۆژەی دیکەمان پێشنیار کردووە و بەشێکیان پارەشی بۆ تەرخان کراوە.

یەکێك لەو کارانەی زۆر گرنگ بوو بۆ



بووژانەوەی کەرتی بازرگانی، گرنگیدانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە بووژانەوەی پیشەسازیی خۆراکی، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٢٠ بەرێزیان بەردی بناغەی ناوچەی پیشەسازیی خواردەمەنی لە دهۆك دانا و لە ساڵی ٢٠١٢ سایلۆی هەولێر و کەلاری کردەوە. دروستکردنی دەیان سایلۆ بۆ ئەمبارکردنی بەروبوومی گەنمی جووتیاران هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆی گەنم.

*** یەکێك لە کارە گرنگ و هەستیارەکان پاراستنی کوالێت و باشیی کاڵا و ماددە خۆراکییەکانی ناو بازاڕ و کۆنترۆڵکردنی سەرپێچییە بازرگانییەکان و چاودێریکردنی بازاڕە، ئایا تاچەند توانراوە کۆنترۆڵی دەروازە و بازگەکان و بازاڕ بکرێت بۆ ڕێگرتن لە هێنانی ماددە و کاڵا و خۆراکی ماوەبەسەرچوو؟**

- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی بازرگانی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی بازرگانییەوە تەنیا لە پێنج مانگی ئەمساڵدا زیاتر لە ٢٦،٣٠٩ سەردانیان کردووە و ١،٢١٥ سەرپێچیان تۆمار کردووە و ٥٦ شوێنیان داخستووە و بڕی ١٦٨ ملیۆن دینار سزایان داون و زیاتر لە ٢٠٣ تەن مەوادی ماوەبەسەرچوو و خراپیان لەناو بردووە. لەم کابینەیەدا توانیومانە بە سەرکەوتوویی ڕێگە لە فرۆشتنی مەوادی ماوەبەسەرچوو بگرین کە زیانی بۆ هاووڵاتیان و تەندروستییان هەبووە، ئەم کارە بە هاوکاری و چاودێری و بەدواداچوونی هاووڵاتیان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تیمەکانمانەوە جێبەجێ کراوە، چەندین باری کاڵای ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوە و چەندین کۆگاشمان داخستووە و بە توندیش سزای ئەو سەرپێچیکارانەمان داوە کە کاڵای خراپ و ماوەبەسەرچوو لە دەروازەکانەوە داخڵی هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆیە هێنانی مەوادی ماوە بەسەرچوو سزای توندی لە سەرە و تا ڕاددەیەکی باش توانراوە دەستی بەسەردا بگیرێت.

*** بۆ ئەمساڵیش کۆتایی بە پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران هات، ئەگەرچی گرفتتان لەگەڵ بەغدا هەبوو لەسەر ئەو بڕە گەنمەی کە لە جووتیاران وەردەگیرێت، کە لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر بەرهەم هاتووە،**

**چەندین باری کاڵای ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوە و چەندین کۆگاشمان داخستووە و بە توندیش سزای ئەو سەرپێچیکارانەمان داوە**



**ئایا تا چەند پرۆسەکە سەرکەوتوو بوو، بۆ بەرهەمی زیادی گەنم چ هەنگاوێك نراوە، تاوەکو جووتیاران زیانمەند نەبن، بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر؟**

- سەرەتای پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن عێراقەوە بڕی ٢٠٠ هەزار تۆن بۆ بەرهەمی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان دیاری کرابوو، هەڵبەتە بەرهەمی گەنمی هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە و ئامار و داتاکان زیاتر لای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، چونکە ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، زیاتر بەبازاڕکردنی گەنمەکەیە، بە خۆشحاڵییەوە دوای هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانرا ئەم بڕە بۆ ٥٠٠ هەزار تۆن بەرز بکرێتەوە، ئەوە بوو لە **٢٠٢٣/٧/١٦** وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان کۆتایی بە وەرگرتنی گەنمی ئەمساڵی بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیارانی هێنا و بە سەرکەوتوویی بڕی ٥٠٠ هەزار تۆن گەنمی لە برا جووتیارەکان وەرگرت، و شایستە داراییەکەشی ٤٠٠ ملیار دینارە بە هۆی گفتوگۆ و سەرقاڵبوونی پەرلەمان و حکومەت بە پڕۆژە یاسای بودجە و پەسەندکردنی تەنیا ٨٦ ملیار دیناری دراوە و، حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ بەڵێنی داوە بەم نزیکانە تەواوی پارەی شایستە داراییەکانی جووتیارەکانمان بنێرێت و بە سەریاندا دابەشی دەکەین. لەمەشدا سوپاسی وەزارەتی بازرگانی عێراقی فیدڕاڵ و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و برا جووتیارەکانمان دەکەین، بە سوپاسیشەوە ڕاستەوخۆ بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وەرنەگرتنی بڕە گەنمی بەشێك لە برا جووتیارەکان پێکهێنا کە لە سایلۆی هەولێر تووشیان ببوو، بەم نزیکانە ئەو کێشەیەش ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم

**لە ساڵی ٢٠٢١ بڕی ١٥٢ هەزار تەن گەنم وەرگیراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕی ٣٢١ هەزار تەن گەنم وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٢٣ بڕی ٥٠٠ هەزار تەن وەرگیراوە**




کە خۆشبەختانە ساڵ لە دوای ساڵ کێرڤی بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردنی گەنمی جووتیاران بەرزتر دەبێتەوە ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢١ بڕی ١٥٢ هەزار تەن گەنم وەرگیراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ بڕی ٣٢١ هەزار تەن گەنم وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٢٣ بڕی ٥٠٠ هەزار تەن وەرگیراوە، لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە کۆمپانیای خۆشناویش کراوە بە هەمان نرخی وەرگرتنی گەنم لە سایلۆکان ئەو گەنمەی جووتیاران وەربگیرێت کە لە بەردەم سایلۆکان جەرد کراون.

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەرچی حکومەتی عێراق بڕی گەنمی وەرگیراوی تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کردووە و ئەم حاڵەتە بۆ عێراق و ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو نییە، بەڵام خۆشبەختانە توانرا بڕەکە بەرز بکرێتەوە، خۆی عێراق چوار ملیۆن تەن گەنمی وەرگرتووە، ئەگەر لە ١٢،٦٧٪ وەکو پشکی هەرێم هەژمار بکەین ئەوا دەبێت لە خەرجی حاکیمە کە بۆ کڕینی گەنم تەرخان کراوە، لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان ٥٦٠ هەزار تەن گەنم وەربگیرێت، لەلایەکی دیکەوە هەڵبەتە دیاریکردنی بڕی ٨٥٠ هەزار دینار و هەڵگرتنی پلە یەك و دوو سێ تەنیا بڕە پارەیەکی کەم دانراوە بۆ پلەکان، ئەویش دوای ئەو قەیرانە جیهانییەی گەنم هاتووە کە بە هۆی شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیاوە دروست بووە، لە ئێستاشدا دوای کشانەوەی ڕووسیا لە ڕێککەوتنی هەناردەکردنی گەنمی ئۆکرانیا، نرخەکانی گەنم جارێکی دیکە لە جیهاندا بەرز بووەتەوە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری فراوانبوونی برسێتی و هەژاری و ئەگەری کەوتنەوەی قەیرانی خۆراکیان لە چەندین وڵاتی دونیا بەتایبەتی وڵاتە ئەفریقییەکان داوە. لە هەرێمی کوردستان بە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی و بارانبارینێکی باش لە ئەمساڵدا بەرهەمەکانی گەنم ڕووی لە زیادبوون کردووە.

**حکومەتی عێراق بڕی گەنمی وەرگیراوی تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کردووە و ئەم حاڵەتە بۆ عێراق و ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو نییە**

وارشین بەرواری
قائیمقامی ئامێدی بۆ گولان:

# لە چوار ساڵی ڕابردوو (١٩٧) پرۆژەی جۆراوجۆر بە گوژمەی (٣٠٠) ملیار دینار لە دەڤەرەکەمان جێبەجێ کراون



■

## چەکدارانی پەکەکە ڕێگر بوون لە ئاوەدانکردنەوەی (١٩٥) گوندی سنوورەکە

■

## قوتابخانەی قوبەهان و کەنیسە و مزگەوتی گەورەی ئامێدی نۆژەن دەکرێنەوە

**ئامێدی مەزنترین قەزای سنووری پارێزگای دهۆکە و ٢٨٪ی ڕووبەری پارێزگای دهۆك پێکدەهێنێت و ناحیەکانی (شێلادزێ و دێرەلوك و سەرسەنگ و بامەڕنێ و کانی ماسێ و چەمانکێ) و ٣٥٦ گوند لە خۆی دەگرێت و چەندین شوێنەواری مێژووی کۆنی تێدایە و تۆپۆگرافیاکەی بە شێوەیەکە سەنتەری ئامێدیی کۆن ناتوانرێت زیاتر بەرفراوان بکرێت، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ وارشین بەرواری قائیمقامی قەزای ئامێدی ئەنجام دا، لێرەدا دەقی وەڵامەکانی دەخەینەڕوو.**

* قەزای ئامێدی تۆپۆگرافیایەکی جیاوازی هەیە و یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان و خاوەنی چەندین شوێنەواری گرنگە و خاوەنی مەدرەسەیەکی زۆر دێرینە، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو تۆپۆگرافیا گرنگە و پاراستنی ئەو شوێنەوارە کۆنە کراوە؟ ئایا پێگەی ئامێدی لە مێژوودا چۆن حیسابی بۆ دەکرێت؟

- قەزای ئامێدی ناوەند و سەنتەری میرنشینی بادینان بووە و چەندین شوێنەواری گرنگی لێیە و شوێنەواری هەیە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، وەك دەرگای ئامێدی و کەنیسەیەك لەناو سەنتەری شارەکەدا و مزگەوتی گەورەی ئامێدی کە یەکێکە لە شوێنی عیبادەتەکان لە سەردەمی میتانی و.. تاد، هەروەها قوتابخانەی قوبەهان یەکێك لەو قوتابخانە گرنگ و دیارانە بووە کە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دەرچووانی ئەو قوتابخانەیە لە زانکۆی ئەزهەر وەرگیراون، پارێزگای دهۆك لە ڕێگای قائیمقامیەتی ئامێدییەوە گرنگیەکی زۆر و تایبەتی بە شوێنەوارەکانی سنوورەکە داوە و لە ئێستادا دەرگای ئامێدی بە هاوکاریی دارایی کونسوولییەی ئەمریکا نۆژەن دەکرێتەوە، هەروەها مەدرەسەی قوبەهان و کەنیسەی کۆن و مزگەوتە کۆنەکەی ئامێدی بە هاوکاریی دارایی کونسوولییەی فەرەنسی و بە هاریکاریی ڕێکخراوی فاس ئێکسپرێس و ئێڤ پۆیپ نۆژەن دەکرێنەوە و لە ئێستادا لە قۆناغی دیراسەکردندان و لە بەهاری ساڵی داهاتوودا ئەو سێ شوێنەوارە گرنگە نۆژەنکردنەویان دەست پێ دەکات .

* ئاستەنگێکی دیکە کە ڕێگرە لە بەردەم زیاتر ئاوەدانکردنەوەی ئامێدی و ناحییە و گوندەکانی، بوونی چەکدارانی پەکەکە و ئەو شەڕ و پێکدادانەیە کە لەگەڵ سوپای تورکیا لەم ناوچەیە ڕوو دەدەن، هەروەها تۆپباران و هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ ئەم دەڤەرە، ئایا تاچەند بوونی چەکدارانی پەکەکە ڕێگر بووە لە بەردەم ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی ئەم دەڤەرە و ناسەقامگیریی ئەمنی لە ئامێدی دروست کردووە؟

- بە شێوەیەکی گشتی چەندین دەڤەر و شوێن لە هەرێمی کوردستان و بەشێك لە سنووری پارێزگای دهۆکیش بە هۆی هەبوونی چەکدارانی پەکەکە و بەر بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا کەوتوون، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت کار و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی بەپێی پێویست تێدا ئەنجام بدات. لەو شوێن و سنوورانەی کە زۆرترین زیانی لەو ڕووەوە پێگەیشتووە سنووری قەزای ئامێدییە کە تا ئێستا (١٩٥) گوندی سنوورەکەمان نەتوانراوە ئاوەدان بکرێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئەو گوندانە جگە لەوەی ڕوویان لە ناحیە و سەنتەری قەزاکە کردووە، هاوکات بە هۆی چەکدارانی پەکەکە خەڵکی ئەو گوند و شوێنانە لە ڕووی کشتوکاڵی و باخداری و گەشتیاری زۆر زەرەرمەند بوون و کاریگەریی خراپی لەسەر قەزاکە هەبووە.

* لەبەر ئەوەی تۆپۆگرافیای ئامێدیی کۆن زۆر زەحمەتە فراوان بکرێت، لە داڕشتنی ماستەرپلانی ئامێدیدا هەوڵ درا ماستەر پلانەکە بە شێوەیەك بێت لە دەرەوەی ئامێدیی کۆن ماستەرپلانەکە فراوان بکرێت، بە هاوشێوەی هەردوو قەزای ئاکرێ و ڕواندز، ئایا تا چەند ئەم ماستەر پلانە جێبەجێ کراوە؟

**ئامێدی ناوەند و سەنتەری میرنشینی بادینان بووە و چەندین شوێنەواری گرنگی لێیە و شوێنەواری هەیە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش زایینی دەگەڕێتەوە**

**پڕۆژەی نەخۆشخانەی (١٠٠) قەرەوێڵەیی لە ناحیەی دێرەلوك بە بڕی (٦٤)ملیار دینار لەلایەن ڕێزدار مەسرور بارزانی بەردی بناغەی بۆ دانراوە و تا ئێستا (٥٨٪)ی جێبەجێ کراوە**

**بە هاوکاریی بەڕێوەبەری گشتیی وەربەرهێنانی پارێزگای دهۆك پڕۆفایلێکی تایبەت بۆ کار و پڕۆژەی گەشتیاری لە قەزای ئامێدی ئامادە کراوە، کە لەو پڕۆفایلەدا نزیکەی (٦٣) پڕۆژە دیاری کراون**

**لە بواری باخداریدا چەندین بەرهەمی نموونەیی هەن وەک سێو و ترێ و هەنار کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەرهەمی زۆر و جۆری باش و نایابە**

- وەك سەنتەری قەزای ئامێدی شوێنەوار و شوێنە مێژووییەکانی لەناو ماستەرپلانی ئامێدی دەستنیشان کراون و بۆ کەس نییە دەستکاریيان بکات، بەڵام لە ناو ئەو ماستەرپلانەی بۆ ئامێدی دروست کراوە لە بەشی خوارەوەی ئامێدیی کۆن شوێنی گونجاو بۆ بەرفراوانبوون و نیشتەجێبوون تەرخان کراوە و بەپێی ماستەرپلانەکە کار لەسەر ئاوەدانکردنەوە و بەرفراوانبوونی شارەکە کراوە، هاوکات لەناو ماستەرپلانەکەدا شوێنی گەشتیارییش دەستنیشان کراون و حکومەتی هەرێم لەو بەشی ماستەرپلانەی بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کراوە، توانیویەتی کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تێدا جێبەجێ بکات و بەرنامە و پلان بەردەوامە بۆ زیاتر گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە دانیشتووانی قەزای ئامێدی و هەموو ناحیە و سنوورەکەی .

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئامێدی یەکێکە لەو ناوچانە کە بایەخێکی زۆری پێ دراوە و چەندین پڕۆژەی گرنگی تێدا ئەنجام دراوە، بە تایبەتی دوای تەواوبوونی پڕۆژەی ئاو، دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورە و هەروەها پڕۆژەکانی ڕێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی دیکە، ئایا ئەو پڕۆژە گرنگ و دیارانە چین کە لە ماوەی چوار ساڵی کابینەی نۆیەم بۆ ئامێدی ئەنجام دراون؟**

- لەکابینەی نۆیەمدا لە سەردانی جەنابی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەزای ئامێدی ڕەزامەندی لەسەر چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری گرنگ و ستراتیژی دا و ئەو پڕۆژانە خۆشبەختانە هەر هەمووی کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووی کابینەی نۆیەم (١٩٧) پڕۆژە لە سنووری قەزای ئامێدی



چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە بە گوژمەی زیاتر لە (٣٠٠) ملیار دینار، لە هەموویان گرنگتر پرۆژەی وێستگەی کارەبای هایدرۆپاوەر بوو، ئەو پرۆژەیە (٪٩٦)ی تەواو بووە و پرۆژەی نەخۆشخانەی (١٠٠) قەرەوێڵەیی لە ناحیەی دێرەلوك بە بڕی (٦٤)ملیار دینار لەلایەن ڕێزدار مەسرور بارزانی بەردی بناغەی بۆ دانراوە و تا ئێستا (٪٥٨)ی جێبەجێ کراوە. ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزای ئامێدی کە کاریان لەسەر دەکرێت لە سێکتەری خزمەتگوزاریی جیاجیان وەك ڕێگاوبان، ئاو و ئاودێری، کارەبا، گەشتوگوزاری و پەروەردە و تەندروستی و.. هتد.

*** ئامێدی یەکێکە لە ناوچە گەشتیارییە جوانەکانی کوردستان و عێراق و لە سەرانسەری عێراقەوە گەشتیاران ڕوو لە هاوینەهەوارەکانی ئەم ناوچەیە دەکەن، ئایا بێجگە لەو ئاستەنگانەی چەکدارانی پەکەکە بۆ گەشتیاری لەم ناوچەیە دروستی کردوون، تاچەند بایەخ بە پرۆژە گەشتیارییەکانی ئەم ناوچەیە دراوە؟ ئایا ماستەرپلانی گەشتیاریتان بۆ ئەم دەڤەرە دارشتووە؟**

- سەرەڕای ئاستەنگ و بوونی چەکدارانی پەکەکە لەو سنوورەدا، یەکێك لە ئامانج و بەرنامەکانی کابینەی نۆیەم گرنگیدانە بە کەرتی گەشتوگوزاری بۆ ئەو مەبەستە و برەودان بەو بوارە بە هاوکاریی بەڕێوەبەری گشتیی وەربەرهێنانی پارێزگای دهۆك پرۆفایلێکی تایبەت بۆ کار و پرۆژەی گەشتیاری لە قەزای ئامێدی ئامادە کراوە، کە لەو پرۆفایلەدا نزیکەی (٦٣) پرۆژە دیاری کراون، ئەو پرۆژە گەشتیارییانە ئامادەن بۆ هەر وەربەهێنەرێك بیەوێت پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ بکات و هەندێك لەو پرۆژانەی ڕاگەیاندرابوون چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ نموونە تلیڤریکی چیای گارا و هۆتێلێکی

**ساڵی ڕابردوو جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ نیشاندان و بەبازاڕکردنی بەرهەمی میوەی هەرێمی کوردستان بۆ پاڵپشتیی جووتیارانی کوردستان سێوی سنووری قەزای ئامێدی وەک براندێک بە وڵاتانی دەرەوەی ناساند**





هاوچەرخی گەشتیاری لە ناحیەی سەرسەنگ کە تا ئێستا (٨٠٪)ی تەواو بووە و پڕۆژەی هوتێلی سۆلاف لە سەنتەری قەزای ئامێدی و چەندین پڕۆژەی گەشتیاری لە ناحیەی دێرەلوك ئێستا کاریان لەسەر دەکرێت.

*** بوونی ڕێگاوبانی باش هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ قەزای ئامێدی و پەرەپێدانی گەشتیاری، ئایا ئەو پڕۆژانەی ڕێگاوبان لەم دەڤەرە چین کە ئەنجام درابن و ئەوانەشی کە لە بەرنامەدان چین؟**

- بەپێی پلان و بەرنامەی کابینەی نۆیەم ڕێگاوبان گرنگی زۆر و تایبەتی پێ دراوە، چەندین پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی لە سنووری قەزای ئامێدی چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردن، بۆ نموونە لەو پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییانەی لەم سنوورە کاری لەسەر دەکرێت، تۆنێلی مەتینە بۆ بەستنەوەی ناحیەی سەرسەنگ و بامەڕنێ بە ناحیەی کانی ماسی و دەروازەی سەرزێڕێ نێودەوڵەتییە و ڕێگای دووسایدی دەروازەی سەرزێڕێ بۆ کانی ماسی دیزاینی تەواو بووە و لە قۆناغی یەکەمدا لە ئایندەیەکی نزیکدا هەشت کیلۆمەتری دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** ئامێدی وەك دەڤەرێکی کوێستان و سرووشتی، ژینگەیەکی لەبارە بۆ کشتوکاڵ بەتایبەتی میوەکانی وەك سێو، گوێز، کە تەواوی ئەو میوەیانە پێویستیان بە پلەی نزمی هەوا هەیە، هەروەها ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵی، ماسی، پەلەوەر، هەنگ، ئایا تا چەند لەم بوارانە وەبەرهێنان کراوە و پەرە بە کەرتی کشتوکاڵ دراوە؟**

- یەکێك لەو کەرتانەی لەو سنوورەدا زۆر گرنگە، کەرتی چاندنە بەتایبەت لە بواری باخداریدا چەندین بەرهەمی نموونەیی هەن وەك سێو و ترێ و هەنار کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەرهەمی زۆر و جۆری باش و نایابە، بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانی میوەجاتی زستانە بە هۆی نزمیی پلەی گەرما و سەرمای ناوچەکە زۆر شیاو و بەرهەمدارە هەر بۆ نموونە

**بەنداوی سپلە٢ لە گوندی گولی لە ناحیەی بامەڕنێ بە گوژمەی حەوت ملیار دینار دروست دەکرێت**



گوێز، لە ساڵی ڕابردوو جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ نیشاندان و بەبازاڕکردنی بەرهەمی میوەی هەرێمی کوردستان بۆ پاڵپشتیی جوتیارانی کوردستان سێوی سنووری قەزای ئامێدی وەك براندێك بە وڵاتانی دەرەوەی ناساند، هەر بۆیە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پلانێك هەیە بۆ زیاتر گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ، بەتایبەت مێوەجات لە قەزای ئامێدی و کەرتی ئاژەڵی و پەلەوەر و بەخێوکردنی ماسیش.

*** ئایا لە ئامێدی هیچ دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵا، زانکۆ، یان پەیمانگا هەیە، ئەگەر نییە ئایا لە بەرنامەتان هەیە وەك قەزاکانی دیکە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەم قەزایەش هەبێت؟**

- وەك بەشێکی زانکۆی دهۆك ئەوە کۆلێژی پەروەردەی بنیاد و پەیمانگای پۆلەتەکنیکی کە لە چوار بەش پێکهاتووە لە قەزای ئامێدی هەیە، بەڵام تمووحی ئێمە لەوە زیاترە کە لەو سنوورە بەرفراوانە زانکۆیەك، یان چەند کۆلێژێکی دیکەی لێ بکرێتەوە .

*** بایەخدان بە پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو و دروستکردنی بەنداو هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەڤەری ئامێدی، ئایا هیچ بەنداوێك لە سنووری قەزای ئامێدی هەیە؟ یان هیچ هەنگاوێك بۆ دروستکردنی بەنداو لەم دەڤەرە هەیە؟**

- لە چوار ساڵی ڕابردووی کابینەی نۆیەمدا کار لەسەر چەندین پرۆژەی بەنداو و پۆنت لە سنوورەکە کراوە، لەوانە بەنداوی سپلە٢ لە گوندی گولی لە ناحیەی بامەڕنێ بە گوژمەی حەوت ملیار دینار دروست دەکرێت، هەروەها نۆژەنکردنەوەی بەنداوی بێدەهی کە لە ساڵی ٢٠١١ دروست کراوە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانەی هەیە، ئێستا کاری نۆژەنکردنەوە تێیدا دەستی پێ کردووە و سێ بەنداوی بچووك لە گوندی سیداڤە و زێوە لە ناحیەی بامەڕنێ ئێستا کاریان تێدا دەکرێت و پلان هەیە دوو بەنداوی دیکەی گەورە لە سنووری قەزای ئامێدی دروست بکرێت.

**سێ بەنداوی بچووک لە گوندی سیداڤە و زێوە لە ناحیەی بامەڕنێ ئێستا کاریان تێدا دەکرێت و پلان هەیە دوو بەنداوی دیکەی گەورە لە سنووری قەزای ئامێدی دروست بکرێت**



د.کاروان سەباح هەورامی بۆ گوڵان:

# کابینەی نۆیەمی حکومەت چوار بەنداوی دروست کردووە و ٤١ پۆندیش چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە

**بەنداوی گۆمەسپان**

**لە قۆناغەکانی تەواوبوون نزیک بووەتەوە**

# نزیکەی ٢٠ پۆند لە دەوروبەری هەولێر بڕیاری جێبەجێکردنی دراوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی و، وەکو بەشێك لە ستراتیژیەتی پلانی حکومەت بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، ژمارەیەك بەنداوی دروست کردووە، بڕیاری دروستکردنی چەند بەنداوی دیکەشی داوە. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی ئەم بەنداوانە و گۆڕانکاریی کەشوهەوا و خراپی و کەمبوونەوەی ئاستی ئاو، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ کاروان سەباح هەورامی بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ساز دا

*** گۆڕانکاری لە شێوازی ڕیتمی بارانبارین و کەمبوونەوەی بەفربارین بارودۆخێکی مەترسیداری لێ کەوتووەتەوە، ئێوە وەکو لایەنی پەیوەندیدار بە سەرچاوەکانی ئاو، چۆن دەڕواننە ئەم دیاردە مەترسیدارە، بەتایبەتی باس لە دابەزینی زۆری ئاستی ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات و لقەکانیان دەکرێت؟**

- لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بە گشتی وشکەساڵیی وای بە خۆیەوە نەبینیوە، جگە لە ساڵی ٢٠١٩ نەبێت. دابارینی باران و بەفر زۆر ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە، جاری وا هەیە، لە چەند مانگی وەرزی زستانیشدا باران نابارێت، خۆی لە خۆیدا دابارینەکە بە ڕیتمی ئاسایی خۆی نییە، ئەوەتا مەترسییەکە بە ڕوونی لە کەمبوونەوەی ئاستی هەر دوو ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات و لقەکانی لە هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتووە، بەمەش دیجلە و فورات لە دوو کەناڵی ئاوی دەچن، نەوەکو دوو ڕووباری گەورە، بۆیە ئەگەر ئاوی ئەمبارکراوی ناو بەنداوەکان نەبێت کە لە وەرزی کەم باراندا بەردەدرێتەوە، ئەوا بە تەواوەتی ئەم دوو ڕووبارە گەورەیەی عێراق وشك دەبن، کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی دۆخی ژیان و بژێوی هاووڵاتیانی لە سەرانسەری عێراقدا خستووەتە بەر مەترسییەکی گەورەوە و، ڕەنگە لە ماوەیەکی زۆر کەمتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، گۆڕانکاری لە کەشوهەوا و ژیانی هاووڵاتیان و بگرە تۆپۆگرافیای دانیشتووانی ناوچەکەدا دروست ببێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دابینکردنی ئاو بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئاوی خواردنەوە و پاکوخاوێنیی ئاوی خواردنەوەش دەبێت.

**مەترسییەکە بە ڕوونی لە کەمبوونەوەی ئاستی هەر دوو ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات و لقەکانی لە هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتووە**

*** کەواتە ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام ساڵ لە دوای ساڵ ڕووبەڕووی وشکەساڵیی زیاتر و کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی دەبینەوە، دەکرێت بزانین زۆرترین کاریگەرییە خراپەکانی ئەم دیاردەیە چییە؟**

- وەکو ئاماژەم پێ دا، سەرجەم بوارەکانی ژیان و بژێوی ژیان دەکەوێتە بەر مەترسییەکی گەورە، هەر لە کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە و دابینکردنی ئاو بۆ کشتوکاڵ و پیشەسازی تاوەکو مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و خراپبوونی دۆخی تەندروستیی مرۆڤەکان، کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبار و زێیەکان کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەویش دروست کردووە و پیسبوونی ژینگە و تێکچوونی تەندروستیی مرۆڤی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر تێچوون و

**ڕەنگە لە ماوەیەکی زۆر کەمتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، گۆڕانکاری لە کەشوهەوا و ژیانی هاووڵاتیان و بگرە تۆپۆگرافیای دانیشتووانی ناوچەکەدا دروست ببێت**

**کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبار و زێیەکان کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەویش دروست کردووە و پیسبوونی ژینگە و تێکچوونی تەندروستیی مرۆڤی بە دوای خۆیدا هێناوە**

بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش کردووە، دیاردەی وشکەساڵی و کەمئاوی زیانی بۆ سەر بەبیابانبوونی زەوی و دیاردەی خۆڵبارین و سوێربوونی خاکیش بەتایبەتی لە باشووری عێراق هەیە، ئەمە لە کاتێکدا تا دێت ژمارەی دانیشتووان ڕوو لە زیادبوون دەکات و خواست لەسەر ئاوی شیرین بە ڕێژەیەکی زۆر مەترسیدار ڕووی لە زیادبوون کردووە و، تەنانەت کاریگەریی لەسەر کۆچکردنیش کردووە، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر گرنگی بە دروستکردنی بەنداوەکان نەدەین، ئەوا بارودۆخەکە زیاتر ڕوو لە خراپی دەکات و دۆخەکە گەشبین نییە و لە بەردەم مەترسییەکی گەورەداین، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەرووی ٤٠ ملیۆن کەس و هەڵکشانی خواست و بەکارهێنانی نازانستییانەی ئاو لەگەڵ خراپ ئیدارەدانی ئاو، مەترسییەکەی ئاڵۆزتر کردووە.

**دیاردەی وشکەساڵی و کەمئاوی زیانی بۆ سەر بەبیابانبوونی زەوی و دیاردەی خۆڵبارین و سوێربوونی خاکیش بەتایبەتی لە باشووری عێراق هەیە**

*** ئاماژەت بە یەکێك لەو ڕێگەیانە کرد کە دەگیرێتەبەر و پارێزگاری لە ئاوی ژێر زەوی دەکات، ئەویش دروستکردنی بەنداوەکانە، ئایا لەم ڕووەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو چ هەنگاوێکتان ناوە؟**

- ئەگەر ئاوی ئەمبارکراوی ناو بەنداوەکان نەبێت، ئەوا ئاوی دیجلە و فورات ناگاتە قورنەش لە پارێزگای بەسرە، بەتایبەتی ئاوی بەنداوی مووسڵ بە پلەی یەکەم و دواتر بەنداوەکانی دیکەی دووکان و دەربەندیخان و حەدیسە و نزماییەکانی دەستکردی سەرسار دێت، لەو لاشەوە وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیا سیاسەتێکی وایان پەیڕەو کردووە کە زیانی گەورەی بە پشکی دەوڵەتی عێراق لە ئاوی شیرین گەیاندووە، لە کاتێکدا ناوچەکە بە قۆناغێکی گۆڕانی ئاو و هەوای پڕ مەترسیدار تێپەڕ دەبێت، دووبارەبوونەوەی دیاردەی وشکەساڵی و کەمیی ڕێژەی باران و بەفربارین و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما زیادبوونی دیاردەی بە هەڵمبوون، کۆمەڵە هۆکارێکی دیکەیە کە لە دەسەڵاتی کەسدا نییە و پەیوەندی بە گۆڕانکاریی کەشوهەوای گۆی زەوییەوە هەیە. بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان بە جۆرێك لە جۆرەکان سوودی بۆ هەموو عێراق هەیە، چ لە بەردانەوەی ئاوەکەی بێت لە وەرزی کەم بارین، یان لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە بێت، کە دوا جار هەناردەی بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرێت، لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ڕێککەوتوون کە چوار بەنداو لە هەرێمی کوردستان دروست بکەن، ئەویش بەنداوەکانی (دەڵکە و مەنداوە و باکرمان و تەق)ـە، هیوادارین حکومەتی فیدراڵی پابەندی ئەرکەکانی خۆی بێت، بەتایبەتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری گەورەی عێراق بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەم ئاوی، کەچی حکومەتی عێراق پابەندی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی نەبووە و هیچ هاوکارییەکی هەرێمی کوردستانی لە کەرتی ئاودا نەکردووە .

**ئەگەر گرنگی بە دروستکردنی بەنداوەکان نەدەین، ئەوا بارودۆخەکە زیاتر ڕوو لە خراپی دەکات و دۆخەکە گەشبین نییە و لە بەردەم مەترسییەکی گەورەداین**

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك هەنگاوی گەورە و ستراتیژی بۆ بونیادنانی ژمارەیەك بەنداو و دروستکردنی پۆند و پرۆژەی ئاودێری نراوە، کە جێگەی ئومێد و گەشبینییەکی زۆرە، ئایا تا چەند دروستکردنی ئەم بەنداوانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تەحەدییە گەورەیەی وشکەساڵی گرنگن؟**


- ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە کارنامە وەزارییەکەی و دواتر لە ڕووی پراکتیکییەوە زۆر جددی بووە لە بایەخدان بە کەرتی ئاو و دروستکردنی بەنداو و پۆند و ئیدارەدانی زانستییانەی ئاو، کابینەی نۆیەمی حکومەت وەرچەرخانێکی گەورەی کرد لە بواری دروستکردنی بەنداو و پۆندەکاندا، ئەوەتا سەرەڕای ئەو هەموو گەمارۆ و قەیرانە داراییە، کەچی بەفەرمانی سەرۆکی حکومەت چوار بەنداو تەواو کراون و چەندین بەنداوی دیکەش لە قۆناغی جێبەجێکردندان و بە دەیان پۆندیش دروست کراون و ٤١ پۆندی دیکەش چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم کارە گەورە و ستراتیژییانە لە ناو ئەم قەیرانە داراییەدا ئیرادە و خۆڕاگریی سەرۆکی حکومەت دەردەخات بۆ خزمەتکردنی کوردستان و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، تەنانەت بەم پۆند و بەنداوانە لەگەڵ کۆمەڵێك بەرنامە و ڕێکاری دیکە توانرا ڕێگە لە کەوتنەوەی لافاو بگیرێت،

**وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا سیاسەتێکی وایان پەیڕەو کردووە کە زیانی گەورەی بە پشکی دەوڵەتی عێراق لە ئاوی شیرین گەیاندووە**

**بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان سوودی بۆ هەموو عێراق هەیە، چ لە بەردانەوەی ئاوەکەی بێت لە وەرزی کەم بارین، یان لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە بێت**

بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێردا، لە ئێستاشدا بڕیاری جێبەجێکردنی نزیکەی ٢٠ پۆند لە دەوروبەری هەولێر دراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی لە وەرزی بارانبارینەدا کۆ دەبێتەوە، پێش ئەوەی بگاتە شاری هەولێر و کارەساتی لافاوی لێ بکەوێتەوە، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پۆندەکانەوە ئەمبار بکرێت و بۆ بەرزکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی سوودی لێ وەربگرین و مەترسییەکانی لافاو کەم بکەینەوە.

*** ئایا دروستکردنی ئەم پۆندانە لە گوندەکانیش جێبەجێ دەکرێت؟ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تا چەند ئامادەیی تێدایە هاوکاریی ئەو گوندنشینانە بکات کە خوازیاری دروستکردنی پۆندە هەرەوەزییەکانن؟**



- پۆندە هەرەوەزییەکان یەکێکی دیکەی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ گوندنشینەکان و برا جووتیارەکان، بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی هەر گوندێك ئامادەییان تێدا بێت و خۆیان پۆندێك دروست بکەن بۆ سوودی گشتی و سوودی چەند جووتیارێك، ئەوا حکومەت ئامادەیە تیمی زانستی و سەرپەرشتیی ئەندازیاری و هەموو پشکنینەکانی خاکی شوێنەکە و دیزاینی پۆندەکە لە ئەستۆ بگرێت و، دوای تەواوبوونی پۆندەکەش بڕێك پارەی کاش دەگەڕێنینەوە بۆ خەڵکی گوندەکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە لە ٦٠٪ی خەرجی پۆندە هەرەوەزییەکان لە گوندەکان لە ئەستۆ بگرێت، بەمەش پاڵپشتییەکی باشی برا جووتیارەکان دەکرێت و ئێستا ئەو بیرۆکەیە پێشنیار کراوە و زۆرێك لە ڕێکخراوە جیهانییەکانیش، بەتایبەتی ڕێکخراوی یونیسێف ئامادەیی بەشداریکردنی لە دروستکردنی پۆندە هەرەوەزییەکاندا دەربڕیوە، لەمبارەیەوە سێ پۆندی هەرەوەزی لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك لە نێوان حکومەت و یونیسێف و خەڵکی گوندەکاندا دروست دەکەین، هەر لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف سەرقاڵی تاقیکردنەوەیەکی نوێین بۆ ئەوەی ئاوی سەر زەوی بگوازینەوە بۆ ناو ئەمبارە گەورەکانی ئاوی ژێر زەوی، ئەمەش لە ڕێگەی چەند بیرێکی دەستکرد و فلتەرکردنی ئەو ئاوەوە دەبێت کە لە کاتی لافاوەکاندا دروست دەبێت و دواتر بیگوازینەوە بۆ ئاوی ژێر زەوی بۆ ئەوەی هاوکاریی بووژانەوەی ئەمبارەکانی ئاوی ژێر زەوی بکەین، کە بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار ئاستی ئاوەکەی دابەزیوە، ئەگەر ئەم پڕۆژەیە دوای تاقیکردنەوە سەرکەوتوو بوو، لەسەرجەم شارەکانی کوردستان دووبارە دەکرێتەوە، پڕۆژەیەکی دیکەشمان لە بەردەستدایە بۆ بووژانەوەی ئاوی کانییە وشك بووەکان کە پڕۆژەیەکی زانستییە و بە سوودوەرگرتن لەگەڵ تیمێکی شارەزای بەڕازیلی جێبەجێ دەکرێت، لە ئێستاشدا ئەم پڕۆژە نوێیە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

**سەرەڕای ئەو هەموو گەمارۆ و قەیرانە داراییە، کەچی بەفەرمانی سەرۆکی حکومەت چوار بەنداو تەواو کراون و چەندین بەنداوی دیکەش لە قۆناغی جێبەجێکردندان و بە دەیان پۆندیش دروست کراون**

**لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسێف سەرقاڵی تاقیکردنەوەیەکی نوێین بۆ ئەوەی ئاوی سەر زەوی بگوازینەوە بۆ ناو ئەمبارە گەورەکانی ئاوی ژێر زەوی**




فەرەیدون کەریم مەلەک
بۆ گوڵان:

# تاوانەکانی بەعس دژی کوردانی فەیلی خەسڵەتی تاوانی نێودەوڵەتیان وەرگرتووە

# شاڵاوی ڕاگواستنی کوردانی فەیلی بۆ ناوچە عەرەبییەکان و تەعریبکردنی ناوچەکانیان، هیچی لە شاڵاوی بە زۆرەملێ ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران کەمتر نییە

**مێژووی عێراق پڕیەتی لە کارەساتی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی دژ بە کورد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم دەوڵەتە هەر لە دامەزراندنیەوە لەسەر بنەمایەکی شارستانی و ڕێکوپێك دانەمەزراوە و هەر زوو کەسان و گرووپی شۆڤێنی باڵادەستیی خۆیان لەسەر لایەنی تەشریعی و جێبەجێکاری لە ناو دەوڵەتی عێراقدا زاڵ کردووە، تراژیدیای کوردانی فەیلی یەکێکە لەو زنجیرە جینۆسایدەی دژ بە پێکهاتەی کورد لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بە پیلانێکی ڤێزەوەن ئەنجام دراوە و دەچێتە قاڵبی تاوانە نێودەوڵەتی و جینۆسایدەکانەوە. سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناسانی کوردانی فەیلیدا ئەو تاوانەی بە بیر گەلانی دونیا هێنایەوە و داوای کرد تەواوی مافەکانی کوردانی فەیلی لە عێراقدا بگەڕێتەوە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ فەریدون کەریم مەلەك ئەرکوازی، توێژەر و کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردی فەیلی ساز دا. ناوبراو بەڕێوەبەری پێشووی ناوەندی ڕۆشنبیریی فەیلی و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکانی (فيلي، اراء، افاق كوردية) بووە. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** با سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، بەو پێیەی توێژەریت و شارەزاییت هەیە لە مێژووی عێراق و هەموو ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە لەم وڵاتە ئەنجام دراون، بەتایبەتی ئەو جینۆسایدەی بەرانبەر کوردانی فەیلی لە ساڵەکانی ١٩٧٠ تاوەکو ١٩٨٨ ئەنجام دراون، ئایا ئەم تاوانەی بەعس دەچێتە چ شێوازێکی پاکتاوکردنەوە؟**

- کوردانی فەیلی لە عێراقدا بە پاساوی «التبعية الايرانية» ڕووبەڕووی بە زۆرەملێ ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران و جینۆسایدکردن بوونەوە، لە کاتێکدا کوردی فەیلی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ناوەڕاست و خواروەی عێراق خاوەنی سرووشت و خەسڵەتێکی مەدەنی و ئاشتیخواز بوون و، سەرقاڵی بازرگانیکردن و پیشە و خوێندن و فەرمانبەری بوون، ئەوان بۆ خۆدزینەوە لە ڕاپێچکردنی گەنجەکانیان بۆ خزمەتی سەربازی لە ناو سوپای عوسمانی کە بەزۆرە ملێ دەبرانە شەڕەکانی بەلقان و ئەورووپا و لەوێشەوە سۆراخی کوڕەکانیان نەدەهاتەوە، بابەتی (التبعية الايرانية) بۆ خۆیان خولڤاندیان، تاوەکو بەم پاساوە کاری سەربازی بۆ دەسەڵاتی عوسمانی نەکەن، بۆیە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق وەکو تۆڵەکردنەوەیەك لەم پێکهاتەیەی کورد و بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی تەعریب لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە بە تاك و خێزان ئەم ڕاپێچکردنەی بە زۆرەملێی کوردانی فەیلی بۆ ئێران دەستیان پێ کردووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی کوردان کە پێی دەوترا (حي الاكراد) کە جێگای کەسایەتی و کادیرە بەناوبانگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی بوو، ئەو گەڕەکە کەوتە بەر شاڵاوێکی بێ بەزەیی و بەربڵاوی موخابەرات و سەدان کادیری ئەو دوو حزبە بێسەروشوێن کران. لە سەردەمی ڕەشید عالی گەیلانی شاڵاوەکە زیادی کرد و لە ساڵی ١٩٧٠ و بەرنامە بۆ دارێژراو بوو، واتا پێش هەڵمەتە گەورەکەی بە زۆرەملێ

**حکومەتی عێراق دەبووایە داوای لێبووردنی لە کوردانی فەیلی بکردایە و قەرەبووی بکردنایەوە**

**حزبی بەعس ددانی بەوەدا ناوە کە زۆر لە کوردانی فەیلی لەناو زیندانەکاندا لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافیان بە هەندێک تاوان کردووە کە ئەوان ئەنجامیان نەداوە**

**بارزان تکریتی کە نوێنەری عێراق بوو لە ناو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، خۆی دڕندەترین کەسایەتیی ناو موخابەراتی عێراق بوو، دەستێکی گەورەشی لە جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەبوو**

ڕاپێچکردنیان بۆ ئێرانیش لە ساڵی ١٩٨٠ ئەم شاڵاوە هەر هەبووە و بەردەوام گەنج و کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردانی فەیلی ڕووبەڕووی هەڵمەتی دەستگیرکردن و ڕاپێچکردنی بە زۆرەملێ بۆ ئێران دەبوونەوە، ئەمەش هەمووی لەبەر کوردبوونیان بووە، ئەم تاوانەش خەسڵەتێکی جینۆسایدی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، چونکە دژی نەتەوەیەك لە لایەن ڕژێمێکەوە ئەنجام دراوە و بۆ پاکتاوکردنیان بووە، مەگەر نازییەکان بەرانبەر بە جووەکان ئەم کارەیان لە مێژوودا کردبێت. ئەمە دژی هەموو مادده و بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ بووە، بارزان تکریتی کە نوێنەری ڕۆژهەڵاتی عێراق کە بە ناوچەی دەوڵەمەندی نەوت و گازی سرووشتی و کانزا و جوگرافیایەکی دەوڵەمەند دادەنران، هۆکاری پلە یەکی تاوانەکە بوو. لە ١٩٨٠ بەعسییەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات لە سەروبەندی خۆئامادەکردن بوون بۆ جەنگی ئێران و مەترسیی زۆریشیان لە کوردانی فەیلی هەبوو، کە بەشی هەرە زۆریان وەلائی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییان هەبوو، بۆیە زیاتر لە نیوملیۆن کوردی فەیلییان بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کرد و ژمارەیەکی دیکەشیان کە خۆیان لە ٢٢ هەزار گەنج دەدا ڕاپێچی زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرەسەلمان و



**لە ساڵانی هەشتاکاندا لەلایەن یەکەی سەربازیی ژمارە ٥٠١٣ی حەرەس جمهورییەوە تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییان لەسەر ژمارەیەک کوردی فەیلی و بارزانییەکان ئەنجام دا**

عێراق بوو لە ناو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، خۆی دڕندەترین کەسایەتیی ناو موخابەراتی عێراق بوو، دەستێکی گەورەشی لە جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەبوو.

*** کەواتە ئەم هەڵمەتەی جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە بۆ بیانووی (التبعية الايرانية) و پاساوی ڕووداوەکەی تەقینەوەکەی زانکۆی موستەنسرییە؟**

- پاساوەکان هەر چییەك بێت بۆ پەلاماردانی کوردانی فەیلی، ناتوانرێت ئەو ڕاستییە بشاردرێتەوە بەوەی بوونی ڕێژەیەکی زۆری کورد لە بەغدا و لە ناوچە سەرسنوورییەکانی زیندانەکانی دیکەی موخابەرات کرد و لەوێشەوە بێسەروشوێن کران و، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئێسك و پرووسکیان دیار نییە. جینۆسایدی گەورەی کوردانی فەیلی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٨٨ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمە کە جیهان لە دژی ئێران بەرانبەر تاوانەکانی بەعس بێدەنگ بوون. لە ساڵانی هەشتاکاندا لەلایەن یەکەی سەربازیی ژمارە ٥٠١٣ی حەرەس جمهورییەوە تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییان لەسەر ژمارەیەك کوردی فەیلی و بارزانییەکان ئەنجام دا، زۆر لە کوردانی فەیلی لە ناو زیندانەکاندا بە هۆی ئەشکەنجەدان و

سزادانی توند بە ناچاری ددانیان بە لایەنگرییان بۆ حزبی دەعوە و هەندێك تاوان ناوە، کە دواتر حزبی بەعس خۆی ددانی بەم ڕاستییە ناوە و خانەنشینی بۆ خێزانەکانیان بڕیوەتەوە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس پەردە لەسەر هەموو ئەو تاوانە هەڵدرایەوە و دەرکەوت تەنیا لە بەر کوردبوونیان ئاوایان بەسەر هاتووە، ئەوەتا لەو سەردەمانەشدا ژمارەیەکی زۆری عەرەبی شیعە لە عێراقدا بوون و بەو شێوەیە وەکو کوردی فەیلیان بە سەردا نەهات.

*** لە ناو شۆڕشی ئەیلوول کوردانی فەیلی و کەسایەتییە ناسراوەکانیان تا چەند خاوەن پێگە و ناسراو بوون، بەو پێیەی باسی ئەم ڕۆڵەت کرد کە هەر ئەمەش بوو وای کرد بەعسییەکان هەموو ئەو ڕق و قینەتان بەرانبەر ئەنجام بدەن؟**

- جینۆسایدی کوردانی فەیلی جگە لە زیانە کەسی و خێزانییەکان و شەهیدبوون و کەمئەندام و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانیان، زیانی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بۆ گەلی کورد دروست کرد، بۆ نموونە زۆربەی ئەو کوردانەی فەیلی کۆچی بە زۆرەملێیان کرد بۆ ئێران، گرفتی زمان و غەریبی لە تاراوگە و توانەوەیان لە ناو کۆمەڵگەکانی هەندەرانی لێ کەوتەوە، گەنجەکانی کوردی فەیلی لە ناو ڕێکخستنەکانی هەر دوو حزبی پارتی و شیوعیدا بوون، ئەوان ڕۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشدا هەبوو. ژمارەیەکی زۆری بازرگان و پیشەوەرانی فەیلی هاوکاریی شۆڕشیان کردووە، جەعفەر محەمەد کەریم لە کادیرە ناسراو و دامەزرێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، براکەی حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵڵا فەیلی و سەید جەلیل فەیلی و زەکیە ئیسماعیل حەقی فەیلی کەسانی نەتەوەیی بوون. ڕاستە کوردانی فەیلی بە مەزهەب شیعەن، بەڵام ئەوان کوردبوونی خۆیان ڕەت ناکەنەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو کوردەکانی فەیلی ڕووبەڕووی دوو شاڵاوی ڕاپێچکردنی نێوخۆیی بۆ خوارووی عێراق و بۆ ئێران بوونەوە ئەوان لە خانەقین و بەدرە و زرباتییە ڕاگوازرانەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان و هۆزە عەرەبەکان نیشتەجێی ناوچەکانیان کرا.

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بۆچی کەیسی جینۆسایدی کوردی فەیلی لەلایەن عێراقەوە وا پشتگوێ خراوە و نەتوانراوە کوردانی فەیلی ئەو پێگە و دەسەڵاتەیان بۆ بگەڕێتەوە؟**

- حکومەتی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣دا دەبووایە داوای لێبووردنی لە کوردانی فەیلی بکردایە، کەچی جگە لە قەرەبوویەکی کەمی ژمارەیەکی زۆر کەمی کوردی فەیلی نەبێت، زۆرینە بێ ڕەگەزنامە و گەڕانەوەی ماڵ و حاڵیان مانەوە، هەندێکیان کەوتنە ناو دادگایەکی تاقەتپڕووکێنی هەیئەی ناکۆکیی موڵکایەتیی عێراقی (النزاعة الملكية) و ئەم دادگایەش ناتوانێت مافەکانی کوردانی فەیلی بۆ گەڕانەوەی ماڵ و موڵکەکانیان بسەلمێنێت، چونکە حزبی بەعس زۆر بە وریایی و بە پلاندانان کارەکانی دەکرد، بۆ نموونە خانوویەکی کوردی فەیلی بە سەر کارمەندەکانی موخابەرات بە نرخێکی کەم دەفرۆشت و ئەویش ئەم دەست و ئەو دەستی پێوە دەکرد، هەر خۆی لەخۆیدا لەبەر کوردبوونیان و مانەوەیان لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، دەسەڵاتدارانی عێراق کەیسەکەیان فەرامۆش کرد، لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی تاوانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر کوردی فەیلی کە بە جینۆساید ناسێندرا، هیچ بڕیار و ڕاسپاردەیەکی دیکە لە بەرژەوەندیی کوردی فەیلی نەبووە.


*** لە دوا کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی تاوانی کوردانی فەیلی، تا چەند ئومێدێکتان بۆ گەڕایەوە کە جارێکی دیکە گرنگی بە ناساندنی جینۆساید و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان بدرێت؟**

- کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی تایبەت بە جینۆسایدی کوردی فەیلی گرنگن، من خۆم بەشدار بووم لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی، بەڵام دەبێت هەیئەیەك یان دامەزراوەیەك بۆ کوردانی فەیلی دامەزرێت بۆ ئەوەی بە دوای چارەسەرکردنی گرفت و یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان بچن و حکومەتی عێراق بخرێتە بەردەم ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە کە لە کۆی ١٣ ملیۆن دانیشتووانی ئەو سەردەمەی عێراق نیو ملیۆن مرۆڤ کەوتە بەردەم شاڵاوی جینۆساید و سڕینەوەی ناسنامە و بوونیان.

**گەنجەکانی کوردی فەیلی لە ناو ڕێکخستنەکانی هەر دوو حزبی پارتی و شیوعیدا بوون، ئەوان ڕۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشدا هەبوو**

**ڕاستە کوردانی فەیلی بە مەزهەب شیعەن، بەڵام ئەوان کوردبوونی خۆیان ڕەت ناکەنەوە**

**لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی تاوانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر کوردی فەیلی کە بە جینۆساید ناسێندرا، هیچ بڕیار و ڕاسپاردەیەکی دیکە لە بەرژەوەندیی کوردی فەیلی نەبووە**




**جۆن کالابرێس**

**وانەبێژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە زانکۆی واشنتۆن دی سی بۆ گوڵان:**

# ڕووخاندنی ڕژێمی تاڵیبان و سەدام حوسێن دوو شەڕی ڕەوا بوون، بەڵام مامەڵەکردنی دوای شەڕەکە بۆ ئەمریکا شەرمەزاری بوو

**جۆن کالابرێس وانەبێژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی، پێشتریش بەڕێوەبەری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- ئاسیا بووە لە هەمان زانکۆ و شارەزا و تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** لە سایەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢١)، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕانکارییەکی گەورە و گرنگی بەسەردا هات، ئەوە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێچکە و ڕێبازێکی جیاوازی گرتەبەر لە بەرانبەر هاوپەیمانەکانیدا و، دواتر سەرۆك بایدن بەڵێنی دا کە سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ پێچەوانە بکاتەوە، بەڵام هێشتا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لەم سیاسەتەدا نەهێناوەتە ئاراوە، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن سەرۆکایەتیی ترەمپ و دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا گۆڕانکارییان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دروست کردووە؟**

- هەرچەندە من تەواو لەگەڵ پرسیارەکەی ئێوە هاوڕا نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك باس لە بەڵێنی سەرۆك بایدن بۆ پێچەوانەکردنەوەی سیاسەتەکانی سەرۆك ترەمپ دەکەن و دەڵێن هێشتا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لەم سیاسەتەدا بەدی نەهێناوە، هەرچۆنێك بێت بە دڵنیاییەوە داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە پاڵنەرێك بوو کە بووە هۆی یەکخستنی هەڵوێستەکانی نێوان ئەمریکا و هاوبەشە ئەوروپییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەی بایدن بە چەشنێکی کارامە کاردانەوەی هەبووە لە بەرانبەر دەستدرێژییەکەی ڕووسیا و یەکخستن و چالاککردنەوەی هاوپەیمانێتیی ناتۆ، کەواتە ئەم هەوڵانەی خراونەتەگەڕ و ئەو دەرئەنجامانەی ئیدارەی بایدن بەدەستی هێناون لە چالاککردنەوەی هاوپەیمانێتیی ئەتلانتیك، جیاوازییەکی بەرچاون بەراورد بەو ڕێچکەیەی ترەمپ گرتیە بەر و ئەو کاردانەوانەی ورووژاندنی،

**ئەو دەرئەنجامانەی ئیدارەی بایدن بەدەستی هێناون لە چالاککردنەوەی هاوپەیمانێتی ئەتلانتیک، جیاوازییەکی بەرچاون بەراورد بەو رێچکەیەی ترەمپ گرتیە بەر**

**هەڵکشانی چین و هیندستان هاوشان بە زیادبوونی ئەوەی پێیان دەوترێت «هێزە ماماوەندەکان» نەخشەیەکی زۆر ئاڵۆزتری جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابووریان هێناوەتەئاراوە**

**پێویستە ئەمریکا ئابووریی وڵاتەکەی ببووژێنێتەوە و رێگاچارەیەک بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەبووە ناوخۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی**

**لە رووی هێزی گشتگیرەوە هێزێک نییە هاوشانی ئەمریکا لەم قۆناغە راگوزەرییەی کە لە ئێستادا کاروبارە جیهانییەکانی پێدا تێدەپەڕێت**

هەروەها بەرفراوانبوونی پەکین پاڵنەرێك بوو کە هاوشان بوو بە گرتنەبەری دیپلۆماسیەتێکی بوێرانە و داهێنانکارانە لەم دواییەدا و، لەلایەن سەرۆك وەزیرانی یابان شینزۆ ئابێ جارێکی دیکە ژیانی بەخشییەوە بە چەمکی «کرانەوە و ئازادی لە هەردوو زەریای هێمن و هیندی»، کە ئیدارەی ترەمپ پیادەی کرد، ئیدارەی بایدن کاری لەسەر ئەم بناغەیە کردووە. ئەوەتا دوای ئەوەی بایدن دەسەڵاتی گرتووەتە دەست لە کۆشکی سپیدا، هاوپەیمانییە دووقۆڵییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ژاپۆن، کۆریای باشوور، فلیپین، و ئوسترالیا بەهێزتر بووە، نەك لاوازتر، لەوەش زیاتر پێداچوونەوە کراوە بە بونیادی تەقلیدیی سیستمی هاوپەیمانێتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاسیا، لەگەڵ دروستکردن و یان دووبارە هێنانە ئارای کۆمەڵە چەند لایەنەکان وەك پەیماننامەی ئەمنیی نێوان ئەمریکا و ئوستراڵیا و بەریتانیا، و دیالۆگی ئەمنیی چوارلایەنە لە نێوان ئەمریکا و ژاپۆن و هیندستان و ئوستراڵیا.

*** ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت ئەوەیە کە جیهان بەرەو حاڵەتی فرەجەمسەری دەچێت، ئەمەش ئاماژەیە بە کۆتاییهاتنی رۆژگاری تاکە هێزی باڵا و شەڕی سارد، لە ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رێی ناتۆوە، پاڵپشتییەکی بەرچاوی دەستەبەر کردووە بۆ ئۆکرانیا کە لەگەڵ رووسیا لە شەڕدایە، لە هەمان کاتدا پێدەچێت رکابەرییەکی هاوشێوەی شەڕی سارد لە نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دروست بوویێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پەرەسەندنانە، ئایا دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە تێیدا ئەمریکا هێزی باڵادەست بێت؟**

- ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا من ماندوو بووم لەو مشتومڕەی باس لە داکشانی ئەمریکا و پرسی فرەجەمسەری دەکات، بەڵام لێرەدا چەند بیرۆکەیەك دەخەمەڕوو.

یەکەم: دەکرێت بڵێین کە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشتبێتە لوتکەی هێزی خۆی، هەرچۆنێك بێت، هیچ کەسێکی جددی مشتومڕی ئەوە ناکات کە بەدەستهێنانی ئەم پێگەیە لەلایەن ئەمریکاوە (یان تاکجەمسەری) نۆرمێك بێت، یان خەسڵەتێکی هەمیشەیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بێت.

دووەم: هەڵکشانی چین و هیندستان هاوشان بە زیادبوونی ئەوەی پێیان دەوترێت «هێزە ماماوەندەکان» نەخشەیەکی زۆر ئاڵۆزتری جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابووریان هێناوەتەئاراوە، لە نێو جەرگەی ئەم گۆڕانکارییانەدا پێویستە سەرکردە ئەمریکییەکان ئەولەوییەت و مەزندەکان و سیاسەتی دەرەوە بگۆڕن. سەرباری ئەوەش، پێویستە ئەمریکا ئابووریی وڵاتەکەی ببووژێنێتەوە و رێگاچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەڵەبووە ناوخۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی، لە هەمان کاتدا پێویستە ئەمریکا پەیوەندییەکانی خۆی بپارێزێت لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی، شانبەشانی پەرەپێدانی هاوبەشییەکی مرونەتئامێز و لەسەر بنەمای پرسەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی و کاریگەربوون لەسەر دەرئەنجامەکان.

سێیەم: چیتر ئەوە کارێکی واقیعبینانە نییە کە ئەمریکا بە هێزی باڵادەست دابنێین، هەروەها کارێکی واقیعبینانە نییە کە سەرکردەکانی ئەمریکا هەوڵ بدەن و بەرەو بدەن بە باڵادەستیی ئەمریکا. لە هەمان کاتدا، گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە رووی هێزی گشتگیرەوە هێزێك نییە هاوشانی ئەمریکا لەم قۆناغە راگوزەرییەی کە لە ئێستادا کاروبارە جیهانییەکانی پێدا تێدەپەڕێت، یان دەکرێت بە رۆژگاری سەرەتای فرەجەمسەری ناوزەد بکرێت. ئەمریکا وڵاتێکی گەورە و گەشەکردووە و مرونەتئامێزە و خاوەنی سەرچاوە و بەهرەیەکی زۆرە، هەروەها توانای هێنانەئارای پشتیوانیی هەیە.

*** دوای شەڕی شەش رۆژەی ساڵی ١٩٦٧ لە نێوان ئیسرائیل و میسر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە هێزی باڵادەست لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وڵاتانی ناوچەکە بوونە هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا،**

**لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت هەڵکشانی هێزەکانی دیکەی وەك ئێران و چینە لەم ناوچەیەدا، کە پەرەیان بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان داوە لە بواری بزنێس و سیاسەت و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا ئەمە بە مانای پاشەکشەی ئەمریکا دێت لەم ناوچەیەدا و ئایا ئەمە ئاماژەیە بە دوورەپەرێزیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- ئەولەوییەتدانی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو داکشان چووە، بۆ ماوەی دەیەیەك دەبێت کە بایەخدانی ستراتیژی و سەرچاوەکانی خۆی بۆ ناوچەکانی دیکە تەرخان دەکات، لە هەموویان دیارتر بە ئاراستەی ڕۆژئاوای زەریای هێمن و بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە هەردوو ناوچەی زەریای هێمن و هیندی، سەرهەڵدانی چین وەك ڕکابەرێکی ستراتیژی و زیادبوونی نیگەرانییەکان لەبارەی ڕەفتارەکانی چین سەبارەت بە چەند بەرپرسێکی بەربڵاو، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ هاتنەئارای ئەم گۆڕانکارییە. سەرباری ئەم ئاڵوگۆڕە و کۆمەڵێکی جیاوازی سیاسی لەگەڵ هاوبەشە تەقلیدییەکان لە ناوچەکەدا، ئەوا هێشتا ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەی ئەمنی دەگێڕێت (لە نێویاندا بوونێکی بەهێز و جێگیری سەربازی لە ناوچەی کەنداودا)، ئەمریکا دەتوانێت و بگرە مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە پێویستە داهێنانەتر بیر بکاتەوە و هەوڵی جددیتر بخاتەگەڕ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تێڕوانینەی کە پێیان وایە ئەمریکا بایەخ بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکە نادات و، لە بارێکدا نییە کە پەرە بە کارنامەیەك بدات، کە ئامرازی ناسەربازی لەخۆ بگرێت، یان ئامادەییەکی کەمتری هەیە بەراورد بە ڕابردوو بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوونە ئەمنییەکانی و پابەندبوونەکانی دیکە لە ناوچەکەدا. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا و ڕەنگە بە هۆی ئەوەی کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەم تێڕوانینە پێچەوانەی کە بە هۆی گوتار و سیاسەتەکانیەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەوا ئەمریکا پتر چالاك بووە لە بواری دیپلۆماسیدا، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ لە ڕەخنەگرەکان مشتومڕی ئەوە دەکەن لەبەر ئەوەی ئیدارەی بایدن بە شێوەیەکی ئەنقەست خەون و ئامانجەکانی دانەڕشتووە لەم ڕووەوە، ئەوا دۆخێکی دروست کردووە کە کێشەکانی ناوچەکە کەڵەکە ببن و هەلومەرجێك دروست ببێت کە چین سوودی لێ وەربگرێت.

ئیدارەی بایدن تا ئێستا کاردانەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی هەبووە لە ئاست بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئابووری و سیاسیی چین لە ناوچەکەدا، بە تێڕوانینی من دەستێوەردانی چین لە ناوچەکەدا تا ئەو مەودایە مایەی هەڕەشەیە بۆ ئەمریکا کە بەرپرسەکانی ئەمریکا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بواری ڕکابەریی ستراتیژی دابنێن، کە تێیدا دەستکەوتی هەر لایەك لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە بێت. پێم وانییە هێشتا کەوتبنە نێو ئەم تەڵەیەوە و هیوادارم لەم ڕووەوە تووش نەبن. هەروەها بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران پرسێکی تەواو جیاوازە و زەحمەتە بتوانین بڵێین ئەمە دەستڕۆیشتووییەکە کە مایەی سەقامگیری بێت. بە دڵنیاییەوە دەوڵەتە دراوسێکانی ئێران، هەروەها بەرپرسەکانی ئەمریکاش، دەستتێوەردانی ئێران لە لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن بە باش نازانن.

*** هەر لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان دوو جەنگی بەرپا کرد، یەکێکیان بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕژێمەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ئەوی دیکەیان ڕژێمەکەی سەدام حوسێنی لە عێراق کردە ئامانج، هەر چۆنێك بێت، بارودۆخەکە پەرەی سەند، ئەوەتا تاڵیبان ئەفغانستانی کۆنترۆڵ کردووەتەوە و پارتەکانی نزیك لە ئێران حوکمڕانیی عێراق دەکەن، ئایا هۆکارەکانی بەرپاکردنی ئەم جەنگانە چی بوون و بۆچی ئەمریکا تێیاندا تووشی شکست بووە؟**

- هەندێ لە توێژەران جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جەنگەدا دەکەن و پێیان دەڵێن «جەنگی زەروورەت» کە مەبەستیان جەنگی ئەفغانستانە و «جەنگی بژارە» کە مەبەستیان جەنگی عێراقە. من هاوڕام وەك کاردانەوەیەك بۆ هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلوول لەسەر خاکی ئەمریکا، ئەوا ئامانجی شەڕەکە

**ئەولەوییەتدانی ئەمریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو داکشان چووە، بۆ ماوەی دەیەیەک دەبێت کە بایەخدانی ستراتیژی و سەرچاوەکانی خۆی بۆ ناوچەکانی دیکە تەرخان دەکات**

**دەستێوەردانی چین لە ناوچەکەدا تا ئەو مەودایە مایەی هەڕەشەیە بۆ ئەمریکا کە بەرپرسەکانی ئەمریکا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بواری ڕکابەریی ستراتیژی دابنێن، کە تێیدا دەستکەوتی هەر لایەک لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە بێت**

**بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران پرسێکی تەواو جیاوازە و زەحمەتە بتوانین بڵێین ئەمە دەستڕۆیشتووییەکە کە مایەی سەقامگیری بێت**

**دەوڵەتە دراوسێکانی ئێران، هەروەها بەرپرسەکانی ئەمریکاش، دەستتێوەردانی ئێران لە لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن بە باش نازانن**

**دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، کە لە ماوەیەکی کورتدا دەسەڵاتی هەردوو ڕژێمەکە ڕووخێنران**

**داڵدەدانی ئەلقاعیدە لە پاکستاندا بووە هۆی مانەوەی ئەم ڕێکخراوە، بەڵام هۆکارەکانی شکستی ئەمریکا لە ئەفغانستان مایەی مشتومڕ و لێکدانەوەی جیاوازن**

**هیچ کاتێك واشنتۆن بە پەرۆش نەبووە بۆ پرسی بڕیاردانی چارەنووس لەلایەن کوردەوە و خواستێکی بەهێزی دەربڕیوە بۆ یەکێتیی عێراق و یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتە لە بەرانبەر سەربەخۆیی کوردستاندا**

لە ئەفغانستاندا بریتی بوو لە تێکشکانی ئەلقاعیدە و ڕووخاندنی ڕژێمی تاڵیبان بە هۆی داڵدەدانی ئەلقاعیدەوە، لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەمە جەنگێکی ڕەوا بووە و پاساوی هەبوو و بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵیدا بوون، ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، ئەوا پاساوی ئیدارەی بووش ئەوە بوو کە ڕژێمەکەی سەددام حوسێن خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ و دووبارە دەستپێکردنەوەی بەرنامەکانی ئەم چەکانە بوو، کە ئەمە پێچەوانەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، هەندێ پێیان وایە هەر لە سەرەتاوە دەزانرا کە ئەم پاساوانە هەڵەن و دواتریش دەرکەوت کە ڕاست نین، هەروەها بیرۆکەی ئیدارەی بوش لە پەیوەندی بە بەرگری لەخۆکردنی پێشوەختە، پاڵپشتییەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی لێ نەکرا، لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە سەرەتاییەکانی جەنگەکانەوە، ئەوا دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، کە لە ماوەیەکی کورتدا دەسەڵاتی هەردوو ڕژێمەکە ڕووخێنران، هەر چۆنێك بێت، لە پەیوەندی بە ئەفغانستانەوە، ئەلقاعیدە بە تەواوی تێکنەشکێندرا، ڕەنگە ئەمەش ئاماژە بێت بەوەی تۆڕی تیرۆریستی تەنیا بە ڕێگەچارەی سەربازی لە ناو ناچێت، هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێم کە داڵدەدانی ئەلقاعیدە لە پاکستاندا بووە هۆی مانەوەی ئەم ڕێکخراوە، بەڵام هۆکارەکانی شکستی ئەمریکا لە ئەفغانستان مایەی مشتومڕ و لێکدانەوەی جیاوازن، دەکرێت هەمان شت بگوترێت لە بارەی عێراقەوە، کە هەوڵەکانی شەڕ بە باشی بەڕێوە چوون، بەڵام هەوڵەکانی دوای شەڕ شکستێکی شەرمەزاکار بوون.

*** دوای بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئامانج لێی دەستەبەرکردنی پشتیوانی مرۆیی بوو (پڕۆژەی نەوای ئارام) هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بووە هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەددام حوسێن و دووبارە لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ تێکشکاندنی ئەلقاعیدە، پرسیارەکە ئەوەیە چەند گرنگە ئەمریکا پارێزگاری لە کوردستان بکات؟ ئایا هەمان پارێزگاریی تایوان بۆ کوردستان دەستەبەر دەکات؟**

- بۆ ماوەیەکی زۆرە من پەیوەندی فەرمیی ئەمریکام بە کوردی عێراقەوە بەو شێوەیە لێکداوەتەوە کە لەسەر بنەمای پاڵنەرەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندی و پێویستی و هاوسۆزی بووە، بە تێڕوانینی من، پاڵنەری سەرەکیی پڕۆژەی نەوای ئارام پابەندبوونی ئەخلاقی و مرۆیی بوو، ئەگەرچی پرسە جیۆپۆلەتیکییەکانیش دوور نەبوون لەم بابەتەوە، لە میانەی جەنگی ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەددام حوسێن و دواتر لە میانەی شەڕی دژ بە داعشدا، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و کورد توند پێکەوە گرێ دران، هەرچەندە پاڵنەرە جیۆپۆلەتیکییەکانیش لە هەڵکشاندا بوون، هەر چۆنێك بێت پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان بێ گیروگرفت نەبوون، ئەگەر هەڵە نەبم هیچ کاتێك واشنتۆن بە پەرۆش نەبووە بۆ پرسی بڕیاردانی چارەنووس لەلایەن کوردەوە و خواستێکی بەهێزی دەربڕیوە بۆ یەکێتیی عێراق و یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتە لە بەرانبەر سەربەخۆیی کوردستاندا، لەم ڕووەوە هەڵوێستی ئەمریکا (بەرهەڵستیکردنی سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق) بە چەشنێکی بەرفراوان هاوشێوەی هەڵوێستێتی لە ئاست تایوان، کە بەرپرسانی ئەمریکا پاڵپشتی ئەوە ناکەن کە بە چەشنێکی تاکلایەنە بارودۆخە هەنووکەییەکە بگۆڕدرێت، ئیدی لە ڕێی هێزەوە بێت (لەلایەن چینەوە بێت) یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بێت لەلایەن حکومەتی تایوانەوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە پاراستنەوە، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە پەیوەندی بە تایوانەوە زۆر زیاترە بەراورد بە کوردستانی عێراق، لەوەش زیاتر، بە پێچەوانەی تایوانەوە، ڕوون نییە ئایا هیچ کاراکتەرێکی هەرێمی (تورکیا، ئێران) یان حکومەتی عێراق لە بەغدا مەیلی یەکگرتنەوەی (ئاوێتەکردنەوەی) هەرێمی کوردستانیان هەبێت، لەم ڕووەوە ناتوانین ئاستی پابەندبوونی واشنتۆن بە هاوبەشەکانی لە نێو کوردی عێراقدا بزانین.

دیمانەی تایبەت



ڕیچارد کاپلان پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، وانەبێژ و توێژەری بواری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردنی قەیرانەکانە، و بایەخێکی تایبەت دەدات بە پرسی بنیادنانی ئاشتی و هێنانەئارای ئاشتی لە دوای شەڕ و بنیادنانی دەوڵەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ڕەهەند و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکە.

## پرۆفیسۆر ڕیچارد کاپلان بۆ گوڵان:

# لوبنان و عێراق بە سەر خۆیاندا دابەش بوون و پارتە حوکمڕانەکان ئەم دابەشبوونە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بە کار دەهێنن

* ئاشکرایە کە شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا گەورەترین شەڕە کە ئەورووپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بە خۆیەوە بینیوە، هەروەها هیچ ئەگەرێك لە ئاسۆدا نییە بۆ کۆتاییهێنانی ئەم شەڕە، لەبەر ئەوەی ڕووسیا داخوازییەکانی ڕۆژئاوا و ناتۆ جێبەجێ ناکات، بە تێڕوانینی ئێوە ئەم شەڕ چ گۆڕانکارییەك بە سەر ئەورووپا و جیهاندا دەهێنێت؟

- لە ڕاستیدا شەڕەکە گۆڕانکاریی گەورەی هێناوەتە ئاراوە، هەر لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ڕووسیاوە ئێمە زیادبوونێکی دراماتیکیمان بەدی کرد لە پاڵپشتیی سەربازیی دوولایەنە و هاوکارییەکانی دیکە بۆ ئۆکرانیا، کە چەندین وڵاتی هاوپەیمان بۆ یەکەم جار چەکی کوشندەیان دەستەبەر کرد، ئەمەش بەرجەستەبوونی پێچەوانەبوونەوەیەکی گەورەی سیاسەتەکانی پێشووی وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، هەروەها وڵاتی سوید کە لە

ڕووی مێژووییەوە وڵاتێکی بێلایەن بووە و خۆیان لە دەستەبەرکردنی چەکی هێرشبردن بە دوور گرتووە. لە هەمان کاتدا ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی سوید و فینلەندا پەیوەندی بە ناتۆوە بکەن، بووەتە هۆی ئەوەش ناتۆ ئەوە دووپات بکاتەوە کە ئۆکرانیا دەبێتە ئەندام تێیدا (هەرچەندە کاتەکە دیاری نەکراوە)، بە شێوەیەکی بەرفراوانتر، شەڕەکە ئەو ڕاستییەی ڕوون کردەوە کە پێویستە دووبارە پێداچوونەوە لە ئایندەی بونیادی ئەمنیی ئەوروپا و بگرە جیهانیش بکرێتەوە.

*** تاوەکو ئێستا ستراتیژیەتی ناتۆ و ڕۆژئاوا بریتی بووە لە شکستپێهێنانی سوپای ڕووسیا لە نێو ئۆکرانیا، بە بێ ئەوەی ناتۆ و سوپای ڕووسیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، وەك شارەزایەکی بواری بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، تێڕوانینتان چییە لەبارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەلایەن ڕۆژئاوا و ناتۆوە؟**

- ئەوە ڕوونە کە ناتۆ و ڕۆژئاوا زۆر بە وریاییەوە هەوڵیان داوە خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا بە دوور بگرن، ئەگەرچی هەمیشە ئەو مەترسییە هەیە کە ڕووسیا کارەکانی ڕۆژئاوا (بۆ نموونە دەستەبەرکردنی چەکی کوشندە، زانیاریی هەواڵگری) وەك شێوەیەك لە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ لێك بداتەوە، تا ئێستا ڕۆژئاوا و ناتۆ ڕوون بوون لە بارەی ئامانجە ستراتیژییەکان و سنووردارێی ئەم ئامانجانەوە، ئەویش وەك هەوڵێك بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕووسیا کە ئەوان هیچ مەترسییەکی لەسەر دروست ناکەن، بەڵام لەم ڕووەوە هەوڵێکی گەورەی دیپلۆماتی نەخراوەتەگەڕ، واتە لە کاتێکدا هیچ چارەسەرێك لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت کە بتوانرێت لە ڕێی گفتوگۆوە ئاشتی بۆ ڕووسیا و ئۆکرانیا بەدی بهێنرێت، بەڵام من بوار و پانتاییەك بەدی دەکەم بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سنووردار بۆ ئیدارەدانی شەڕەکە، بە چەشنێك کە لە بەرژەوەندیی هەردولا بێت، بۆ نموونە، لە ڕێی گرتنەبەری ڕێکارەکانەوە بۆ پاراستنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئۆکرانیا، کە ئەو چالاکییە سەربازییانەی لە نزیك ئەم دامەزراوانە ئەنجام دەدرێن، بۆی هەیە دەرئەنجامی کارەساتباریان لێ بکەوێتەوە، لەسەر خەڵك و ژینگەی نەك تەنیا ئۆکرانیا، بەڵکو ڕووسیا و ناوچەکەش.

*** ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی ئۆلاف شۆڵز پێ دەنێتە نێو ڕۆژگارێکی نوێوە، ئێستا ئەڵمانیا سەرکردایەتیی تەواوی کیشوەرێك دەکات لە ڕێی نوێکردنەوەی سوپاکەی و تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورە بۆ سوپاکەی، ئایا پێت وایە لەم هەوڵەیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- من کەسێکی شارەزای سیاسەتی ئەڵمانیا نیم، لەبەر ئەوە ناتوانم هیچ لێکدانەوەیەك بکەم بۆ ئەگەری سەرکەوتنی شۆڵز، هەر چۆنێك بێت، ئەوەی شایەنی ئاماژەپێکردنە لێرەدا ئەوەیە کە شۆڵز هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە، وەك پێچەوانەکردنەوەی سیاسەتێکی درێژخایەنی ئەڵمانیا، ئەوە بوو ڕێگەی دا بە هەناردەکردنی چەکی کوشندە بۆ ئۆکرانیا، هەروەها بۆ یەکەمجار لە ماوەی چەند دەیەیەکدا ئەڵمانیای پابەند کرد بە جێبەجێکردنی ئامانجەکەی ناتۆ لە پەیوەندی بە خەرجی سەربازییەوە (٢٪ی تێکڕای داهاتی نیشتمان لە ساڵێکدا)، ئەگەرچی دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین ئایا دەتوانێت ئەم بەڵێنە جێبەجێ بکات، هەندێ لە چاودێران پێیان وایە بە هۆی ئەو سنووربەندییە ناوخۆییانەی لەسەر سیاسەتی بەرگری و ئەمنیی ئەڵمانیا لە ئارادان، ئەوا ئەگەری ئەوە نییە کە ڕۆڵی ئەڵمانیا وەك کاراکتەرێکی سەربازی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا بێت.

*** ئێوە کتێبێکتان هەیە بە ناونیشانی (ئەوروپا و دووبارە دانپێدانانەوە بە دەوڵەتە نوێیەکان لە یوگسلافیا). ئەم کتێبە لە دوای دابەشبوونی یوگسلافیا و شەڕی کۆسۆڤۆ و لە ئارادانەمانی میلۆسۆڤیچ نووسرا، ئایا پێتان وایە هەمان سیناریۆی یوگسلافیا لە ئۆکرانیا دووبارە ببێتەوە؟**

- جیاوازیی نێوان یوگسلافیا و ئۆکرانیا ئەوەیە کە بەو شێوەیە لە یوگسلافیا دەڕوانرا کە لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا بێت، لەبەر ئەوەی پێکهاتە سەرەکییەکان (کۆمارەکان) گوزارشتیان لە خواستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی کردبوو، بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی بەربڵاو هاوڕایی لەسەرە ئەوەیە کە ئۆکرانیا ڕووبەڕووی دەستدرێژکاری بووەتەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیقراری بە سەربەخۆیی کۆمارەکانی یوگسلافیای پێشوو کرد، ئەوا چەند دەوڵەتێکی کەم ئیقراریان بە لکاندنی خاکی ئۆکرانیای داگیرکراو لەلایەن ڕووسیاوە کردووە، بەڵام ئەوەی لێی دەترسم، ئەوەیە کە ئەم شەڕەی ئێستای ئۆکرانیا جۆرێك لە ناکۆکیی چەقبەستوو دروست بکات بە چەشنی ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت لە ترانسنیستریا (مۆڵدۆڤا)، ئەبخازیا و ئۆسێتیای باشوور (جۆرجیا)، ناگۆرنۆ کاراباخ (ئازەربایجان) و قوبرس، لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی دیکەدا کە تێیدا شەڕە چەکدارییەکە کۆتایی هاتووە، بەڵام هیچ چارەسەرێك بۆ ناکۆکییەکە نەدۆزراوەتەوە

**ناتۆ و ڕۆژئاوا زۆر بە وریاییەوە هەوڵیان داوە خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا بە دوور بگرن**

**هیچ چارەسەرێك لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت کە بتوانرێت لە ڕێی گفتوگۆوە ئاشتی بۆ ڕووسیا و ئۆکرانیا بەدی بهێنرێت**

و خاکەکانیش بە دابەشکراوی ماوونەتەوە.

*** هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێودەوڵەتی عێراقدا، هەرێمی دوای قەیران و کارەسات و جینۆسایدە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێگری دەکات لەوەی ئەم هەرێمە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە چەشنی هەرێمەکانی یوگسلافیای پێشوو، چۆن نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو دەتوانێت لە نێو دەوڵەتێکدا بمێنێتەوە کە ئیقرار بەو تاوانانە نەکات، کە لە دژی ئەنجامی داون؟**

- ئەو بارودۆخەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، هاوشێوەی ئەو هەلومەرجەیە کە بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە وڵاتان پشتیوانی لە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بکەن، کە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر بوو لە نێو سربیادا، لە ساڵانی نەوەدەکانی ساڵی ڕابردوو ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ ڕووبەڕووی ئەو تاوانە گەورانە بوونەوە کە دەسەڵاتە سربییەکان و (یوگسلافیا) ئەنجامیان دان، جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەو تاوانانە و مەترسیی کارەساتی مرۆیی، بوونە هۆی دەستتێوەردانی سەربازی لەلایەن دەوڵەتە ئەندامەکانی ناتۆ لە ساڵی ١٩٩٩ کە سەری کێشا بۆ ئەوەی دەسەڵاتە سربییەکان و (یوگسلافیا) ناچار بە پاشەکشە بکرێن، ئەو ئیدارەیەی دواتر لەو خاکەدا و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزرێنرا و سەربەخۆبوونی دواتری کۆسۆڤۆ (ئەگەرچی دانپێدانانی سەرجەم وڵاتانی بەدەست نەهێنا و هێشتا نەبووەتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان) لەو کاتەدا باهۆزی سیاسەتی جیهانی لە بەرژەوەندیی کۆسۆڤۆ بوو، کوردستان بەو ئەندازەیە خۆشبەخت نەبووە.

*** وەك کەسێکی شارەزا، زۆر گرنگی بە ئاشتی و بنیادنانی دەوڵەت دەدەیت، کە ئەمە پرسێکی زۆر قورسە لە تێکڕای جیهاندا، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشبینیی ئەوە ناکەین ئاشتی لەم ناوچەیەدا بەدی بێت، بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت ئاشتی و دەوڵەت بنیاد بنرێت کە تێیدا هاووڵاتییان هەست بە گەشەکردن و خۆشگوزەرانی بکەن؟**

- لە ڕاستیدا چەندین هۆکار هەن کە دژ و پێچەوانەن، بەدیهێنانی ئاشتی و گەشەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و زاڵبوون بەسەریاندا ئاسان نییە، ڕژێمە سەرکوتکار و خۆسەپێنەکان لە ناوچەکەدا هەن، هەندێکیان پشت ئەستوورن بە سامانی کانزایی (نەوت) و هەندێکیشیان لەلایەن هاوپەیمانە دەرەکییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێن، زۆرێك لەو کۆمەڵگەیانە کەوتنە ژێری کاریگەریی ئەم بارودۆخەوە، بۆ نموونە (فەڵەستین، لوبنان و عێراق) بەسەر خۆیاندا دابەش بوون، کە پارتە حوکمڕانەکان دەتوانن ئەم دابەشبوونە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێننەوە، بۆیە چارەسەرێکی ئاسان لە ئارادا نییە بۆ ئەو تەحەددییانەی پەیوەستن بە ئاشتی و گەشەپێدان کە ڕووبەڕووی ئەم گەلانە دەبنەوە. هەرچۆنێك بێت، چیرۆکی سەرکەوتن لە شوێنەکانی دیکەی بەدی دەکرێت، لە نێویاندا تەیمووری ڕۆژهەڵات لە ژێر سایەی داگیرکاریی ئەندەنوسیا، ئەفریقیای باشوور لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئەپارتهاید، کۆسۆڤۆ لە ژێر ڕکێفی سربیا. ئەم خەبات و تێکۆشانانە بە ئاسانی بەدەست نەهاتوون و ئاماژەن بەوەی کە دەکرێت ئاشتی و ئازادی لە نێو هەلومەرجی زۆر دژواردا بەدی بێت.

*** ئێوە کەسێکی تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن، تەواو ئاگادارن لەوەی کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە خراپترین قۆناغی خۆیدا تێدەپەڕێت، ئێستا جیهان بەرەو دۆخێکی خراپی فرەجەمسەری هەنگاو دەنێت، تەنانەت پوتینیش خوازیاری ئەوەیە کە ئەم سیستمە نێودەوڵەتییەی ئێستا لە ئارادا نەمێنێت و سیستمێکی فرەجەمسەری جێی بگرێتەوە، ئایا پێت وایە لە دەرئەنجامی هەموو ئەمانەدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت؟**

- نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی دوورەپارێزە، ئەگەر لە ڕوانگەی میساقی ئەم ڕێکخراوەوە بدوێین، هەمووارکردن لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویستی بە پشتیوانیی دوو لەسەر سێی ئەندامی کۆمەڵەی گشتی هەیە، لە نێویاندا ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، لە دەرئەنجامدا زۆر زەحمەتە چاکسازی ئەنجام بدرێت، بەڵام بوارێك بۆ چاکسازی هەیە، بە بێ پەنابردنەبەر هەمووارکردنی میساقەکە بە شێوەیەکی فەرمی ئەرکی ئاشتیپارێزیی نەتەوە یەکگرتووەکان نموونەیەکە کە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئیدارەدانی ناکۆکی، بەڵام لە نێو میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێ نەکراوە، هەر چۆنێك بێت، ئەو قەیرانەی ئێستا ئاماژەیە بە پێشێلکردنی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (سەروەری، یەکپارچەیی خاك و ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی هێز) و ئەو پرەنسیپانەی تەنیا بە پشتیوانیی خۆبەخشانەی هێزە گەورەکانی جیهان دەپارێزرێن، ئەگەر ئەم پاڵپشتییە نەبێت و ئەو پرەنسیپانە پێشێل بکرێن، ئەوا زەحمەتە ببینین کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر چ بنەمایەك دەتوانێت ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزێت.

**هەندێ لە چاودێران پێیان وایە بە هۆی ئەو سنووربەندییە ناوخۆییانەی لەسەر سیاسەتی بەرگری و ئەمنیی ئەڵمانیا لە ئارادان، ئەوا ئەگەری ئەوە نییە کە ڕۆڵی ئەڵمانیا وەک کاراکتەرێکی سەربازی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەسەردا بێت**

**بەدیهێنانی ئاشتی و گەشەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و زاڵبوون بەسەریاندا ئاسان نییە، چونکە ڕژێمە سەرکوتکار و خۆسەپێنەکان لە ناوچەکەدا هەن**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر یانیس ستیڤاچتیس بۆ گوڵان:

# سیستمی تاک جەمسەریی جیهانی کۆتایی هاتووە و بەرەو سیستمی فرەجەمسەری هەنگاو هەڵدەگرین

**پرۆفیسۆر یانیس ستیڤاچتیس، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تەقەنیی ڤێرجینیا، لە هەمان کاتدا سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەورووپا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە سیستمی نێودەوڵەتی و ئایندەی ئەم سیستمە و ئەگەرەکانی هاتنەئارای سیستمێکی بەدیل و ڕۆڵی هەڵکشاوی ڕووسیا و چین و چەند وڵاتێکی دیکە، هەروەها شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئاڕاستە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و ڕۆڵی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخ و ئایندەی کورد لە نێو وڵاتی عێراق و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئاشکرایە لە ساڵی ٢٠١٧ ئیدارەی ترەمپ جەختی لەوە کردەوە کە سیستمی لیبراڵی دوای ساڵی ١٩٤٥ چیتر لە بەرژەوەندیی ئەمریکا نییە، ئەوەش ڕوونە کە ئەم سیستمە گورزێکی گەورەی بەرکەوت، کاتێك پوتین لە ساڵی ٢٠١٤ کریمیای لکاند بە وڵاتەکەیەوە. دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاش، ڕووسیا نەیشاردووەتەوە کە کار بۆ هێنانەئارای سیستمێکی دیکەی جیهانی بکرێت، ئایا پێت وایە سیستمە نێودەوڵەتییەکە کۆتایی هاتووە و پێویستە سیستمێکی بەدیل جێی بگرێتەوە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە بۆ یەکەمجار و لە ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆك پوتین لە گوتارێکدا لە کونفرانسی میونشن هۆشداری دا لە ئایندەی سیستمە لیبراڵییە نێودەوڵەتییەکە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە گومان لەوەدا نییە کە ئەوەی لە ئۆکرانیا ڕوو دەدات، ناکۆکییەکی توندوتیژە، ئەمەش دەقاودەق ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە پێی دەوترێت ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەت. لە ڕوانگەی ڕووسیاوە ئەوەی لە ئۆکرانیا ڕوو دەدات، شەڕ نییە، چونکە شەڕ لە ڕووی سیاسییەوە پێویستی بە ڕەزامەندیی دومای ڕووسی هەیە. کەواتە ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەتە و ناکۆکییەکی توندوتیژە، هەرچۆنێك بێت خەڵکی لە هەردوولا ژیان لە دەست دەدەن. دواتر لیبراڵیزم دوو ڕەهەندی هەیە، لیبراڵیزمی سیاسی و لیبراڵیزمی ئابووری. لیبراڵیزمی ئابووری ئاماژەیە بە دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە جیهانییەکان. لیبراڵیزمی سیاسی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، و سەروەریی یاسا دەگرێتەوە، لەگەڵ بنیادنانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای سەروەری، واتە سەروەرییەکی یەکسان لە نێوان دەوڵەتەکان،

**ڕۆژئاوا خوێندنەوەی هەڵەی بۆ توانای سەربازی و ئابووری و پیشەسازییەکەی ڕووسیا کردووە**

یەکسانی لە بەردەم یاسای نێودەوڵەتی. هەرچۆنێك بێت، ڕۆژئاوا پتر جەخت دەکاتەوە لەسەر دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، نەك سەروەری. لە ڕووی کردارییەوە هێزە جیهانییەکان خۆیان بە یەکسان نابینن لە بەرانبەر دەوڵەتانی جیهانی تازە گەشەکردوودا. دواتر هەندێك لەو وڵاتانەی کە گوایە بەشێکن لە جیهانی ڕۆژئاوا وڵاتی دیموکراسی نیین، ئێوە بڕواننە پۆڵەندا و هەنگاریا کە بەشێکن لە ڕۆژئاوا، بەڵام بۆ ماوەیەك وەك وڵاتێکی تەواو دیموکراتی لێیان نەدەڕاونرا. کەواتە ئەوەی نیشانەی پرسیاری لەسەرە ئەوەیە ئایا سیستمێکی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ڕاستەقینە لە ئارادایە، یان نا؟من پێم وایە کێشەیەك لە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتیدا نییە، ئەگەر پرەنسیپەکانی بە شێوەیەکی ئینتیقائی جێبەجێ نەکرێن. کەواتە ئەوەی ڕووی داوە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەو شەڕەی لە ئۆکرانیادا لە ئارادایە سەری کێشاوە بۆ جۆرێك لە بەرهەڵستیکردنی ئەوەی پێی دەوترێت سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی. نەك تەنیا لەلایەن ڕووسیاوە، بەڵکو لەلایەن چین و هیندستان و چەندین وڵاتی دیکەشەوە. خۆ ئەگەر سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لە هەموو ڕەهەندێکەوە لیبراڵی بێت، ئەوا کێشەیەکی گەورە دروست نابێت. بەڵام ئەوەی بەدی کراوە، ئەوەیە کە لە ڕووی کردارییەوە لیبراڵی نەبووە، ئەمەش بواری داوە بەو وڵاتان، لە نێویاندا ڕووسیا و چین، کە خۆشحاڵ نین لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بۆ ئەوەی برەو بە جۆرێکی جیاوازی سیستمی نێودەوڵەتی بدەن. پێم وایە لە ساڵانی داهاتوودا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابەش دەبێت و سیستمی نێودەوڵەتی لەسەر دوو جەمسەر بنیات دەنرێت، ڕۆژئاوا و باقی وڵاتانی دیکە بە سەرکردایەتیی ڕووسیا و چین و هیندستان.

*** ئەو شەڕەی لە ئۆکرانیا لە ئارادایە یەکەم جەنگی گەورەیە کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە ئەورووپا ڕووی دابێت، هەروەها ئەمریکا و ناتۆ و ڕووسیا و وڵاتانی دیکە لەم شەڕەوە تێوەگلاون، ئایا پێت وایە تا چەند ئەم شەڕەی پوتین بەرپای کردووە، گۆڕانکاری بە سەر جیهاندا دەهێنێت؟**

- شەڕەکەی ئۆکرانیا ئەوەی خستەڕوو کە هێزەکانی ڕۆژئاوا بە هەڵەداچوون لەبەرانبەر توانا سەربازی و ئابورییەکانی ڕووسیا. لە دەرئەنجامدا، ئاڵوگۆڕێك دێتەئاراوە کە لە هاتنەئارای سیستمێکی نێودەوڵەتیی فرەجەمسەری بەرجەستە دەبێت، کە ڕووسیا و چین و هیندستان و بە دڵنیاییەوە ئەمریکاش لە خۆ دەگرێت. کەواتە ڕۆژئاوا خوێندنەوەی هەڵەی بۆ توانای سەربازی و ئابووریی ڕووسیا کرد و ئەوە بوو بۆی دەرکەوت کە توانا پیشەسازی و سەربازییەکانی توانای ململانێیان نییە لە پەیوەندی بە تواناکانی ڕووسیاوە. ئەوە ڕێککەوت نییە کە بەم دواییە ژەنەراڵ میللی، ڕووسیا وەك هێزی باڵا- سوپەرپاوەر- ناوزەد بکات. کەواتە ئێستا سێ هێزی باڵا هەن، کە ڕووسیا و چین و ئەمریکان، هەندێ وڵاتی دیکەش وردە وردە بەرەو ئەوە دەچن ببنە هێزێکی باڵا، وەك هیندستان. لەم ڕووەوە ئێمە بەرەو جیهانێکی فرەجەمسەر دەچین. ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕئامێزە کە تێیدا دابەشبوونی هێزی جیهانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

*** داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن پوتینەوە بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەددام حوسێنەوە دەچوێنرێت. لەو کاتەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە توندی داگیرکارییەکەی سەددامی ڕەت کردەوە و ناچاری کرد لە کوەیت بکشێتەوە. لە کاتێکدا کەسانێکی وەك هینری کیسەنجەر داوا دەکات ئەمری واقیعی شەڕەکە قبووڵ بکرێت، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە پرەنسیپە بنەڕەتییەکەی پەیوەست بە سەروەریی دەوڵەتەوە کۆتایی هاتووە؟**

- من هاوڕا نیم لەگەڵ شوبهاندنی حاڵەتی کوەیت بەوەی لە ئۆکرانیا ڕوو دەدات. ئەوەی پەیوەست بێت بە کوەیتەوە، کە داگیرکارییەکی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ دەوڵەتێکی دیکە (کوەیت) لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە (عێراق). لە ڕووی سیاسییەوە، دەتوانین بڵێین هەر دوو حاڵەتەکە داگیرکردنی دەوڵەتێك بوو لەلایەن دەوڵەتەوە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە هەر دوو حاڵەتەکە جیاوازن. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئۆکرانیا، ئەوا کێشەکە لە ساڵی ٢٠١٤وە دەستی پێ کرد و دواتر ڕێککەوتننامەی مینسکی لێ کەوتەوە

**لە ڕوانگەی ڕووسیاوە ئەوەی لە ئۆکرانیا ڕوو دەدات، شەڕ نییە، چونکە شەڕ لە ڕووی سیاسییەوە پێویستی بە ڕەزامەندیی دومای ڕووسی هەیە. کەواتە ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەتە و ناکۆکییەکی توندوتیژە**

**لە ڕووی کردارییەوە هێزە جیهانییەکان خۆیان بە یەکسان نابینن لە بەرانبەر دەوڵەتانی جیهانی تازە گەشەکردوودا**

**ڕووسیا و چین، کە خۆشحاڵ نین لەگەڵ ڕۆژئاوادا، بۆ ئەوەی برەو بە جۆرێکی جیاوازی سیستمی نێودەوڵەتی بدەن**

**لە ساڵانی داهاتوودا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دابەش دەبێت و سیستمی نێودەوڵەتی لەسەر دوو جەمسەر بنیات دەنرێت**

کە تێیدا ڕووسیا و ئۆکرانیا واژوویان کرد و فەرەنسا و ئەڵمانیا بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردنیان وەرگرت. هەروەها ڕێککەوتنی مینسك بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەخۆ گرت و جێبەجێکردنی بووە پرسێکی پەیوەست بە یاسای نێودەوڵەتییەوە. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرا، کەواتە بەلای کەمەوە لە ڕووی سیاسییەوە دەتوانرێت بوترێت ڕووسیا مافی ئەوەی هەبووە کە دەستێوەردان بکات بۆ پاراستنی خەڵکەکەی لە ڕۆژئاوای ئۆکرانیا کە ڕووبەڕووی هەڕەشە ببوونەوە بە هۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئۆکرانیاوە. کەواتە دەکرێت باس لەوە بکرێت کە ڕووسیا بە گوێرەی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن کاری کردووە، ئەم پرەنسیپەش لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی یەك دەگرێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەنجێلا مێرکل و فرانسوا هۆلاند ئاماژەیان پێ کرد، کە ئەوان بە ڕاستی نیازی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەیان نەبووە. ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە هێزە ڕۆژئاواییەکان ڕێزێکی زۆریان لە یاسای نێودەوڵەتی نەگرتووە و ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕووسیا کەیسێك بۆ خۆی دروست بکات. لەبەر ئەوە کەیسی کویت هەمان کەیسی ئۆکرانیا نییە.

*** بۆچی ئەم شەڕە هێندە درێژەی کێشاوە و ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت زیاتر درێژە بکێشێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و چەندین هۆکار لە ئارادان. ئێمە لە ڕۆژئاوا، زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، ئایا ڕووسیا ئامانجە ستراتیژییەکانی بەدەست هێناوە، یان نا، لەبری ئەوەی گفتوگۆ بکەین لەبارەی ئەوەی ئایا ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆمان بەدەست هێناوە. ئەوەتا سزا سەپێندراوەکان نەیانتوانیوە کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ڕووسیا هەبێت، تەنانەت دەکرێت بڵێین لە ڕاستیدا سزاکان بوونەتە هۆی بەهێزکردنی ئابووریی ڕووسیا. ئەوەتا هێشتا سەرۆك پوتین لە دەسەڵاتدایە و شەڕی ئۆکرانیا بووەتە هۆی پتەوکردنی پشتیوانیی جەماوەری بۆ پوتین. ڕووسیا لە ٢٠٪ی خاکی ئۆکرانیای داگیر کردووە، تا ئێستا پێ دەچێت ئەستەم بێت ئۆکرانیا بتوانێت پاشەکشەیان پێ بکات. هەروەها شەڕەکە بووەتە هۆی نزیکبوونەوەی ڕووسیا و چین. لەوەش زیاتر ڕووسیا و چین و تا ڕادەیەك هیندستان کار بۆ سیستمێکی نێودەوڵەتیی بەدیل دەکەن، کە ئەمەش دەرئەنجامی سیاسی و ئابووری لەسەر ڕۆژئاوا لێ دەکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا ئابووریی وڵاتانی ئەورووپا لە پشێویدایە و نارەزایەتیی خەڵك لە هەڵکشاندایە. هەروەها درك بەوە کراوە کە ڕۆژئاوا هێندە بەهێز نییە لە ڕووی سەربازییەوە و گومان لە توانا پیشەسازییەکەشی دەکرێت. کەواتە تا ئێستا ڕۆژئاوا ئامانجەکانی بەدەست نەهێناوە، کە دەکرێت ئەمەش بگۆڕدرێت بۆ شکست، بە تایبەتی بۆ حکومەتی ئەمریکا. دواتر ڕووسیا، پێی وایە بەردەوامبوونی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەیدایە، لەو ڕووەوە کە دەتوانێت لە ڕووی ئابوورییەوە درێژە بە شەڕەکە بدات، لە کاتێکدا توانایەکی سەربازی و پیشەسازیی زیاتری لە ڕۆژئاوا هەیە.

*** ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە یەکێتیی ئەورووپا بە چەشنی پێشوو یەکهەڵوێست و یەکگرتوو نییە، ئەوەتا وڵاتانی وەك هەنگاریا و پۆڵەندا گوزارشتیان لە بەرهەڵستیی خۆیان کردووە بۆ دیموکراسییەتی لیبراڵی، ئایا ئەمە چ ئاکامێکی بۆ ئایندەی ئەورووپا دەبێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئابووریی وڵاتانی ئەورووپا کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکی جددییەوە. بەتایبەتی ئابووریی ئەڵمانیا، بەڵام هەروەك دەزانین ئەڵمانیا داینەمۆی پرۆسەی ئاوێتەبوونی ئەورووپی بووە و پایەی سەرەکیی ئابووری و پیشەسازیی یەکێتیی ئەورووپا بووە. بەڵام ئابووریی ئەڵمانیا کەوتە بارێکی سستبوونەوە و هیچ ڕووناکییەك لە کۆتایی تونێلەکە بەدی ناکرێت. هەروەها فەرەنساش ڕووبەڕووی کێشەی سیاسی و ئابووری بووەتەوە. هەروەها وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش تووشی کێشەی ئابووری و کێشەی پەیوەست بە ئاوارە و کۆچبەران بوونەتەوە. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی بەهێزبوونی حزبە سیاسییە ڕاستڕەوەکانی ئەورووپا، کە تێگەیشتنێکی جیاوازیان هەیە بۆ یەکێتیی ئەورووپا، کە پێیان وایە نابێت یەکێتیی

**ئەوە ڕێککەوت نییە کە بەم دواییە ژەنەراڵ میللی، ڕووسیا وەک هێزی باڵا- سوپەرپاوەر- ناوزەد بکات**

**ئێستا سێ هێزی باڵا هەن، کە ڕووسیا و چین و ئەمریکان، هەندێ وڵاتی دیکەش وردە وردە بەرەو ئەوە دەچن ببنە هێزێکی باڵا، وەک هیندستان**

**ڕووسیا مافی ئەوەی هەبووە کە دەستێوەردان بکات بۆ پاراستنی خەڵکەکەی لە ڕۆژئاوای ئۆکرانیا کە ڕووبەڕووی هەڕەشە ببوونەوە بە هۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئۆکرانیاوە**

**هێزە ڕۆژئاواییەکان ڕێزێکی زۆریان لە یاسای نێودەوڵەتی نەگرتووە و ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ڕووسیا کەیسێک بۆ خۆی دروست بکات**

**سزا سەپێندراوەکان نەیانتوانیوە کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ڕووسیا هەبێت، تەنانەت دەکرێت بڵێین لە ڕاستیدا سزاکان بوونەتە هۆی بەهێزکردنی ئابووریی ڕووسیا**

**وڵاتانی دیکەی ئەوروپاش تووشی کێشەی ئابووری و کێشەی پەیوەست بە ئاوارە و کۆچبەران بوونەتەوە. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی بەهێزبوونی حزبە سیاسییە ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا**

**بۆیە چین بایەخی داوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بۆشایی و پانتاییەکی دیپلۆماتی و ئابووری جێهێشتووە**

**زۆرێک لە وڵاتان خوازیاری هاوکاریکردنی کوردن، بەڵام من نازانم ئایا ئەم وڵاتانە ئەم کارە بۆ ئەوە دەکەن لەبەر ئەوەی پێیان وایە کورد شایستەی ئەم هاوکارییەیە، یان ئەم کارە دەکەن، چونکە لە ڕووی سیاسییەوە لێی سوودمەند دەبن**

ئەورووپا بەرەو ئاوێتەبوونی زیاتری سیاسی بڕوات.

*** دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی نایە قۆناغی ناسەقامگیری و پشێوییەوە، ئەمەش بواری بۆ بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران ڕەخساند. لەگەڵ دروستبوونی چەندین گرووپی تیرۆریستی وەك داعش، کە هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر سەقامگیریی جیهانی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هەوڵێکی جددیی نێودەوڵەتی بۆ سەقامگیرکردنی ئەم ناوچەیە بەدی ناکرێت؟**

- لە ڕاستیدا لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تووشی دابەشبوون بووە، بە چەشنێك کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت بە چەشنێکی کارا کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات. بە هۆی کۆلۆنیالیزم و نیوکۆلۆنیالیزمەوە، هەروەها بە هۆی ململانێی هێزەوە، چەندین ناکۆکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکگرتوو نەبێت، ئەوا ناتوانرێت هیچ کارێك بکرێت. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا بە تەواوەتی ڕووی کردبێتە ناوچەی زەریای هێمن، ئەوا ئەمە بوارێك بۆ چین و ڕووسیا دروست دەکات، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ناوبژیوان ببینن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە. لە ئێستادا کێشەکە ئەوەیە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیەوێت لە نزیکەوە بایەخ بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، ئەوا ناتوانێت ئەم کارە بکات، بە لای کەمەوە ناتوانێت بەو چەشنە بایەخی پێ بدات کە لە ئاستی خواستی واشنتۆندا بێت. ئەوەتا کێشە ئابوورییە ناوخۆییەکانی ئەمریکا هاوشان بوون بەو تەحەددییانەی ڕووسیا لە ئۆکرانیا و چین لە تایوان دروستیان کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی توانا و خواستی ئەمریکا بۆ ئەوەی بایەخێکی گەورە بە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات.

هەر بۆیە چین بایەخی داوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بۆشایی و پانتاییەکی دیپلۆماتی و ئابووری جێهێشتووە بۆ ئەوەی ئەوەی هێزەکانی دیکە وەك چین بەرەو ئەم ناوچەیە بکشێن. دواتر ئەوە ئاشکرایە کە چین ڕوو دەکاتە هەر شوێن و دەوڵەتێك کە بتوانێت بزنێس و بازرگانی تێدا ئەنجام بدات. واتە لەم شوێن و وڵاتانە پەیوەندی و ڕایەڵەی ئابووری و بزنێس دروست دەکات.

*** ئەگەر لە نێو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس لە وڵاتێکی وەك عێراق بکەین، کە پێگەیەکی گرنگی هەیە، کوردیش کە بەشێکە لەم دەوڵەتە و خاوەن قەوارەی خۆیەتی، کە هەرێمی کوردستانە، خۆی لە وڵاتێکدا دەبینێتەوە کە سەروەریی یاسا تێیدا باڵادەست نییە، ئایا پێت وایە ئایندەی ئەم وڵاتە چی دەبێت، لەوەش زیاتر هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقدا کە فرەیی ئایینی و ئیتنی تێدا بەرقەرارە، تا چەند پشتگیریی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت؟**

- عێراق وڵاتێکی زۆر گرنگە، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کەوتووەتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵکو دراوسێی ئیرۆئاسیایە. واتە عێراق پێگەیەکی ستراتیژی و جوگرافیی زۆر گرنگی هەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی ببێتە وڵاتێك کە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بایەخی پێ بدرێت. کەواتە بە دڵنیاییەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەم دۆخە هەم هەڕەشە و مەترسی و هەم دەرفەتی بۆ خەڵك و گەلی عێراق، بە شێوەیەکی گشتی و گەلی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی دروست کردووە. لەوانەیە بە هۆی هاتنەئارای بارودۆخی نوێیەوە کاروبارەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. کەواتە من لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ بەشێك لە وەڵامی پێشووم، ئەوەیش ئەوەیە ئەگەر بتوانرێت لەم ناوچەیەدا پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئابووری و بازرگانی دابڕێژرێن، نەك لەسەر بناغەیەکی سەربازی، ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پەرەپێدانی عێراق و گەلی کورد لە نێو ئەم وڵاتەدا. هەروەها ڕەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ ئەوەی هاوکاریی زیاتری ئابووری بەدەست بهێنرێت.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئەمریکا، یان چین ئەم کارە دەکەن؟**

- من پێم وایە بە هۆی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەست کێشەی



ئابوورییەوە دەناڵێنێت لە ناوخۆدا و لەبەر ئەوەی خەرجییەکی زۆری لە شەڕی ئۆکرانیادا کردووە، ئەوا پێم وانییە ئەمریکا بتوانێت هاوکارییەکی بەرچاوی ئابووری دەستەبەر بکات. بە دڵنیاییەوە زۆرێك لە وڵاتان خوازیاری هاوکاریکردنی کوردن، بەڵام من نازانم ئایا ئەم وڵاتانە ئەم کارە بۆ ئەوە دەکەن لەبەر ئەوەی پێیان وایە کورد شایستەی ئەم هاوکارییەیە، یان ئەم کارە دەکەن، چونکە لە ڕووی سیاسییەوە لێی سوودمەند دەبن. دواتر دەبێت ئەوە بڵێین کە لەبەر چەندین هۆرکاری سیاسی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردنی هاوکاریی پێویست بۆ کوردی عێراق بۆ ئەوەی کورد لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گەشە بکات و سەقامگیری بەدەست بهێنێت. بە لەبەرچاوگرتنی سەرکەوتن و پابەندبوونی گەلی کورد، ئەوا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چەشنێکی کارا بایەخ بە گەلی کورد بدات لە عێراقدا. واتە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە خەمی هەرێمی کوردستاندا بێت، نەك تەنیا لەبەر هۆکارە سیاسی و ئەمنییەکان. هیوادارام بارودۆخێکی نوێ بێتەئاراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە چەشنێك کە لە بەرژەوەندیی تەواوی ناوچەکە و بەتایبەتی گەلی کورد بێت. لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە زیاد بکەن کە ئێمە لە قۆناغ و ڕۆژگارێکدا دەژین کە قۆناغی ئاڵوگۆڕ و ڕاگوزەرییە. ڕاستە پەرەسەندن و پێشهاتەکان لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوو نادەن، بەڵام هەندێ جار ڕووبەڕووی هەندێ پێشهاتێکی کتوپڕ دەبینەوە. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە ناکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە سبەینێ سیستمێکی جیهانیی فرەجەمسەری بێتەئاراوە و بچەسپێت. بەڵام ئەوەی هەیە ئەوەیە کە ئێمە بەم ئاراستە و ئاقارەدا هەنگاو هەڵدەگرین. ئەوەی پەیوەست بێت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم ناوچەیەش بە قۆناغی ڕاگوزەر و ئاڵوگۆڕدا تێدەپەڕێت، واتە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین بارودۆخ و کاروبارەکان چۆن پەرە دەستێنن.

**هیوادارام بارودۆخێکی نوێ بێتەئاراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە چەشنێك کە لە بەرژەوەندیی تەواوی ناوچەکە و بەتایبەتی گەلی کورد بێت**

# ئاشناکردنی هاووڵاتیان به پێکهاتەکانی دەستەی ژینگە


دەستەی ژینگە، دەستەیەکی چاودێریی و هەماهەنگیی ژینگەییە و کار دەکات لەسەر: هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییەکان و پرسی ڕەزامەندیدان و چاودێریکردن.
هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان.
بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی.
ئامانجەکان: پاراستن، چاککردن، گەشەپێدانی بەردەوام.
هۆکار و ئامرازەکان: هۆشیاری، یاسا، تەکنۆلۆژیای نوێ.

بەپێی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی پاراستن و چاککردنی ژینگە و یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی ژینگە، دەستە لەم فەرمانگە و بەش و هۆبانەی لای خوارەوە پێکدێت:

یەکەم: پێکهاتەی دیوانی دەستە:
١ - فەرمانگەی کاروباری هونەری.
٢ - فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی و یاسایی.
٣ - فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن.
٤- بەشی پەیوەندییەکان.
٥- بەشی دڵنیایی جۆریی.
٦- بەشی سندوقی ژینگە.
٧ - بەشی وردبینی.
٨- نووسینگەی سەرۆکی دەستە.
٩- ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

دووەم: پێکهاتەکانی بەستراو بە دەستەی ژینگەوە:
فەرمانگەی ژینگەی پارێزگای هەولێر.
فەرمانگەی ژینگەی پارێزگای سلێمانی.
فەرمانگەی ژینگەی پارێزگای دهۆك.
فەرمانگەی ژینگەی پارێزگای هەڵەبجە.
فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین.
فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.
فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران (بەڕێوەبەر و باڵەخانەی هەیە و لە قۆناغی دانانی ستافی فەرمانگەدایە).
فەرمانگەی ژینگەی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ (بڕیاری دامەزراندنی دەرچووە و لە قۆناغی پێکهێنانیدایە).

+ فەرمانگەی کاروباری هونەری، ئەرکەکانی لە ڕێگەی ئەم پێکهاتانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدات:
١- بەشی پرۆژەکان و هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی: (هۆبەی ئاماری ژینگەیی هەیە).
٢- بەشی ژینگەی شارستانی: (هۆبەی بەڕێوەبردنی پاشماوەکانی هەیە).
٣- بەشی ژینگەی سرووشتی: (هۆبەی پاراستنە سرووشتییەکانی هەیە).
٤- بەشی گۆڕانکاریی کەش وهەوا: (هۆبەی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئۆزۆن و خۆگونجاندن و کەمکردنەوەی هەیە).
٥- بەشی خۆپاراستن لە تیشك.
٦- بەشی تاقیگەکان.

فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی و یاسایی ئەرکەکانی لە ڕێگەی ئەم پێکهاتانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدات:

أ-بەشی کارگێڕی و خۆیەتی: کە ئەم هۆبانەی هەیە:
١- هۆبەی میلاکات.
٢- هۆبەی دۆسیەکان.
٣- هۆبەی ئای تی.
٤- هۆبەی هاتوو، دەرچوو.
٥- هۆبەی پرسگە.

ب- بەشی پلان: کە ئەم هۆبەیەی هەیە:
١- هۆبەی پڕۆژەکان.

ج- بەشی ژمێریاری.
د- بەشی یاسایی.
ە- بەشی خزمەتگوزاری.

فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن ئەرکەکانی لە ڕێگەی ئەم پێکهاتانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدات:

یەکەم: بەشی هۆشیاری: ئەم هۆبانەی هەیە:
١- هۆبەی هۆشیاریی پەروەردەیی.
٢- هۆبەی هۆشیاریی جەماوەری.

دووەم: بەشی ڕاگەیاندن: ئەم هۆبانەی هەیە:
١- هۆبەی سایت.
٢- هۆبەی فۆتۆ و بۆنەکان.

+ ئەم بەشانە ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی دەستەوە پەیوەستە و ئەم کارانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدەن:

بەشی پەیوەندییەکان.
بەشی دڵنیایی جۆری.
بەشی سندوقی ژینگە.
بەشی وردبینی.
نووسینگەی سەرۆکی دەستە.
ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

+ فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆکان کارەکانیان لە ڕێگەی ئەم هۆبانەی لای خوارەوە ئەنجام دەدەن:

أ-هۆبەی کارگێڕی و خۆیەتی.
ب- هۆبەی ژمێریاری.
ج- هۆبەی یاسایی.
د- هۆبەی پلان.
ە- هۆبەی ئای تی.
و- هۆبەی وردبینی.
ز- هۆبەی خزمەتگوزاری.
ح- هۆبەی پڕۆژەکان و ئی ئای ئەی.
گ- هۆبەی ژینگەی شارستانی.
ی- هۆبەی گۆڕانکاریی کەش و هەوا و ژینگەی سرووشتی.
ك- هۆبەی پشکنین و چاودێری.
ل- هۆبەی خۆپاراستن لە تیشك.
م- هۆبەی تاقیگە.
ن- هۆبەی هۆشیاری و ڕاگەیاندن.

# خانمان کاروچالاکییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنن




ڕۆژی ٣٠ ئەیلوولی ٢٠١٨ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی زۆرینەی کورسیی پەرلەمان بوو، لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و چەند لایەنێکی دیکە، حکومەتی هاوپەیمانییان پێکهێنا و مەسرور بارزانی بە هۆی توانا و لێهاتوویی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرکە سەختەکاندا، ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەت و لە ڕۆژی ١٠ی تەمووزی ٢٠١٩ دا، بە زۆرینەی دەنگ لە پەرلەمان متمانەی پێ درا.

مەسرور بارزانی بە دیدگایەکی ڕوون و کارنامەیەکی دەوڵەمەندەوە، شانی دایە بەر بەرپرسیارێتییەکی سەختی حکومەت، سەرەڕای کەڵەکەبوونی ژمارەیەکی زۆری کێشە و قەیرانی چارەسەر نەکراو، یەکەم هەنگاوی سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووبوونەوەی شێوە جیاوازەکانی گەندەڵی و جێبەجێکردنی چاکسازی بوو.

لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گولان خانمانی کوردستان هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامدانی چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و قەیرانی دارایی و دەرهاوێشتە خراپەکانی کۆڤید ١٩ بەرز دەنرخێنن و کابینەی نۆیەم بە کابینەیەکی خۆڕاگر وەسف دەکەن.

گولان: کۆمەڵایەتی





ئاشنا بابان:

**ئەوەی لە کابینەی نۆیەم هاتە بەرهەم لەگەڵ ئەو هەموو گرفت و ئاستەنگانەی هاتنە بەردەمی، پێداگری بوو لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان کە مایەی دەستخۆشی و دڵخۆشییە**

ئاشنا بابان مامۆستای زانکۆ، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «کابینەی نۆیەمی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە دەستپێکی کارنامەی کارەکانی ئەو کابینەیە کە بریتیی بوو لە کۆمەڵێك کار و پرۆژەی گرنگ و چاکسازی و گۆڕانکاری لە پیناو خزمەتگوزاری و بەرژەوەندیی گشتی و نیشتمانیدا و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی ناوچەیی و جیهانیدا، لەگەڵ ئەوەی لە کاتی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم دوو قەیرانی جیهانی سەریان هەڵدا، ئەوایش بڵاوبوونەوەی پەتای فایرۆسی (کۆڤید١٩) ناسراو بە کۆرۆنا لە جیهاندا، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نەبوو لە و پەتایە کە بووە هۆکاری وەستانی کار و چالاکیی گشتی و هەروەها کاریگەریی نەرێنی هەبوو، بەتایبەتی لە پرسی سنووردارکردنی بازرگانی و وەستانی جوولەی ئابووری و کەرتی تەندروستی و کەرتی پەروەردەدا، بەڵام بەسەر ئەو هەموو گرفتانەدا زاڵ بوو».

ئاشنا بابان ڕای وایە «قەیرانی ئابووری و ناسەقامگیری ئابووریی جیهانی لە ئەنجامی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەو دەوڵەتانەی داهاتی سەرەکییان پشتبەستن بوو بە نەوت، هەرێمی کوردستانیش کاریگەریی قەیرانە جیهانییەکانی لەسەر بوو، بەڵام خۆشبەختانە تێپەڕاند»، گوتیشی: «کابینەی نۆیەم جگە لە قەیرانە جیهانییەکان کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، کۆمەڵێك کیشە و گرفتی ناوچەیی و ناوخۆیی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هەبوو. هەر لەو ڕوانگەیەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە کار و ئەرکی ئەم کابینیە ئاسان نەبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ئاڵنگارییانەدا توانی کار و پرۆژە و بەرنامەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و گۆڕانکاری و چاکسازییەکانی بەردەوام بێت، ڕەنگە بە تەواوی بە هۆی ئەو هۆکار و قەیرانانەی سەرەوە کە باسمان کرد، نەتوانرابێت گەندەڵی لە ریشەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام تا ئاستێکی بەرز گەندەڵی کەم بووەتەوە و چاکسازی و گۆڕانکارییەکان بە ئاشکرا دیارن لە چاکسازی بەرێوەبردن و کارگێڕی و پێشکەوتن و کاری خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان بە ڕادەیەکی بەرچاو دەبیندرێت، کابینەی نۆیەم جگە لە گرنگی پێدان بە کەرتی کشتوکاڵ و کارەبا و خوێندنی باڵا و پەروەردە، گرنگی بە دروستکردنی بەنداو و ڕێگاوبان و سنووردارکردنی دیاردەی هەڵگرتنی چەك دا و هەوڵەکانی بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی و دروستکردنی حکومەتی دیجیتالی بەردەوامە».

سەبارەت بە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نێوان هەرێم و بەغداش گوتی: «جگە لە پتەوکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەغدا، پەیوەندییە هەرێمە ناوچەییەکان و دەوڵەتانی عەرەبی و کەنداو و دەوڵەتانی جیهانیش پەرەی پێ درا، کە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگییەکی زۆری بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان هەیە».

جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەوەی لە کابینەی نۆیەم هاتە بەرهەم لەگەڵ ئەو هەموو گرفت و ئاستەنگانەی هاتنە بەردەمی، پێداگری بوو لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان کە مایەی دەستخۆشی و دڵخۆشییە».

شنیا هۆشیار کارگێڕی لقی هەڵەبجەی (ی،ق،ك) سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کابینەی نۆیەم هەر لە سەرەتاوە بە گیانێکی متمانە بەخۆبوونەوە دەستی بە کارکرد و خاڵەکانی ناو بەرنامەکەی بریتیی بوون لە داوا وخواستەکانی خەڵك، بە جۆرێك کە سێکتەرە هەرە گرنگەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵکی کردبووە ئامانجی خۆی بۆکارکردن و لە پێش هەموویانەوە دژایەتیکردنی گەندەڵی و بەگژداچوونەوەی بەهەدەردان بوو». گوتیشی: «لەم کابینەیەدا کاری زۆر باش کراوە و گەلێك کەیسی گەورە دەستیان بۆ براوە، وەك زیادکردنی داهات و شەفافکردنی بڕی داهات و خەرجی مۆدێلێکی نوێ بوو کە ئەم کابینەیە هێنایە کایەوە، کە بووە هۆی ئەوەی خەرجی کەم بکرێتەوە و لەو هەموو قەیران و نەهامەتی و ئابڵوقە جیاوازانەدا حکومەت بتوانێت مووچەش بدات و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیش بەردەوامییان هەبێت».

ئەو چالاکە سیاسییە ئەوەشی دووپات کردەوە کە «سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی کابینەکەی هەمیشە هەماهەنگ بوون لەگەڵ



شنیا هۆشیار:


**لەم کابینەیەدا کاری زۆر باش کراوە و گەلێک کەیسی گەورە دەستیان بۆ براوە، وەک زیادکردنی داهات و شەفافکردنی بڕی داهات و خەرجی مۆدێلێکی نوێ بوو کە ئەم کابینەیە هێنایە کایەوە**

پەرلەمان و لیژنەکانیدا و داتا و زانیاریی پێویستیان پێشکەش کردوون، کە ئەمەش لە متمانەبەخۆبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، کابینەی نۆیەم لەبەر ئەوەی خواستی خەڵکی کردبووە ئامانج لەلایەن گەندەڵکاران و مشەخۆرەکانەوە دژایەتی کرا و بەربەستی بۆ دروستکرا، بەڵام ئیرادەی بەهێزی سەرۆك وەزیران و پشت ئەستووریی بە هێزی خەڵك و هاووڵاتیان وایانکرد بەسەر بەربەستەکاندا سەرکەوێت و هەنگاوی گەورە لە دژایەتیکردنی گەندەڵیدا بنێت، خێراکردنی خزمەتگوزارییەکان و کرداری زۆر و قسەی کەم لە سیما هەرە سەرەکییەکانی ئەم کابینەیەی حکومەتن».

تەرزە حسێن کارگێڕی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «سەرەتای دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی قەیران و ئابووریی لاواز و نەبوونی ژێرخانێکی بەهێز هاتە ئاراوە، بەڵام بەسەر هەموو گرفت و قەیرانەکاندا زاڵ بوو. ئەم کابینەیە بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مەسرور بارزانی توانی لە ماوەی چوار ساڵی کابینەکە زۆربەی ئەو قۆناغە سەخت و دژوارە تێپەڕێنێت، ئەمەش بە بڕیارە بەهێز وکاریگەرەکانی سەرۆکی حکومەت بوو». هاوکات دەڵێت: «چاکسازی بەردی بناغەی ئابوورییەکی بەهێز بوو، لە کاتێکدا ئەو لەمپەر و دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە هەمیشە دژی بڕیارە چاکسازییەکانی کوردستان بوون، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیان دژایەتیی کارنامەی سەرۆکی حکومەتیان دەکرد و دەیکەن. ئەوەشمان بیر نەچێت گرنگی زۆری دا بە بەڕۆڵی بەشداری کردنی ئافرەتان لە دامودەزگا حکومییەکان و پێگەیاندنی کادری ئەکادیمی و نوخبە لە سێکتەرە جیاوازەکان و بەرەوپێشچوونی لاوان و ڕەخساندنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت وفەراهەمکردنی مافەکانیان. دەستکەوتەکانی ئەم کابینەیە زۆرن و گەشبینم بەوەی تاکو فەرمانڕەوایەتی لە دەستێکی ئەمینی وەك ڕێزدار (مەسروربارزانی) بێت هەنگاوەکان بۆ بەرەوپێشچوون وخزمەتکردنی هاووڵاتیانی کوردستان زیاتر دەبن».


مینا سامی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «حەقی خۆیەتی ئەو ناوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێین، کە حکومەتی بەهێز و حکومەتی خەڵکە، ڕەنگە کاتێ ئەم ناونیشانە بەرچاوی خوێنەران بکەوێت، وای بزانن باس لە کابینەیەکی حوکمڕانیی وەهمی یان ( مەدینە فازلە) بێت، بەڵام لە ڕاستیدا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کوردستانی زۆر بەرەو پێش برد. سەرباری ئەوەی کە تەمووحاتی ئێمە زۆر لەوە زیاتر بوو، کە کابینەی ئێستا بتوانێ فەراهەمی بکات بۆ هاووڵاتیان، بەڵام ئەم کابینەیە وەك شیلدی ڤاگنەرەکانی ئیرلەندا بەهێز و بەناوبانگ بوو لە چەندین لایەنەوە لەوانە؛ ئەم کابینەیە توانی ڕووبەڕووی ڤایرۆسی کۆرۆنا ببێتەوە کە زۆربەی ئیدارەکانی جیهان شکستیان هینا لەوەی بتوانن ئیدارەی ئەو دۆخە بکەن، لە هەندی وڵات بوو بە فەوزا و ترس و دڵەڕاوکێ، بەڵام لە کوردستان بە یارمەتیی هاووڵاتیان و کادرەکانی تەندروستی توانرا بە سەر ئەو دۆخە سەرکەوین، بێ ئەوەی مووچەی فەرمانبەران بوەستێ، لە کاتێکدا لە جیهان ڕکوودی ئابووری تەنگی پێ هەڵچنیبوون. کاریگەرترین قەیران کە لەم کابینەیە توانرا ڕووبەڕووی ببنەوە، بریتی بوو لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران و دانەوەی قەرزی حکومەت و بەردەوامبوونی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، کە بۆی هەیە ئەمە ڕێك وەك شیلدی ڤاگنەرەکان بێت کە ئەم حکومەتە کردوویەتی، بە هیچ شێوەیەك وا چاوەڕوان نەدەکرا و، زۆر کەس و لایەن گرەویان لەسەر لە بارچوونی ئەم حکومەتە کردبوو، کە هەر لە شەش مانگی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام ئەم نەهجە و پیلانە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکان بە تەواوەتی شکستیان هینا».

گوتیشی: «ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (مسرور بارزانی) و پارتەکەی زۆر بۆیرانە کاریان لەسەر یەکریزی و تەبایی نێوماڵی کورستان کردووە، هاوتەریب لەگەل هەوڵە ناوازەکانی جەنابی سەرۆك و ڕێزدار سەرۆکی هەرێم توانرا بە زووترین کات تیمی یەکێتی بۆ سەر کارەکانیان بگەڕێننەوە».



تەرزە حسێن:

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی قەیران و ئابووریی لاواز و نەبوونی ژێرخانێکی بەهێز هاتە ئاراوە، بەڵام بەسەر هەموو گرفت و قەیرانەکاندا زاڵ بوو**



مینا سامی:

**زۆر کەس و لایەن گرەویان لەسەر لە بارچوونی ئەم حکومەتە کردبوو، کە هەر لە شەش مانگی یەکەم هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام ئەم نەهجە و پیلانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە تەواوەتی شکستیان هینا**



## تارا ئەمین سەپان:

# تا ئافرەت خاوەنی کیانی خۆی نەبێت، ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە

هەنگاوە سەخت و دژوارەکانی خانمان بۆ بە دەستهێنانی داهات و ئابووریی سەربەخۆ بەردەوامی هەیە، جێگەی پێزانینە لێرە و لەوێ ژمارەیەکی زۆری خانمان پێداگیرانە بوونەتە خاوەنی بزنێس و پرۆژەی جۆراوجۆر. تارا ئەمین سەپان خانمە چێشتلێنەرێکی بە ئەزموونی شاری سلێمانییە، زیاتر لە ١٠ ساڵە لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ڤیدیۆی فێرکاری خواردنەکانی بۆ هەوادارانی بڵاو دەکاتەوە، لە پاڵ ئەمەشدا چێشتخانەیەکی بچووکی هەیە و بە شێوەی دلیڤەری خواردن بۆ کڕیارەکانی دەنێرێت. هاوکات کاری ڕیکلام بۆ کەلوپەلە خۆراکییەکان دەکات و تێکڕای پەیجەکانی خۆی لە سۆشیال میدیا بەڕێوەدەبات، جیاواز لە کاری چێشتلێنان دەستی نووسینیشی هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



تارا ئەمین سەپان، ساڵی ١٩٧٣ لە کانی ئاشقانی پارێزگای هەڵەبجە لەدایك بووە، دواتر لەگەڵ خانەوادەکەی هاتوونەتە سلێمانی و دوای تەواوکردنی پۆلی نۆی بنەڕەتی ژیانی هاوبەشی پێك هێناوە. دایکی کچ و کوڕێکە و لە ساڵی ١٩٩٨ سەفەری بۆ هەندەران کردووە و ماوەی ٢٥ ساڵ لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیاوە. ساڵی ٢٠١٩ گەڕاوەتەوە سلێمانی و چێشتخانەیەکی داناوە. لە ساڵی ٢٠١٨ پەرتووکی (هونەری چێشتلێنان)ی چاپ کردووە، کە ٢٦٠ لاپەڕە لە خۆ دەگرێت. ساڵی ٢٠٢٠ بۆ جاری دووەم چاپ دەکرێتەوە کە لە ٤١٧ لاپەڕە پێکدێت. هەروەها دیوانێکی شیعری چاپکراوی هەیە، ئەو خانمە شێفە لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەم جۆرە باس لە هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ خوێنەران دەکات.

«هەر لە منداڵییەوە حەزی خواردن دروستکردنم هەبوو و لەبەر دەستی دایکم بووم و لە چێشتخانە یارمەتیی دایکمم داوە، لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە دەستم بە خواردن دروستکردن کردووە، لە ساڵی ٢٠١٠ دەستم بە کارکردن کرد وەکو شێف و تاوەکو ئێستا بەردەوامم و پەیجی تایبەت بە کارەکانی خۆمم هەیە. ساڵی ٢٠١٩ گەڕاوەمەوە سلێمانی و چێشتخانەیەکم دانا. بەهۆی هاتنی کۆڤید و کەرەنتینە و هەندێ بەربەستی خێزانی گەڕامەوە ئەڵمانیا لە ئێستادا ماوەی ساڵێکە گەڕاومەتەوە بۆ سلێمانی و چێشتخانەیەکی بچووک ڕایی دەکەم. هاوکات کاری ڕیکلام بۆ کەلوپەلە خۆراکییەکان دەکەم و تێکرای پەیجەکانم لە سۆشیال میدیا بەڕێوەدەبەم».

تارا ئەمین سەپان بەو شێوەیە باسی ژیانی خۆی کرد، سەبارەت بە ڕەوتی کارکردنی خانمانیش دەڵێت: «پێموایە تا ئافرەت خاوەنی کیانی خۆی نەبێت و خاوەنی گیرفان و داهاتی سەربەخۆی خۆی نەبێت ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و هەست بەبوونی خۆی ناکات، جێگەی دەستخۆشییە لە ئێستادا خانمان بە گوڕ و تینەوە هەر یەکەیان بەپێی توانای خۆیان دەستیان داوەتە کارێك، بەتایبەت کاری دروومان و چنین و چێشتلێنان، ئەوانەشی بڕوانامەیان نییە، یان لە دەرفەتی دامەزراندن لە کەرتی گشتی سوودمەند نەبوون، بەڵام نائومێد نەبوون و هەوڵیان داوە خاوەن کار بن. تموحی ئێمەی ئافرەتیش زۆر لەوە زیاترە و دەخوازین ئافرەتان بێنە مەیدانی کار و پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن و ببنە خاوەن گیرفانی خۆیان بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێکی باش بن بۆ خێزان و هاوسەرەکەشیان».

تارا ئەمین جگە لە هونەری چێشتلێنان، لە بواری مافەکانی ئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتی و ئاریشەکانی کۆمەڵگە دەنووسێت و، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە بواری مافەکانی ئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بابەتم وروژاندووە، لە سەرجەم کەناڵە کوردییەکان بەشداریم کردووە و خاوەنی چەندین خەڵات و ڕێزلێنانم، لەوانە: «خەڵاتی الاتحاد العراقي للقوس والسهم»، خەڵاتی یانەی وەرزشیی سلێمانی، خەڵاتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، خەڵات و ڕێزلێنانی مەگەزین فوود، سوپاسنامەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەریی سلێمانی، سوپاسنامەی کەناڵی سپێدە و دواهەمین خەڵاتیشم خەڵاتی کاك قوباد تاڵەبانی بوو بۆ پشتگیریی ژنانی خاوەنکار.»

دەربارەی ئەو بەربەستانەش کە دێنە بەردەمی خانمان لە کاتی هاتنیان بۆ مەیدانی کار، گوتی: «هەموو کارێك کە دەستی پێ دەکەیت، گرفت و بەربەستی بۆ پەیدا دەبێت، شێوازی تێپەڕاندنی بەربەستەکانیش دەگەڕێتەوە سەر توانای ڕووبەڕووبوونەوە و ڕازیکردنی خێزان و لە هەمان کاتیشدا جۆری کارەکە کە گونجاو بێت، یان نەگونجاو بێت، ئەوانە هەمووی کاریگەریی خۆیانیان دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە خۆت کۆڵ نەدەی و باوەڕ بە چوار دەورت بهێنی و کاری باش و جوان ئەنجام بدەیت، ئەو کات بەربەستەکان وردە وردە لادەچن.

**هەر لە منداڵییەوە حەزی خواردن دروستکردنم هەبوو و لەبەر دەستی دایکم بووم و لە چێشتخانە یارمەتیی دایکمم داوە**

**بەهۆی هاتنی کۆڤید و کەرەنتینە و هەندێ بەربەستی خێزانی گەڕامەوە ئەڵمانیا، بەڵام لە ئێستادا ماوەی ساڵێکە گەڕاومەتەوە بۆ سلێمانی و چێشتخانەیەکی بچووک ڕایی دەکەم**

**لە بواری مافەکانی ئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بابەتم وروژاندووە**



# هونەرمەند و ڕۆشنبیریی یاسایی



فەرهەنگ غەفور

هونەرمەندانی کورد لە ڕابردوودا، هاوشێوەی خەڵکی کورد بەگشتی، کە سایکۆلۆژیەتیان سایکۆلۆژیەتێکی هاوسۆزانە و یەکمالانە و بێ فەرق و جیاوازی بووە، نەك چاوپۆشییان لەوانە کردووە کە بەرهەمەکانی ئەوانیان بۆ خۆیان بردووە و جارێکی دیکە پێشکەشی کۆمەڵگایان کردووەتەوە، بەڵکوو هەستیشیان بە شانازییەك کردووە، کە بەرهەمی ئەوان دەستاودەست و دەماودەم دەکات و دەچێتە ناو خەڵك، تا وای لێدەهات زۆر بەرهەم لە خاوەنەکەی دادەشۆرێنران و دەبوون بە موڵکی گشتی و وەك فۆلکلۆر و کەلەپووری گشتی ئەم دەست و ئەو دەستیان دەکرد. ئەم سایکۆلۆژیەتە لای خەڵکی کورد، بە هونەرمەند و ئەدیبەکانیشەوە هەبووە، ڕەنگە لێرە و لەوێ هونەرمەند یان ئەدیبی وا هەبووبێ درکی بەوە کردبێ، کە ئەمە بەزاندنی سنووری مافەکانی ئەو و پێشێلکردن و داگیرکردن و بردنی بەرهەم و ڕەنجی ئەوە دەچێتە دەست خەڵکی دیکە، بەڵام ئەویش بەهۆی تێڕوانینی ئەوکاتی کۆمەڵگا و ئاستی نزامی ڕۆشنبیریی گشتی و نەبوونی هیچ یاسا و بنەمایەك بۆ ڕێگریکردن



لەو دیاردەیە، نەیتوانیبێ بەرگری لە خۆی و بەرهەمی خۆی بکا و رەنجی ئەویش دەچووە سەر خەرمانەی گشتیی هونەری میللی.

جا ئەوە لە سەردەمی رابردوودا، بەڵام بۆ سەردەمی ئەمڕۆ، کە هەموو شتێك لەو دونیایەدا گۆڕاوە و وشیاری و ئاگایی بایی ئەوەندە هەیە، کە هەرکەسەی بەرهەمێکی هەبێ، دەتوانێ خاوەنداریی لێ بکا و بەری رەنجی خۆی بۆ خۆی بێ، بەتایبەتی کە یاسا و رێسای تایبەت بە داکۆکی و بەرگری لە مافی دانەر و خاوەن بەرهەم هەیە، زۆر جێی سەرسامییە، کە زۆربەی هونەرمەندان ئاگاییان بەوە نییە، کە بۆ ئەم مەبەستە یاسایەك لە پەرلەمان کوردستان دەرچووە، بۆیە زۆر جار هونەرمەندان لە میدیاکاندا دەبینین، یان گوێمان لێیان دەبێ، گلەیی دەکەن کە یاسایەك بۆ پارێزگاری و پاراستنی بەرهەمەکانیان نییە! ئەم بێئاگاییەی زۆر لە هونەرمەندان لەو بابەتە، بۆ خودی هونەرمەندان، هەروەها بۆ سەندیکای هونەرمەندان و وەزارەتی رۆشنبیری و تەواوی ئەو دەزگا و دامەزراوانەش دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندیدارن بە بابەتەکەوە، کە چۆنە تا ئێستا نەتوانراوە لە کۆڕ و سمینار و دیبەت و لە میدیا و سۆشیال میدیاکان ئەو زانیارییە بگەیەنن و هونەرمەندان ئاشنا بکرێن بەو یاسایە، کە لە بەرژەوەندیاندایە و بۆ پاراستنی بەرهەم و رەنجی ئەوانە.

لەم روانگەیەوە و بۆ ئاشناکردنی هونەرمەندان، لێرەوە پێیان رادەگەیەنم، کە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٢ دەرچووە، بە ناوی (یاسای مافی دانەر و مافە هاوسێکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، کە بریتییە لە (٤٧) مادە. ئەم یاسایە بۆ پارێزگارییە لە بەرهەم و رەنجی هونەرمەندان و رێوشوێنەکانی تێدا روون کراونەتەوە، کە چۆن هونەرمەند، یان هەر خاوەن بەرهەمێکی دیکە دەتوانێ بەم یاسایە داکۆکی لە خۆی و بەرهەمەکەی و دانراوەکەی و رەنجەکەی بکات و مافی خۆی وەربگرێتەوە و لەبەرامبەریشدا ئەو کەس و لایەنە سزا بدات، کە سەرپێچی و دەستدرێژیی کردووەتە سەر بەرهەمەکەی و بێ پرس و رای ئەو و بێ رێککەوتن لەگەڵیدا، بەناوی خۆی پەخش و بڵاوی دەکاتەوە.



## چارلیز تیرۆن:

# کاریزماییەکەم بەکار دەهێنم


لە چاوپێکەوتنێکدا ئەکتەری بە ڕەچەڵەك ئەفریقی (چارلیز تیرۆن) زۆر شتی ئاشکرا کرد و بە ڕاشکاوی وەڵامی چەند پرسیارێکی سەبارەت بە ژیانی تایبەتی خۆی دایەوە.

سەبارەت بە باڵابەرزی و سەرنجڕاکێشی و تا چەند ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە دونیای هونەری حەوتەم، چارلیز گوتی: « لە دەرەوەی ڕۆڵەکانم لەو کارەکتەرانە ناچم کە ڕۆڵی تێدا دەگێڕم، بۆ نموونە لە فیلمی (داکۆکیکاری شەیتان) من ڕواڵەت و مێینەیی خۆمم بەکار هێنا بۆ زیادکردنی هەندێك ڕاستگۆیی بۆ دیمەنە سێکسییەکان، بەڵام لە کۆتاییدا تەنیا وەك ئەکتەرێك دەمێنمەوە، کە ڕۆڵی ژنێکی شەیتان دەگێڕم، کە یاری بە سەرنجڕاکێشییەکەی لەگەڵ پیاوان دەکات، وە لە بنەڕەتدا بە ئەستێرەیی خۆم بە خۆشییەکی زۆرەوە ژیام و خۆم وەك شاژنێك لە سەر تەختی سینەما خەیاڵم دەکرد، دواتر لە سەرووی هەورەکانەوە هاتمە خوارەوە و بۆم دەرکەوت کە ژیان لە سایەی ناوبانگەوە ئاسانتر نییە، و پاراستنی سەرکەوتن قورسترە لە گەیشتن پێی» .

هەروەها گوتی: «من لە هۆلیوود کەسێکی بیانیم، بەو پێیەی خەڵکی ئەفریقای باشوورم و وەك هەر کچێکی دەربەدەر سەبرم هەیە و ناهێڵم سەختییەکان لەناوم ببەن، من یاری بە ئاگر دەکەم و سەر لە بینەرەکانم دەشێوێنم، بەڵام من ئەکتەرم، هەر بۆیە هەموو ئەو چەکانەی لە بەردەستمدایە بەکاری دەهێنم بۆ سەلماندنی کەسایەتی خۆم.»

دواتر باسی لە خەرجکردنی سەروەت و سامانەکەی کرد و گوتی: «ئەوەی حەزم لێیە دەیکرم، ئەمەش ڕاستییەکە کە بە هیچ شێوەیەك نکۆڵی لێ ناکەم، پاشان لەلایەکی دیکەوە بەشداری دەکەم لە چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵە خێرخوازیەی کە بۆ چاودێریکردنی منداڵانی بێبەش لە باشووری ئەفریقا، کە لە شارەکەی خۆم دامەزراندووە».

# فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری بێ سنوور بەڕێوە چوو





بە ئامادەبوونی دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، سەرۆکی ئەمینداریەتیی زانکۆکانی جیهان و ئاریان سەلاحەدین بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و نووسەر و شاعیر و هونەرمەندان لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی(ڕۆشنبیری بێ سنوور) بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆڕبەندی ئەزمەڕ بۆ ڕۆشنبیری و هونەر، دیدارێکی ڕۆشنبیری و هونەری لە زانکۆی جیهان ئەنجام درا. سەرەتا بە کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری خانمە هونەرمەند سارا تەڵایی دەستی پێ کرد، دواتر ژمارەیەك وتار پێشکەش کران، ئینجا ئاهەنگ و گۆرانی و خوێندنەوەی شیعر و نمایشی شانۆگەری و واژووکردنی کتێبی مۆنالیزای خاتوو سروە و بڕوانامە بەخشرایە بەشداربووانی ئەو دیدارە.

مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم فیستیڤاڵە لێک نزیککردنەوەی ئەدەبی و نووسەرانی شارەکانی پارێزگاکانی کوردستان و عێراق و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان بوو، لە نێوان ئەدیبانی شارەکان، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم فیستڤاڵەش ئەندازیار بورهان سابیر سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەنجامدانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵە زیاتر خزمەتکردنی بواری ڕۆشنبیری و هونەری و کەلتووریە لە نێوان پارێزگاکان و کۆکردنەوەی سەرجەم ئەدیبانە لە هەولێری پایتەختی کوردستان، کار و چالاکییە هونەرییەکانمان بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت لەم بوارە ئەنجام بدەین».



هەروەها مەهدی حافز بەشداربووی ئەم فیستیڤاڵە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە شاری بەغداوە هاتووین و زۆربەی ئەدیب و نووسەر و شاعیرانی شارەکانی عێراق هاتووین بۆ هەولێر و لە کەشێکی ئارام ئەم فیستیڤاڵەمان دەوڵەمەندتر کردووە، دەمانەوێ ئەم هەماهەنگییە لە نێوان شارەکان بەردەوام بێت، چونکە شارەکانی عێراق و کوردستان خاوەنی کەلتوور و شارستانیی بەرزن و هونەردۆستن.

# تەلارسازیی مزگەوتی کورد

## (٢-٢)

**هونەری تەلارسازی، لە گەڵاڵە بوون و پێگەیشتندا، وابەستەی چەند هەلومەرجێکە، کە سەرەنجامی کۆبەکۆی کۆمەڵێك پرۆسەی کۆمەڵایەتی و باوەڕ و گەشە کردنی شارستانیەت، ڕەگەزەکانی دەخەملێن و سیمای تایبەتی خۆی بەدەست دەهێنێت. ڕیشەی ئەم هونەرە، لە کۆبیر و کۆباوەڕی کۆمەڵ، بە سوود وەرگرتن لە توانای دارایی و کەرەستەی بەردەست و ژینگە، سەرچاوەی گرتووە. ئەگەرچی توێژەرانی ئەم بوارە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، تەرزە تەلارسازییەکی مزگەوتی کوردییان پێناسە نەکردووە، چونکە قەوارەیەکی سیاسی بۆ چەشنە هونەرێکی لەم جۆرە پاڵپشت نەبووە، وێڕای ئەوە، لە گەشتێکدا بە نێو شار و ئاواییەکانی کوردستانی مەزندا، بە تایبەتی لە دێرین شارەکانی کوردستاندا، چەشنە تەلارسازییەکی خۆماڵیی مزگەوت لە وڵاتی خۆماندا دەبینین.**

**تاریق کارێزی**

بۆ ساغ کردنەوەی سیمای ئەو تەرزە تەلارسازییەی مزگەوتی کورد، لێکۆڵینەوەی زانستیمان پێویستە. مێژووی ئەم هونەرە ساغی کردووەتەوە، هەموو کات و هەر کات، بەدەم دامەزراندنی قەوارەی سیاسییەوە، هونەرەکە زیاتر خۆی خەملاندووە، دارایی دەوڵەت و حەزی خۆ دەرخستن و خۆ نمایش کردن، هەندێك جاریش باوەڕی بەتین و ئیمانداری، پاڵی بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی مەزنەوە ناوە، دارایی زۆر بخەنە خزمەت دروست کردنی مزگەوت یان هەر جۆرە پەرستگەیەکی پەیوەست بە بیر و باوەڕی گەل و نەتەوەوە. ئەمەش وای کردووە، هونەری تەلارسازی بە گشتی و تەلارسازیی مزگەوت و شوێنانی ئایین بە تایبەتی، گەشەیەکی زۆر بکات و سیمای ژیار و شارستانیەتی تایبەتی ئەو شوێنە، بە خۆوە بگرێت.

پەیوەست بە تەلارسازیی مزگەوتی کورد، لێرەدا باسی نموونەیەکی گەش، مزگەوتی مەلا نەزیری گەورە لە هەورامان دەکەین. ئەو مزگەوتە نموونەیەکی ناوازەی تەلارسازییە، لە هیچ چەشنە تەلارسازییەکی دیکەی مزگەوتی هیچ شوێن و نەتەوەیەکی دیکە ناکات، بەڵکوو بە تەواوی زادەی هەستی بڕوادارانە و سەلیقەی جوانخوازانەی کورد و ژینگەی کوردستانە. ڕەگەزەکانی تەلارسازیی مزگەوت خۆی لەم توخمانەدا دەبینێتەوە (منارە، گومبەت، حەرەم، مینبەر، تاق و هەیوان، دەروازە، کەوانە، پەنجەرە، پشتێنەی نەخش و نووسین، کەرەستەی بینا). لە گۆشەنیگای ئەم توخمانەوە ئەگەر لە مزگەوتی مەلا نەزیر بڕوانین، دەبینین تەواوی ئەو ڕەگەزانە خۆماڵین، زادەی هزرین و خواستی ڕۆحی و هەستی میتافیزیکانەی مرۆڤی کوردن، بەرهەمی گونجاو بە ژینگەی کوردستان و کەرەستەی بەردەستی ئەم جوگرافیایەن.


هەرچەندە ئەم مزگەوتە وەك ڕووبەر و قەبارە، مزگەوتێکی بچووکە، سەدان مزگەوتی دیکە لە کوردستاندا هەن و بە ئەندازەیەك کە لە بەراورد نایەت، لە مزگەوتی مەلا نەزیر گەورەترن، بەڵام گرنگیی ئەم مزگەوتە لەوەدایە، سیمای تەلارسازییەکی زۆر خۆماڵی و کوردانە دەخاتە ڕوو. لە تەواوی توخمەکاندا، ئێمە سیمای خۆماڵی بەدی دەکەین. مزگەوتەکە لە بەرد و شاخی داتاشراوی ڕەش دروست کراوە، گومبەتی نییە، منارەکانیشی باریکن بە دوو کەمەری باریکەوە، کڵاوی منارەکانیشی لە شێوەی سەرکڵاوی سەپانن. میچی حەرەمەکەی بە ستوونی بازنەیی ڕاگیراوە، مینەری نییە، مەلا لە شوێن نوێژی خۆیەوە، هەر لە ئاستی نوێژکەرانەوە وتاری هەینیی تێدا پێشکەش دەکات. مزگەوتەکە دوو نهۆمە، پێ دەچێت گۆڕانی کەشی لە نێوانی هاوین و زستاندا، تێدا ڕەچاو کرا بێت. پەنجەرەی سەروو کەوانە و تاقی کەوانەداری

هەیە. دەروازەی مزگەوتەکە، لەبەر کەمیی عەرد، لە تەنیشتەوە، زۆر سادە و ئاسایی دروست کراوە. لێواری دیوارەکان کەمەریان بۆ کراوە، پشتێنەیەکی نووسین (ئایەت لە قورئان پیرۆز) سەرووی هەرە سەرەوەی ڕووکاری مزگەوتەکەی ڕازاندووەتەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەم چەشنە تەلارسازییەی مزگەوتی کورد، ئەگەر ئەندازیاری زیرەکی تەلارساز، بە ڕۆحێکی کوردانەوە کاری لەسەر بکات، توخمی دیکەی پەیوەست بە ژیار و شارستانیەتی کوردستانی بخاتە سەر، ئەوا لە چەند ساڵی داهاتوودا جۆرە تەلارسازییەکی مزگەوتی کورد گەڵاڵە دەبێت و دەچێتە سەر میراتی شارستانیی موسڵمانان و هونەری تەلارسازیی مزگەوتەوە.



# ڕیاڵ مەدرید قازانجێکی دارایی گەورەی کردووە





یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا رایگەیاند، کە ساڵی دارایی بۆ وەرزی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ بە ئەنجامێکی ئەرێنی دادەخات و داهاتەکەی بە بڕی ١٢ ملیۆن یۆرۆ گەشەی کردووە.

یانەی ریال مەدرید راپۆرتی دارایی ساڵانەی خۆی بۆ وەرزی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ بڵاوکردەوە و دووپاتیکردەوە، کە بڕی ١٢ ملیۆن یۆرۆی قازانجکردووە.

ریال مەدرید داهاتی وەرزی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ بەبێ گواستنەوەی یاریزانان ٨٤٣ ملیۆن یۆرۆ بووە، کە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو ١٧٪ زیادی کردووە بۆ یەکەمجاریش داهاتی پێش پەتای کۆرۆنای تێپەڕاندووە، کە ٧٥٧ ملیۆن یۆرۆ بوو لە وەرزی ٢٠١٨ – ٢٠١٩.

ریال مەدرید لە راپۆرتەکەیدا باس لەوە دەکات، کە گەشەکردنی داهاتەکەی بەهۆی سەرکەوتنەکانی تیپەکانی بووە لە تۆپی پێ و باسکە.

بەپێی ئەوەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە تیپی تۆپی پێیان جامی جیهانی یانەکان، جامی شا و سوپەری ئەورووپی بەدەستهێناوە و تیپی باسکەشیان بووەتە پاڵەوانی یۆرۆلیگ و جامی سوپەری ئیسپانیا.

ریال مەدرید دوای لێکدانەوەی سەرجەم داهات و خەرجی و باجەکان ١٢ ملیۆن یۆرۆی قازانجکردووە، بەڵام پێشبینی دەکرێت داهات و قازانجی ئەو یانەیە لە ساڵی داهاتوودا زیاتر ببێت بەتایبەتی، کە پڕۆژی گەشەپێدانی یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ تەواو دەبێت.

# ئەستێرەیەکی وێڵز لە دادگا رزگاری بوو



دەسەڵاتی دادوەری بەریتانیا تۆمەتەکانی ڕایان گیگزی وێڵزی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەش رزگاری بوو لەو سزایەی بەسەریدا سەپابوو، کە بەهۆیەوە نەیدەتوانی بگەڕێتەوە سەر کاری راهێنەرایەتی و ژیانی ئاسایی خۆی.

ماڵپەری دەیلی مەیلی بەریتانیا بڵاویکردووە لە دادگای تاجی لە شاری مانچێستەر دەزگای دادوەری بەریتانیا تۆمەتەکانی دژی ڕایان گیگز یاریزان و راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی وێڵز هەڵوەشاندەوە، کە تۆمەتبارە بە توندوتیژی بەرامبەر خۆشەویستەکەی پێشووی.

گیگز تۆمەتبار کرابوو بە دەستدرێژیکردنە سەر خۆشەویستەکەی پێشووی کەیت گرێڤیل وەکو باس کرابوو زیانێکی زۆری جەستەیی پێگەیاندووە.

رووداوەکە پێش ٣٣ ساڵ لەلایەن بنکەیەکی پۆلیسی شاری مانچێستەر تۆمار کراوە کاتێک درەنگانی شەو دراوسێیەکانی راهێنەرەکەی وێلز پەیوەندیان بە پۆلیسەوە کرد و گومانیان هەبوو، کە کێشەیەک لە ماڵەکەی گیگز دا هەیە کاتێك پۆلیس هاتووە دەرکەوتووە، کە گیگز توندوتیژی بەرانبەر خێزانەکەی بەکارهێناوە و بەم هۆیەوەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە ئەوکات گیگز راهێنەری وێڵز بوو، بەڵام راستەوخۆ لە پۆستەکەی دوورخرایەوە.



# کارلۆس ئەلکاراز بووە پاڵەوانی ویمبڵدۆن

کارلۆس ئەلکاراز یاریزانی تێنسی سەرزەویی ئیسپانی، لە یاری کۆتایی پاڵەوانێتی کراوەی تێنسی ویمبڵدۆن رووبەڕووی نۆڤاک جۆکۆڤیچ یاریزانی تێنسی سەرزەوی سربی بووەوە و بە ئەنجامی ٣-٢ کۆمەڵە لێی بردەوە.

دوای یارییەکە کارلۆس ئەلکاراز قسەی بۆ رۆژنامەنووسان کرد و گوتی: لە راستیدا من بۆ خۆمم کرد نەک بۆ نەوەی تێنس سەرسوڕهێنەر بوو، بردنەوە لە نۆڤاک لە باشترین ئاستی خۆیدا و لەم کاتەدا تۆمارکردنی مێژووە بەو پێیەی من ئەو پیاوەم، کە دوای ١٠ساڵی بێ دۆڕان لەم یاریگایەدا لە جۆکۆڤیچ ببەمەوە بۆ من سەرسوڕهێنەرە.

زیاتر گووتی: شتێکە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، بەدڵنیایەوە، وەک گوتم بۆ نەوەی نوێش زۆر باشە پێموایە بە بینینی من، کە لێمبردەوە باوەڕیان بەوە دەبێت، کە ئەوانیش دەتوانن بیکەن.

وهەروەها گوتی: ئێستا بەدڵنیاییەوە ئەمە خۆشترین ساتەکانی ژیانمە لەوانەیە لە پێنج ساڵی دیکەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئێستا تەمەنم ٢٠ ساڵە زۆر بارووذۆخی لەم جۆرەم بەسەر نەبردووە بۆیە لە کاتی ئێستادا چێژ لەم ساتە وەردەگرم، بردنەوە لە نۆڤاک و بردنەوەی ویمبڵدۆن شتێکە لەو کاتەوەی دەستم بە یاریی تێنس کردووە خەونم پێیەوە دەبینی، هەر بۆیە گەورەترین ساتەوەختی ژیانمە.

دوای یارییەکە نۆڤاک جۆکۆڤیچ قسەی بۆ رۆژنامەنووسان کرد و گوتی: هیوادارم ئەمە سەرەتای رکابەرییەکی گەورە بێت لە نێوان من و ئەلکارازدا و نازانم تا کەی دەمێنمەوە مەبەستم ئەوەیە با بزانین تەنیا سێ یاریمان بەرانبەر یەکدی ئەنجامداوە، دوو لەو یارییانە لە قۆناغەکانی کۆتایی گراند سلام بوونە و هیوادارم لە پاڵەوانێتی کراوەی ئەمریکا رووبەڕووی یەکدی ببینەوە وابزانم ئەوە کارێکی گرنگە بۆ وەرزش و یەکەم و دووەمی ریزبەندیی جیهان پێنج کاژێر رکابەری بکەن لە یارییەکی ٥ کۆمەڵەدا ناکرێت لەمە باشتر هەبێت بۆ ئەم وەرزشەمان.

پێموایە لە ماوەی ١٢ مانگی رابردوودا خەڵک باسیان لە ستایلی یاریکردنی ئەلکاراز کردووە، کە تێکەڵەیەکە لە من و رۆجێر فێدێرێر و رافایێل نادال منیش لەگەڵ ئەوەدام، پێموایە لە بنەڕەتدا باشترینی لە هەر سێ ستایلەکەدا بەدەستهێناوە. لە رووی دەروونییەوە زۆر خۆڕاگر و زۆر پێگەیشتووە ئەمە بۆ گەنجێکی تەمەن ٢٠ ساڵ زۆر سەرنجڕاکێشە لە رووی رکابەری و رۆحی شەڕکردن و ئەو بەرگرییە سەرسوڕهێنەرەی، کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە رافا بینیومانە.

# کەرکووک هەوڵی گەڕانەوە بۆ خولی کوردستان دەدات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی کەرکووك ئامادەکاریی تەواوی تێدایە بۆ گەڕانەوە بۆ یاریکردن لە خولەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆببەنەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە یانەکە بگەڕێتەوە ڕیزی یانە گەورەکان، لەم بارەشەوە نەوزاد قادر سەرۆکی یانەی وەرزشی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ یانەی سلێمانی ڕێککەوتووین بۆ ئەوەی سەردانی وەزیری دارایی و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکەین، تا هەردوو یانەی کەرکووك و سلێمانی بگەڕێنەوە نێو ڕیزی یانەکانی بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، هەوڵەکانمان بەردەوام دەکەین بۆ ئەوەی ئەم پێشنیارەی ئێمە پەسند بکەن»، لە بارەی هاوکاریکردنی یانەکەش نەوزاد قادر گوتی: «نوسراوێکم بۆ سەرۆکی حکومەت کردەووە، جگە لەوەش نوسراوێکمان بۆ وەزارەتی داراییش کردەووە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن، خۆتان دەزانن لە بەغداد هاوکاریمان ناکەن، حکومەتی عێراقی یارمەتی یانە کوردییەکان نادات، بۆیە چاوەڕوانی وەڵامی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری داراییین بۆ هاوکاریکردنمان، ئەگەر لە خولی کوردستانیش بەشدار بین، بە دڵنیاییەوە لە خولی عێراقیش بەشدار دەبین، ئەگەر سەد یانە لە کەرکووك هەبێت بۆ هەر یانەیەك دوو ملیۆنی بدرێت، یاریزان ئامادەیە بە ٥٠٠ هەزار یاری بۆ یانەی کەرکووك بکات، ئەوانەمان هەمووی بۆ بەرپرسان ڕوون کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاریی یانەکەمان بکەن و ئێمەش بتوانین خزمەتی شارەکە و یانەکەمان بکەین و چاوەڕوانی هەوڵی ئەوانین».



# ژیار گۆڤەند
# چەندین گرێبەستی پێشکەش کراوە

ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەی وەرزشیی دهۆك پێچەوانەی بەشێك لە یانەکانی دیکە پشتی بە یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان بەستبوو، یەکێك لەو ئەستێرە کوردانەش ژیار گۆڤەندی یاریزانی شاری هەولێر بوو، کە ئەم وەرزە توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ دهۆك لە هێڵی هێرشبەری پێشکەش بکات لە خولی نایابی یانەکانی عێراق، لە ئێستادا چەندین یانە داوای گرێبەستیان لەم یاریزانە لاوە کردووە، لە بارەی داواکردنی لەلایەن یانەکانی عێراقی ژیار گۆڤەند بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە پێنج یانەی عێراقی گرێبەستم پێشکەش کراوە، هەریەك لە یانەکانی قوەی جەوییە و تەلەبەی شاری بەغدا داوایان کردووم بۆ ئەوەی بەفەرمی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم، جگە لەم یانانەش سی یانەی تریش داوایان کردووم، بەڵام من بەفەرمی وەڵامی هیچ یەکێك لەم یانانەم نەداوەتەوە، چونکە تاوەکو لەگەڵ یانەی دهۆك کۆبوونەوە نەکەم، وەڵامی هیچ یانەیەك نادەمەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوەیە گرێبەستی یەك ساڵم لەگەڵ یانەی دهۆك ماوە»، ژیار گوتیشی: «لەگەڵ یانەی دهۆك زۆر ئاسوودەم هێشتا باوەڕ ناکەم وا بە ئاسانی ڕیزی یانەی دهۆك جێبهێڵم و ئەوانیش قبوڵی ناکەن، لە یانەکانی کوردستانیش گرێبەستم بۆ هاتووە بۆیە جارێ هیچ بڕیارێکم لەسەر چارەنووسی خۆم نەداوە، من هێشتا چاوەڕان دەکەم، بۆیە ئێستا بەفەرمی تەنیا یاریزانی یانەی وەرزشی دهۆکم و بیرم لە لای یانەی دهۆکە».



# سەرهەنگ موحسین دەدرەوشێتەوە



هەر چەندە سەرهەنگ موحسین گۆڵپارێزی پێشووی یانەی هەولێر ماوەی چەند وەرزێکە لە ڕیزی یانەی ئەمانەی شاری بەغدا یاری دەکات، لەم ماوەیەش جێگای خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی یانەکە کردووەتەوە، ئەم وەرزە سەرهەنگ موحسین ڕۆڵی کارای بینی لە سەرخستنەوەی یانەکە بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی عێراقی، بەڵام چەند یانەیەکیش داوای مۆرکردنی گرێبەستیان لەم گۆڵپارێزە کردەووە، لەم بارەشەوە سەرهەنگ موحسین گۆڵپارێزی کوردی لە شاری بەغدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەو ماوەیە لە شاری بەغدام لەگەڵ یانەی ئەمانە توانیومانە ئەم وەرزە بگەڕێنەوە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی عێراقی شان بەشانی یانە گەورەکانی عێراقی دەجەنگین لە خولە گەورەکەی عێراق»، لەبارەی هاتنی گرێبەستی دیکەش سەرهەنگ گوتی: «لە چەند یانەیەك داوا كراوم، تاكو ئێستا بڕیاری کۆتاییم نەداوە کە ئەم وەرزە لەگەڵ کام یانە دەبین بۆ یاریکردن لە خولەکانی عێراقی، ئەم ماوەیە لە شاری بەغدا ئاسوودە بووین و دەمانەوێ لە هەر یانەیەك یاری بکەین و خزمەت بکەین و بتوانین شوێنپەنجەمان دیار بێت لە ڕیزی یانەکان».

# پێویستە شەش کاتژمێر پێش نووستن قاوە نەخورێتەوە!

پسپۆڕانی تەندروستی ڕێنمایی دەکەن کە هیچ قاوە یان چای یان جۆرەکانی دیکەی شلەمەنییە کافائینییەکان لانیکەم شەش کاتژمێر پێش کاتی نووستن نەخورێتەوە، چونکە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر خێرایی چوونە خەو و کوالێتی خەو، بۆنموونە ئەگەر کاتی نووستنت ١١ ی شەو بێت ئەوا پێویستە کە پاش کاتژمێر ٥ ی ئێوارە هەرگیز قاوە یان چای نەخۆیتەوە. ئەو شلەمەنییانەی کە کافائین بە ڕێژەی جیاواز لەخۆدەگرن بریتین لە قاوە، چای، کاکاو، خواردنەوە وزەبەخشەکان Energy drinks، هەروەها هەندێك شلەمەنییە کاربۆنکراوەکانی وەکو کۆلا و بیبسی. لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە ماددەی کافائین Caffeine ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش لە زۆربەی خەڵدا دوا دەخات، ئەمەش کۆی ساتەکانی خەو کەم دەکاتەوە. لە لایەکی دی، خواردنەوەی قاوە (کە ڕێژەیەکی بەرزی کافائینی تێدایە) لەکاتی شەودا هاندەرە بۆ پەستی و نارەحەتی لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ، کە بە هۆرمۆنی سترێس ناسراوە.



# ئایا نەخۆشیی گرژبوونی کۆڵۆن مەترسیی هەیە؟



گرژبوونـی کۆڵـۆن IBS نەخۆشـییەکی بـاوی کۆئەندامـی هەرسـە، تووشـی ملیۆنـان کـەس لـە سەرتاسـەری جیهـان بووەتـەوە. گرژبوونـی کۆڵـۆن لـە ئەنجامـی تێکچوونـی هەماهەنگـی نێـوان مێشـك و ڕیخۆڵـە ڕوو دەدات، نیشـانە باوەکانـی گرژبوونـی کۆڵـۆن: سـك ئێشـە، گـۆڕان لـە ڕیتمـی گرژبـوون و خاوبوونـەوەی کۆڵـۆن، سـکچوون یـان قەبـزی، هەروەهـا کۆبوونـەوەی گاز لـە ڕیخۆڵـەدا. هـۆکارە هانـدەرەکان بـۆ زیادبـوون و توندبوونـی نیشـانەکان بریتیـن لـە: فاکتـەرە دەروونییـەکان بەتایبەتـی سـترێس، هەندێـك جـۆری خـۆراك، هەروەهـا ناهاوسـەنگیی بەکتریـای ڕیخۆڵـە. لـە لێکۆڵینەوەیەکـی سـویدیدا هاتـووە کـە بـە پێچەوانـەی بۆچوونـی زۆربـەی تووشـبووان، نەخۆشـیی گرژبوونـی کۆڵـۆن ئەگەرچـی تووشـبوو نـاڕەحـەت دەکات، بـەڵام هەرگیـز مەترسـی لەسـەر ژیـان نییـە، هەروەهـا ئەگـەری تووشـبوون بـە شـێرپەنجەی کۆڵـۆن زیـاد نـاکات، لەوکاتـەی کـە نەخۆشـیی گرژبوونـی کۆڵـۆن هیـچ مەترسـی نییـە، بـەڵام بوونـی چەنـد نیشـانەیەك هـاوکات لەگـەڵ نیشـانەکانی گرژبوونـی کۆڵـۆن کـە پێویسـت بـە بەداواداچوونـی پزیشـکی دەکات، وەکـو: هەسـتکردنی بـەردەوام بـە مانـدووبـوون و کـەم وزەیـی، هێڵنجـی بـەردەوام، پشـتئێشـەی درێژخایـەن، گرفتەکانـی میـزەڕۆ، کەمخوێنـی، هەروەهـا کەمبوونـەوەی کێشـی لـەش بـێ بوونـی هۆکارێکـی ڕوون.



# ١٣ هۆکاری سورسووڕان

هەسـتکردن بـە سەرسـووڕان Diziness بـۆ ماوەیەکـی کـورت پـاش مەشـقێکی وەرزشـیی تونـد یـان ڕاسـتەوخۆ پـاش هەڵسـانەوەیەکی خێـرا، بـە ئاسـایی هەژمـار دەکرێـت، بـەڵام سەرسـووڕان بـە ڕدێژایـی ڕۆژ لەوانەیـە کـە نەخۆشـی لەپاڵـەوە بێـت. ١٣ هـۆکارە باوەکـەی سەرسـووڕان بریتیـن لـە: گرفتەکانـی گوێـی نـاوەوە کـە لەوانەیـە هـاوکات بـن لەگـەڵ تێکچوونـی هاوسـەنگی و هەماهەنگیی جووڵەکانـی لـەش، شەقەسـەر کـە هاوکاتـە لەگـەڵ هێڵنـج و ڕشـانەوە و هەسـتەوەری بـە ڕووناکـی، دابەزینـی پەسـتانی خوێـن کـە هاوکاتـە لەگـەڵ لێڵبوونـی بینیـن و هەسـتکردن بـە مانـدووبـوون، کەمبوونـەوەی سـووڕی خوێـن بـۆ مێشـك کـە هاوکاتـە لەگـەڵ تێکچوونی بینین، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن کە هاوکاتـە لەگـەڵ هەسـتکردن بـە نـاڕەحەتـی و بێهێزیـی گشـتی، گرفتـە دەمارییەکانـی وەکو نەخۆشیی پارکینسـۆن، زیانی لابـەلای بەکارهێنانـی چەنـد دەرمانێـك، کەمخوێنـی کـە هاوکاتـە لەگـەڵ سـاردبوونی دەسـت وپێیـەکان، کەمبوونـەوەی ڕێـژەی شـلەی لـەش کـە هاوکاتـە لەگـەڵ هەسـتکردن بـە تینووبوونـی تونـد و بێهێزیـی لـەش، پەسـتی کـە هاوکاتـە لەگـەڵ زیادبوونـی لێدانەکانـی دڵ و ئـازاری گشـتیی لـەش، خۆربـردن و هیلاکیـی گەرمـا Heatstroke، سەرسـووڕانی سـەفەر یـان ڕشـانەوەی سـەفەر Motion sickness، هەروەهـا هەسـتەوەری بـە خـۆراك بۆنموونـە پـاش خواردنـی هێلکـە، شـیر، ماسـی یـان کاکڵـە و چـەرەزات.





# ئایا نووستن لەسەر سک زیانی هەیە؟

ئێمە سێیەکی ژیانمان بە خەو بەسەردەبەین، بۆیە پۆزیشن یان شێوەی پاڵکەوتن لەسەر تەختی نووستن گرنگیی زۆری هەیە، ئامانج ئەوەیە کە لەکاتی خەودا کەمترین فشار بکەوێتە سەر جومگە و ماسوولکەکان. لێکۆڵینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە نووستن لەسەر سك هەرگیز ڕێنمایی ناکرێت، بەڵکو نووستن لەسەر پشت یان تەنیشت باشترە بۆ کەمکردنەوەی ئازاری مل و پشت. نووستن لەسەر سك هاندەرە بۆ فشاری زیاد لەسەر مل و شان و پشت، واتە ئازار بەتایبەتی لەکاتی لەخەوهەڵسان، بۆنموونە: ئازای پشت بەتایبەتی لە بەشی خوارەوەی پشتدا لە ئەنجامی گرژبوونی ماسوولکەکانی پشت، ئازاری مل لە ئەنجامی سووڕانی سەر بۆ یەك لا لەسەر سەریندا لەبەر کشان و گورجبوونی ماسوولکەکانی مل هاوکات لەگەڵ فشار خستنە سەر بڕبڕەکانی مل کە هۆکارە بۆ هەستکردن بە سڕبوون یان تەزینی قۆڵەکان لە ئەنجامی کەمبوونەوەی لێشاوی خوێن و فشار لەسەر دەمارەکانی قۆڵ، ئازاری شان لەوکاتەی کە قۆڵێك یان هەردووکیان دەخرێنە ژێر سەرین یان لەسەر سەریندا بەرزدەکرێنەوە و گوشار دەخەنە سەر جومگەی شان، هەروەها زیادبوونی ئەگەری لۆچبوونی پێستی دەموچاو Facial wrinkles.

# ئەو خۆراکانەی سیستمی بەرگریی لەش لاواز دەکەن

پاراستنی سیستمی بەرگریی لەش Immune system لە ئاستێکی بەهێزدا یەکێکە لە گرنگترین خاڵەکان بۆ هێشتنەوەی چوستی و ئاستی بەرزی وزەی لەش، بەڵام ئەم مەسەلەیە دوو رووی دراوێکە، رووێك بریتییە لە هەڵبژاردنی ئەو خۆراکانەی کە بەرگری بەهێز دەکەن، رووەکەی تریش بریتییە لە سنوورداركردنی ئەو خۆراکانەی کە بەرگریی لەش لاواز دەکەن. ئەو خۆراکانەی کە سیستمی بەرگریی لەش لاواز دەکەن و پێویستە کە سنووردار بکرێن بریتین لە: خۆراکی سوێر (شۆر) کە هاندەرە بۆ گلدانەوەی ئاو لە لەش و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لەگەڵ گۆڕان لە توانای خانەکانی بەرگری، بری زیادی شەکر و شیرینی، زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە، کە هۆکارە بۆ شێواندنی خەو و لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش و بەرزکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، کەمخواردنی سەوزە بەتایبەتی سەوزە گەڵا تاریکەکان وەکو سپێناغ، سلق..تاد، زیاد خواردنی خۆراکی کەمریشاڵ یان کەمخواردنی ئەو خۆراکانەی کە دەوڵەمەندن بە ریشاڵ، وەکو نیسك، نۆك، بەزالیا، پاقلە، لۆبیا، کاکڵ و تۆوەکان، دانەوێڵەی تەواو، شوفان، لەگەڵ میوەکان.





# بەهای خۆراکیی گێزەر

گێزەر دەوڵەمەندە بە ریشاڵ، پۆتاسیۆم، ڤیتامین A، K، C، چەندین جۆری ڤیتامین B، لەگەڵ دژەئۆکسانی کارۆتینۆیدەکان Carotenoids بەتایبەتی ئەلفا و بیتا کارۆتین، هەروەها دژەئۆکسانی لیوتین Lutein و لایکۆپین Ly-copene. سوودە تەندروستییەکانی گێزەر: دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆری شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی سییەکان و پرۆستات و کۆڵۆن، هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش بەوەی کە هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش درێژ دەکاتەوە، باشترکردنی بینین و کەمکردنەوەی کاریگەریی تەمەن لەسەر تۆڕەی چاو AMD، رێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن بەهۆی رێژە بەرزەکەی پۆتاسیۆم، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی، لەش بەتایبەتی پاراستنی پەردە لینجەکان کە رێگرن لە هەوکردن بە میکرۆبی جیاواز، پاراستنی فرمانی شانەکانی مێشك بەهۆی سیفەتی دژەهەوکردنی پێکهاتەکانی گێزەر بەتایبەتی ماددە دژەئۆکسانی لیوتین.

# ئۆتۆمبیلە فڕیوەکان ئ

**پیشەسازی ئۆتۆمبیل لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە دیوە، ئۆتۆمبیلی بێ شۆفیر و ئۆتۆمبیلی کارەبایی و هایبرێد و ئۆتۆمبیلی فڕۆکە...تاد.**

**ئۆتۆمبیلی فڕیو، لە سەرەتای ئەم سەدەیە وەك بیرۆکە داهێنرا و دواتر لە ساڵەکانی ٢٠١٥بەولاوە بە کردەوە ئەم ئۆتۆمبیلانە بەرهەم هاتن، بەڵام هەرگیز بە چڕی بەرهەم نەهاتن و نەکەوتنە بازاڕەوە. ڕەنگە**

## ئۆتۆمبیلی فڕۆکەی جۆری Lilium Jet



ئۆتۆمبیلی فڕۆکەی جۆری Lilium Jet بەرهەمی وڵاتی ئەڵمانیایە، زۆر وەك درۆنێکی گەورە دەچێت. دەتوانێت لە شوێنێکەوە ستوونی بەرز بێتەوە و هەر بەم شێوەیەش بنیشێتەوە. کاتێك ئۆتۆمبیلەکە فڕۆکەکە بەرز دەبێتەوە، پانکەکان لە شێوەی ئاسۆیی بەرەو لای باڵەکانی دەگەڕێنەوە و هێزێك پێکدێنن کە بتوانێت بەبێ جوڵە لە هەوادا ڕابوەستێ و دواتر بفڕێ. خێرایی فڕینەکەی ٣٠٥ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا. دەنگی مۆتۆڕەکەی زۆر کەمە. بە خێراییەکی زۆر بە نێو بینا و پرد و ڕێگاکاندا دەڕوات. بەیەك جار شەحنکردنەوە دەتوانێت کاتژمێرێك بفڕێت. بۆ گەشتی کورتی نێوان شارەکان زۆر گونجاوە.

## ئۆتۆمبیلی فڕۆکەی SD-XX وەک تاکسی سوودی لێوەردەگیرێت



وڵاتی ژاپۆن کە لە زۆر بواری پیشەسازیدا پێشەنگن، لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی فڕۆکە لە ڕیزی یەکەمەکان دێت. یەکێك لە ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکانی کە لە وڵاتی ژاپۆن بەرهەمهاتووە، فڕۆکەی جۆری SD-XXیە. فڕۆکە ئۆتۆمبیلەکە تەنیا دوو کەس هەڵدەگرێت. دەتوانێ بە شێوەی ستوونیش بەرز بێتەوە. خێرایی فڕۆکەکە زۆر نییە تەنیا ٦٢ مایلە لە کاتژمێرێکدا. هەشت پەروانە یا مۆتۆری ئەلکترۆنی هەیە و وەك بچووکترین ئۆتۆمبیلی فڕۆکە لە جیهاندا سەیر دەکرێت. شوێنی دوو ئۆتۆمبیلی ئاسایی دەگرێت.

بە بۆچوونی بەڕێوەبەری بەرهەمهێنی ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکە هەتا ساڵی ٢٠٥٠ هەموو کەس لە وڵاتی ژاپۆن لەبری تاکسی دەتوانێت لەو ئۆتۆمبیلە سوود وەربگرێت و بە دە خولەك بۆ هەموو شوێنەکان بچێت.

# اسمان داگیر دەکەن؟

**چەندین ساڵی دیکەش بخایەنێ کە ئاسمانیش وەك زەوی پڕ بێت لە ئۆتۆمبیلی فڕۆك و قەرەباڵغی سەر زەوی کەم بێتەوە. هۆکارەکان و بەربەستەکانی بەرهەمهێنانی بە چڕی ئەم ئۆتۆمبیلانە گەلێکن، وەك نەبوونی کەسی شارەزای تەواو لە لیخوڕیندا، تێچووی زۆری بەرهەمهێنان، ئیزن نەدان لەلایەن وڵاتانەوە...تاد. لێرەدا چەند نموونەیەك لە ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکان باس دەکەین.**



## ئۆتۆمبیلی فڕۆکەی جۆری PAL-V Liberty

ئەو ئۆتۆمبیلە سێ تایەی هەیە لە وڵاتی هوڵەندا بەرهەمهاتووە، ئیزنی ئەوەی پێدراوە لە ڕێگاکاندا هاتووچۆ بکات. لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە چەند نموونەیەکی لێ فرۆشراوە.

ئەوە کەسەی لێیدەخوڕێ دەبێت ئیجازەی لێخوڕینی فڕۆکەی هەبێت. دەتوانێت ١١٠ مایل لە کاتژمێرێکدا بفڕێت و سەدان مایلیش تەنیا بەیەك جار پڕکردنەوە لە سووتەمەنی ببڕێت. خێرایی ئۆتۆمبیلەکە لەسەر زەوی ١٠٠ مایلە لە کاتژمێرێکدا. تەنیا دوو کەس هەڵدەگرێت، چوار مەکینەی لەسەرە و هێزەکەی ٢٣٠ ئەسپی هەڵمییە.

لە ماوەی دە خولەکدا بەرز دەبێتەوە و لە مەودای ٨ چرکەدا خێراییەکەی دەگاتە سەد کیلۆمەتر.

ئۆتۆمبیلەکە لە فایبەری کەربۆن، تیتانیۆم و ئەلۆمینیۆم بەرهەمهاتووە، کێشی ٦٨٠ کیلۆیە، زیاتر وەك ماتۆرسیکل دەچێت تاکو ئۆتۆمبیل.



## ئۆتۆمبیلی فڕۆکەی جۆری Hexa

ئۆتۆمبیلی جۆری Hexa ئۆتۆمبیلێکی فڕۆکە، دەتوانێت ستوونیش بفڕێت، کێشی ١٩٨ کیلۆیە. هێزی فڕۆکەوانی ئەمەریکا وەك ئامرازێك بۆ سوپاکەی خۆی بەکاری دێنێت. ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکە وڵاتی ئەمەریکا بەرهەمی هێناوە. ١٨ ڕۆتێری یا پەروانەی هەیە بۆ فڕین. بۆ لێخوڕینی پێویست ناکات ئیجازەی فڕۆکەوانیت هەبێت. سوکانەکەی هەمان جویستێکی یارییە، کۆمپیوتەرێکی پێشکەوتوو فەرمانی پێدەکات بۆ لێخوڕین. ئۆتۆمبیلی ئاماژە بۆ کراو ئیزنی پێنادرێت بەو ناوچانەدا بفڕێت کە خەڵکی لێیە. دەتوانێت لە بەرزایی ٢١٣ مەترییەوە لە ناوچەی چۆڵ و ٣٥٧ مەتر لە هێندێك ناوچە بفڕێت.



سێ ڕەهەندی 3D لە جیهانی دیجیتالیدا، گۆڕانێك بوو لە دونیای سەیرکردندا! تەلەڤزیۆنە سێ ڕەهەندییەکان هەرچەندە پێشوازییەکی گەرمیان لێنەکرا، بەڵام توانیان دیدگایەکی نوێ بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکەن کە دەکرێت دیمەنەکان بە 3D ببینرێن.

یەکێك لە کێشەکانی جیهانی سێ ڕەهەندی ئەوە بوو کە بۆ سەیرکردن دەبا چاویلکەی تایبەت بەخۆیت لە چاو کردبا، ئەگینا نەتدەتوانی بە شێوەی سێ ڕەهەندی ببیینی. داهێنانی شاشەی سێ دەوری لە جۆری Dimenco گۆڕانێکی گەورەیە. شاشەیەکی ٣٢ ئینجی 3D بەبێ هیچ چاویلکەیەك بۆ سەیرکردن. دیمەنەکان لە هەموو لایەکەوە بە سێ ڕەهەندی دەبیندرێن. مرۆڤ هەست بەوە دەکات بەراستی لە جیهانی سێ ڕهەندی دایە. ئەم جۆرە شاشەیە خزمەتێکی گەورە بە بواری پزیشکی و تاقیکردنەوەکانی زانستی دەکات. جۆری دیتنەکەش بە 8Kیە واتە گەشتر لە ئاوێنە.

هەروەك ئاماژە پێکرا بۆ بوارەکانی، پزیشکی، ئەندازیاری، بیناسازی، کڕین و فرۆشتن و نیشاندان لە سوپەرمارکێتەکان گرنگییەکی زۆری هەیە.

## گۆڕانێک لە جیهانی 3D دا



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت نازانم لەنێوان وێبگەڕەکانی وەك «گوگل کرۆم» «فایرفۆکس» ئیدج» و ئەوانی دیکە کامیان بەکار بێنم؟ کامەیان باشترن؟**

خوێنەری بەڕێز ساڵیانی ساڵ، زۆربەی هەرە زۆری خەڵك لە هەرێمی ئێمەدا بۆ چوونە ناو جیهانی ئینتەرنێتەوە لە «گوگل کرۆم» سوودیان وەردەگرت. «فایرفۆکس»یش هاوشانی گوگل کرۆم دەچووە پێش، لەونێوەدا تەنیا وێبگەڕی مایکرۆسۆفت «ئیکسپلۆرێر» لە دوایە بوو. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٥ مایکرۆسۆفت بە بەرهەمهێنانی (ئیدج) پێش هەموویان کەوت. Microsoft Edge دەیان تایبەتمەندی تێدایە کە لە هیچ وێبگەڕێکی دیکەدا نییە، زیرەکی دەستکرد بۆ کێشانی وێنە، خوێندنەوەی دەق بە زۆربەی زمانەکان، وەرگێڕان لەیەك کاتدا لەو وێبگەڕەدا هەیە.

## ژیری دەستکردی گوگل و تایبەتمەندییەکانی



زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ لە بواری ژیری دەستکرددا خەریکی داهێنانی نوێن. گوگلیش لەو بوارەدا چالاکییەکانی چڕ کردۆتەوە. یەکێك لە جۆرەکانی زەینی دەستکردی AudioPaLMە.

ئەو سیستەمە نوێەی گوگل تایبەتە بە گوێگرتن و قسەکردن و وەرگێڕان بۆ زمانەکانی دیکە. لە دەربڕین و قسەکردندا زۆر وەك مرۆ دەچێت و دەکرێت بەپێی دەنگی دڵخواز کە بۆی دیاریدەکرێت قسە بکات و دەربڕێت. دەرکی ناسینی دەربڕینی هەیە و گۆڕینی دەق بۆ نووسین و دەنگ بۆ وەرگێڕان بەباشی ئەنجام دەدات. لە بوارەکانی دوبلاژ و ڕاگەیاندندا دەکرێ سوودێکی زۆری لێ ببیندرێت.




# ئامێرێک بۆ دۆزینەوەی ئامێرە سیخوڕییەکان

وەك بە ساڵاچووان دەڵێن، دونیاکە بەرەو خراپی ڕۆیشتووە و متمانە زۆر کەم بۆتەوە. ئامێرە سیخوڕییەکان گەلێکن، کامێرای وا بچووك هەیە بەقەد دەنکە نۆکێك دەبێت، ئامێری چاودێری وەك GPS و ئامێری دەنگ تۆمارکردن زۆر بچووك بوونەتەوە. بۆ دۆزینەوەی ئامێرە سیخوڕییەکانیش هەندێك ئامێر هەن، کە زیاتر لایەنی ئاسایش و ئەمنی بەکاری دێنن. یەکێك لەو ئامێرانە KNIGHT KT9000ە. ئێستاکە وەك باشترین ئامێری دۆزینەوەی کامێرا شاراوەکان بەکار دێت. ئامێرەکە لە ئەلەمینۆمێکی بەهێز دروستکراوە. هەموو شەپۆلێکی RF دەناسێتەوە. زیرەکی دەستکردی هەیە. ئامێرەکە وەك ئامێری بێتەلی پۆلیس و پیاوانی ئاسایش دەچێت، هەرکاتێك شەحن بێتەوە هەتا ٤٥ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. ئەگەر دڵنیا نی لە هوتێلەکان، یا حەمامە گشتییەکان یا شوێنە تایبەتیەکان دەکرێت سوود لەو ئامێرە وەربگری.



## ماڵپەڕێک کاری نەخشەسازان ئاسان دەکا

گەلێك ماڵپەڕ هەن تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی وێنە، بەتایبەتی وێنە بۆ کاری گرافیك و نەخشەسازی، بەڵام زۆربەی ئەو ماڵپەڕانە لە بەرامبەر تێچوویەکدا خزمەتگوزارییەکانیان دەبەخشن. یەکێك لەو ماڵپەڕانە کە بەشێك لە خزمەتگوزارییەکانی بە خۆڕاییە، ماڵپەڕی www.freepik.comە. ماڵپەڕێك دەتوانێت ئەرکی نەخشەسازان ئاسانتر بکاتەوە. چونکە بە هەزاران وێنەی تایبەت بە نەخشەسازی بە فۆرماتەکانی EPS و victor و JPG...تاد. تێدایە. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە لە بۆکسی سەرەوە ئەو بابەتەی داوای دەکەی بنووسە و بە دوایدا بگەڕێ، بە سەدان وێنە لەوەی مەبەستتە بۆت دەستنیشان دەکا. تەنانەت دەتوانی تایبەتمەندی وێنەکەشت لە بۆکسەکەدا بنووسی.

# پرۆگرامێک بۆ دەستکاری کردنی فایلی PDF

فۆرماتی PDF باوترین فۆرماتی خوێندنەوەیە دەقەکان بۆ سەر ئینتەرنێت و هەروەها بۆ بواری چاپکردنی کتێب و گۆڤار و بەگشتی چاپەمەنی لە ریزی یەکەم دێت. گرنگی فۆرماتی PDF لەوەدایە، کە دەقەکە وەك خۆی دەهێڵێتەوە و هیچ گۆڕانی بەسەردا نایەت. بەڵام کێشەیەکی ئەو فۆرماتە ئەوەیە بەتایبەتی لەو دەقانەی بە بە خەتی (ئارامی) وەك: کوردی، عەرەبی، فارسی...تاد، بە ئاسانی ناکرێنەوە دەق و دەستکاریان تێدا ناکرێت.

پرۆگرامی SwifDoo کە بۆ ماوەیەك بە خۆڕایی دەتوانی سوودی لێوەربگری، دەتوانێت بە ویستی خۆت دەقەکان بگۆڕی و لێی زیاد و کەم بکەی و بە هەمان فۆنتی خۆت بینووسیەوە و فۆنتەکە گەورە و بچووك بکەی. هەر چەشنە گۆڕانکارییەك لە فایلێکی وردا دەکرێت لەو پرۆگرامەشدا دەکرێت، بەئاسانیش فایلەکە جارێکی دیکە دەکاتەوە وۆرد. تەنانەت دەتوانی فایلەکە بکەی بە وێنە و هەروەها ئەگەر فایلی exile بوو جارێکی دیکە بیگۆڕیەوە بە فورماتی خۆی.






# پشتێنەکان لەشولارت ناسک و باریکتر نیشان دەدەن

ئەوکاتەی دەتەوێت کەمەر و ناوقەدەت ناسك و باریك دەربکەون، پێویستە پشتێن ببەستیت، هەروەها ئەوانەی کەرشیان هەیە یان جەستەیان پڕە، دەکرێت سوود لە پشتێن وەربگرن تا ناوقەدیان بە جوانتر و ناسکترین شێوە دەربکەوێت. مارەکەکانی وەك: ڤێرساسی و شانێل، بەردەوام گرنگی بە پشتێن دەدەن و لە بەرهەمەکانیاندا وەك کەرەستەیەکی سەرەکی دادەنرێت، نەوەك کەرەستەیەکی لاوەکی بێت. مارکەی گوتچی، ئەویش بە هەمان پەیڕەوی جلوبەرگەوە پشتێنی وەك کەرەستەیەکی سەرەکیی هەژمار کردووە. لەمۆدی ئێستادا پشتێنەکان باریکن، ئەوانەی ناسکن لە شێوە و توندوتۆڵن لە بەستندا، دەتوانیت هەموو جۆرە پشتێنەکان تاقی بکەیتەوە وەك: پشتێنی قوماش، پێست، زنجیر، قایشی لاستیك، هەموو ئەوانە بەشەکانی پشتێن پێك دەهێنن، بەڵام هەر یەکە لەگەڵ جۆرە مۆدە و جلێك دەپۆشرێن، بۆ نموونە: کاتێك جلی جینز لەبەر دەکەی پێویستە پشتێنت پێست بێت، لەگەڵ کراس و عەزیە پشتێنی قوماش بەکار بهێنە، لەگەڵ بەدی و کراسدا، پێویستت بە پشتێنی زنجیر دەبێت.

# پاراستنی قژ لە کاتی دەرچوون و مەلەکردندا





زۆربەی خانمان لە وەرزی هاویندا بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و فێربونی مەلە پێشتر قژیان دەشۆن، قژ بە هەموو جۆرەکانیەوە، کاریگەرن بە گەرما و تیشکی هەتاو، کە دەبێتە شێواندنی تەواوی سەر و قژ، ئەوانەی خولیای مەلەکردن و دەرچوونن و ئەو وەرزەی گەرمایان وەك وەرزێکی گەشت وەرگرتووە، ڕەنگە گەرمیی تیشکی هەتاو و ئاوی نێو مەلەوانگەکان کاریان تێ بکات و ببێتە هۆی تێکدانی قژیان. مەلە کردن لە هاویندا هەرچەندە کەشێکی خۆشی هەیە، بەڵام زیانیشی بۆ قژ دەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی مەلەکردن و بەرکەوتنت بە تیشکی هەتاودا قژت تەندروست بێت، پێویستە ئەو ڕێکارانە بگریتە بەر: هەوڵ بدە خواردنی هەمە چەشن بخۆیت نەك تەنیا بە جۆرێك بگریت، زیاتریش لە سەوزە و میوە نزیك بە، تا تەندرووستیت باش بێت و سوودیشی بۆ قژیشت هەبێت. هەردەم بە ئاوی شلەتێن قژت بشۆ، لە کاتی مەلەکردن هەوڵ بدە کڵاوی مەلەت لەسەردا بێت، تا قژت لە کاتی مەلەدا هەمیشە لە نێو ئاودا نەبێت، ڕەنگە پلەی گەرمیی ئاوەکە زۆر بێت،هەندێ جاریش پیس بێت. هاوکات بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەردەم تیشکی خۆر مەوەستە، بەڵکو ئەگەر کرا چەترێك یان کڵاوی هاوینە لەسەر بکە. دوو مانگ جارێك قژت لەلای ئارایشگەر ڕێك بکە و بیبڕە. ئەو بۆیانە بەکارهێنە کە ماددەی ئەمۆنیای تیایدا نییە، بڕی زۆر ئاو بخۆرەوە، کریاتینیش زۆر بەکارمەهێنە.





# شێوازی کراسە جۆراوجۆرەکانی خانمانی بووک لە وەرزی هاوین


لە دوا نمایشی جلوبەرگی شاری پاریسی فەڕەنسی بۆ نمایشی (هۆت کوتۆر) کە لە مانگی حەوت بەڕێوە چوو، جوانترین کراسەکانی خانمانی بووك بۆ وەرزی هاوینە و گەرما نیشان درا، کە کۆمەڵێك کۆلیکشنی جۆراوجۆر بوون، لەوانە مۆدەکانی کراسی کراوە و نەخشدار و سادە لە بەرهەمەکانی نمایشەکەدا بوون، سەرەتا مارکەی جیامباتیستا ڤاڵی، بە کراسی تەنوورە درێژ و کە لە قوماشی دانتیل نەخشێندرا بوو، هەروەها بە بوونی سەرشانەکانی لە شیفۆن و فیۆنکە، کە کەمەرێکی باریك و ناسکی هەیە، ئەو مۆدە بۆ ئەوانەی کە لەشولاریان لاوازە یان زەعیفن گونجاوە، کراسە کورتەکانی بووك، دووەم جۆری نمایشەکە بوون، کە تاوەکو سەر ئەژنۆیە، بۆ ئەوانەیە حەز بە جلی کورت و کراوە دەکەن، بە نیوقۆڵ و بە تەواوی نەخشێنراون لە بەشی پێشەوە، ئەو بەرهەمە لەلایەن مارکەی ناتان natanـەوە نمایش کرابوو، بۆ کچانی باڵا بەرز گونجاوە، سێیەم جۆر کراسی بووکی کوتۆر بە دوو تەنوورەوە، لەلایەن دیزاینەر ڕامی عەلی نەخشێندرابوو، کە تەنوورە و کراسەکە یەکێکیان کورد و ئەوەی دیکەش لە پێشەوە کراوە و تاوەکو خوارەوە بوو، قوماشەکانیان تەنکە، کە بەشی جەستەی خوارەوەی جەستە دەردەخات.



# بە پەنجەکانی وێنە دەکێشێت

وێنەکێشەکان هەمیشە بە فڵچە و بۆیە و ڕەنگی جۆراوجۆر تابلۆکان دەنەخشێنن و، ئەو بیرۆکانەی لە ناخیاندایە دەیهێننە سەر تابلۆ، بەڵام جیاواز لە هەمووان ئەو پیاوە ئەمریکییە بڕوای بە فڵچە نییە، داهێنانێکی کردووە لە بواری وێنەکێشاندا کە هەڵساوە بە بەکارهێنانی مۆری پەنجە لە جیاتی فڵچە، لە داهێنانەکەشی سەرکەوتوو بووە، ئەوەتا چەندین وێنەی جۆراوجۆری بە مۆری پەنجەکانی کێشاون، هەر دەڵێی وێنەی ڕاستەقینەیە، ئەو پیاوە ناوی (جۆدێت ئان بڕوان)ە، ماوەیەکی زۆرە خۆی بەم بیرۆکەیەوە سەرقاڵ کردبوو، تا لە کۆتاییدا توانی سوود لە بیرۆکەکەی وەربگرێت، ئێستاش بەبێ ئەوەی فڵچەیەك بەکاربهێنێت، کۆمەڵێك وێنە و شێوی وا جوان و سەرنجڕاکێش دەکات، کە جێگەی سەرسامیی هەموانە.





# کۆلێکشن و دیزاینەکانی جلی کوردی لە هەفتە نمایشی پاریسدا


پێشتر چەندین نمایشی جلی کوردی لە ناوەوەی کوردستان و لە بۆنە و یادە نەتەوەییەکاندا دەکران، بەڵام ئەمجارەیان نمایشێکی جلی کوردی لە وڵاتانی ئەورووپا بە شێوەیەکی مۆدێرن و لەسەر ڕێتمی نمایشی جلی ئەو کیشوەرە بەڕێوە چوو، (لارا عومەر دزەیی) کچی گۆرانیبێژی کوردی عومەر دزەیی توانی نمایشێکی خنجیلانەی جلی کوردی لە شاری پاریسی فەرەنسا ئەنجام بدات، یەکەم کاری دیزاینی ئەو خاتوونە بە ناوی خەون لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو کرایەوە، دواتر توانی دیزاینەکانی دیکە بە ناوی ئاگر و زەریاش پێشکەشی خەڵك و هەوادارانی بکات، لە نمایشە تایبەتەکەی کۆلێکشنی لارا دزەییدا لە هەفتە نمایشەکە لە پاریس، دیزاینەکانی کە لە کۆلێکشنەکەدا نمایش کرا، ڕەنگی جیاوازیان تێدا بەکار هاتبوو، گرنگی بە ڕەنگی ڕەش درابوو، ئەگەرچی زۆربەی نمایشکاران بیانی و ئەورووپی بوون، بەڵام سیمایەکی جوانیان بە جلی کوردی بەخشی بوو، کارەکانی لارا بریتی بوو لە گەشاندنەوەی شێواز و کلتووری کوردی لە بەرهەمەکانیدا، بۆ نموونە یەکێکە لە نمایشکاران دیزاینێکی پۆشیبوو کە جامانەی سوور و ڕەش و جلی سەربازیی تێدا بەکار هاتبوو، کۆی دیزاینەکانی ئەو خاتوونە دەگاتە زیاتر لە (٣٠) دیزاینی جۆراوجۆر، کە پێشتر و لەو نمایشەشدا زۆربەی بەسەر لەشولاری خانمانی نمایشکار ڕەنگی دەدایەوە.



# هەنجیر لە خانەی گوڵەکانی ئاکواریمە

زۆربەمان وا دەزانین کە هەنجیر میوەیە، بە هۆی ئەوەی لەگەڵ زۆربەی میوەکانی وەرزی هاویندا دەڕوێت و پێدەگات، بەڵام هەنجیر بریتییە لە گوڵێك بە ناوی ئاکواریم، هەروەها هەنجیر تەنیا میوەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو گوڵێکی هەڵگەڕاوەیە، هەنجیر بە هەمان شێوەی درەخت و میوەکانی دیکە وەك بادەم یان گێلاس گوڵ نادات، بەکورتی هەنجیر جۆرێکە لە گوڵی ئاوەژوو کە لە ناو ئەو گۆپکەی ڕەنگ سوور و تۆخدا گوڵ دەدات، کە ئێمە بە هەنجیر دەیناسین، هەنجیر لە چەندین لق پێك هاتووە، ئەمەش پێکهاتەیەکی جیاواز و وردەوردەی پێ دەبەخشێت، بۆیە کاتێك یەك هەنجیر دەخۆین، ئەو کاتە ئێمە سەدان میوە دەخۆین.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە داخستنی ڤیزەی چەند وڵاتێك دەكات بەسەر خەڵكی وڵاتاندا، کەچی ڕێگەی پەنابەری و قاچاغی داوە تاوەكو خەڵك لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکەدا کۆچ بکەن.



## دیمەنە سەیرەکان

ئەمە دیمەنی ئەو دەستانەیە کە زیاتر لە ١٤جار هەموو قورئانی پیرۆزیان پێ نوسراوەتەوە، دەستەکانی خۆشنووسی بەناو بانگ (عوسمان تەها).

# منداڵێکی ئەفریقی خاوەنی جوانترین ڕوخسارە



ئەو منداڵە ئەسمەرە خەڵکی وڵاتی نێجێریایە، شێوەی هێندە جوانە وەك بووکەشووشە وایە، ئەو کچە ناوی (یارا)یە، چاوەکانی گەورە و پێستێکی ناسکی هەیە، منداڵە تەمەنی (٥)ساڵە، خۆی و برا گەورەکەی کە ئەویش لە ڕوخساردا هەمان جوانیی خۆشکەکەیی هەیە، ئەو دوو منداڵە بە جوانترین منداڵی جیهان دەناسرێن، کە ڕوخساریان جێگەی سەرسامیی گشت کەسێکە چ لە وێنە یان لە ڕەواڵەتدا سەیریان بکات. پێشتر جوانترین ڕوخساری منداڵ لە وڵاتی پاکستان بوو بە ناوی (ئانا باقجا)، لە ئێستادا یارای وڵاتی نەیجیریا بووەتە جوانترینی منداڵانی جیهان.

## یاسا



**مەرجەکانی فرەژنی**

بە پێی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ساڵی١٩٥٩عێراق کە بەشێك لە برگە و مادەکانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٨هەموارکراوە، مەرجەکانی ڕێگەپێدان بە هێنانی زیاتر لە ژنێك بریتین لە : لە بەردەم دادگا ڕەزامەندی هاوسەری یەکەم وەربگیرێت، توشبوونی ژنەکە بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێندراو کە ڕێگە لە سەرجێیی ژن و مێرد بگیرێت وە ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێت، یان ژنەکە نەزۆك بێت، توانای دارایی پیاوەکە بەشی بەڕێوەبردنی پتر لە ژنێك بکات، پرکردنەوەی بەڵێننامەی دادپەروەری و یەکسانیی لە نێوان هاوژینەکاندا. نابێت ژنی یەکەم ئەو مەرجەی لە گرێبەستی هاوژینیدا دانابێت کە هەوێی بەسەردا نەیەت، پابەندنەبوون بەو خاڵانەی سەرەوە، سزاکەی شەش مانگ بۆ یەك ساڵ بەندکرن دەبێت، لەگەڵ غرامەیەك بەبڕی ١٠ملیۆن دینار.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر کار لەسەر چەند پرۆژەیەکی گرنگ دەکەیت لە لایەنی پیشەییەوە، ئەوا ئامۆژگارییەکی سوودبەخشت پێدەگات لەلایەن بەرپرسەکانتەوە، لە ژیانی تایبەتیتدا ئەمڕۆ زۆر دڵخۆش دەبیت و هەست دەکەیت کەسانێکی زۆر پاڵپشتیت دەکەن، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە دەمەوئێوارە کەمێك هەست بە شەکەتی بکەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمڕۆ ڕۆژێکی باش نابێت بۆ ئەو کەسانە لە کۆمپانیا بیانییەکان کاردەکەن، لە ژیانی تایبەتیتدا هەمو شتێك ئاساییە، کاتی پێویست لەگەڵ خێزانەکەت بەسەر دەبەیت و هەوڵبدە ڕازی دڵی خۆتیان بۆ بکەرەوە، لە کاتی شۆفێریکردن ئەمڕۆ وریابە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە بەهیچ شێوەیەك کەمتەرخەمی مەنوێنە، گرنگی بە بچوکترین وردەکارییەکان بدە، هەروەها پەلە مەکە، پەیوەندیت لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزنەکەت باش نییە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت ئەنجامەکە زۆر خراپ دەبیت، هەوڵی باشترکردنەوەی پەیوەندییەکان بدە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ بە گشتی بەختت دەبێت لەو کارانەی ئەنجامیان دەدەیت، هەروەها ڕۆژێکی گرنگە بۆ تۆ، هەوڵبدە سوودی لێ ببینە و خۆت بە کاری لاوەکی و بێسوودەوە سەرقاڵ مەکە، بۆئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت باش بێت هەوڵبدە پاڵپشتیان بیت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی داراییەوە ڕەنگە توشی زیان ببیتەوە، وا باشترە بە وریایی بڕیار بدەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە هیچ وشەیەك بە بێ بیرکردنەوە بەکار مەهێنە، ئەم ماوەیە کەمێك ماندویت بەهۆی فشاری زۆری کارەوە، هەوڵ بدە پشوو وەربگریت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە بورجەکەت ئامۆژگاریت دەکات زیاتر سەرنجت بخەیتە سەر پیشەکەت، هەروەها زۆر لەخۆت مەکە بۆ ئەوەی کارێك ئەنجام بدەیت کە لە توانای تۆدا نییە، لە ژیانی تایبەتیتدا پەیوەندییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیت هەیە، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕەنگە کەمێك هەستیاریت بۆ دروست ببێت.

بۆ زانیاریت

# ڕێککەوتننامەی CISMOA سەربازی

ڕێککەوتننامەیەکی هەواڵگەری و پەیوەندی هاوبەشە لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، کە چەند مەرجێکی دوو لایەنەی تێدایە و هەر وڵاتێك چەك و کەلوپەلی ئەمریکی بکڕێت یان وەربگرێت، دەبێ ئەم شتانە بکات (یەکخستنی عەقڵ و سۆفتوێری کەلوپەلەکان لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمریکا) کە ئەگەر جەنگ بەرپا ببێت لایەنی ئەمریکی بە دوژمن نیشان نەدات و سوپاکەی ببێتە لیوایەك لە سوپای ئەمریکا، ئەمریکا هەر جەنگێك یان مانۆڕێکی هەبێت دەبێت وڵاتی هاوپەیمان باشترین یارمەتی پێشکەش بکات لە بەندەر و فڕۆکەخانە و کۆگا و تەقەمەنی، شەش مانگ جارێك پشکنینی کەلوپەلەکان لە لایەن ئەمریکاوە ئەنجام دەدرێ و نابێت تەکنۆلۆجیای ئەمریکی بدرێتە وڵاتی سێیەم، لە بەرامبەردا ئەمریکا باشترین



خزمەتگوزاریی سەربازی پێشکەش دەکات لە فڕۆکە و مووشەك و بۆمبی پێشکەوتوو بە وڵاتی ڕازی بوو، ئەم ڕێکککەوتنەش میسر و عێراق مۆریان نەکردووە و، مەغریب و سعودیە مۆریان کردووە و نوێترین کەل و پەلیان هەیە.



## پەند و وتە

ماری لویس ستریپ، ئەکتەری ئەمریکی لە ساڵی ١٩٤٩ لە نیوجێرسی لە ئەمریکا لەدایکبووە و یەکێکە لە ئەکتەرە باشەکانی هۆلیود، دەربارەی جێهێشتنی کەسەکان دەڵێت: «کاتێك یەکێك جێت دەهێڵێت، ئەوە مانای ئەوە نییە تۆ قەدەرت لەگەڵ ئەو کەسە نییە کە وازی لێت هێناوە ئەو کەسێکی خراپ بێت، بەڵکو ئەوە مانای ئەوە دەدات کە ڕۆڵی لە ژیانتدا کۆتایی هاتووە».

## فیلم

### مەتەڵی بکوژ - Murder Mystery




فیلمێکی تاوانکاری و ئەکشنە، باس لە لێکۆڵەرێکی تایبەت دەکات، هەر یەکە لە (نیك و ئۆدری) لە دوای لێکۆڵینەوە لە کەیسێکدا، دەبینن کە هاوڕێیەکی خۆیان تێوەگلاوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٢٩ خولەکە، فیلمەکە لە مانگی ٣ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە مانگی ٧ نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی جێریمی گاریلیك، لە نووسینی بۆجان بازێلی، لە نواندنی: جینیڤەر ئەنیستۆن، ئادەم سەندلەر، میلانی لۆرێنت، ئینریکی ئارچ، مارك سترۆنگ، کۆهۆ ڤێرما.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە کەمێك گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت و لە شوێنی کارەکەت پلەکەت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، هەروەها هەواڵێکی خۆش دەبیستیت، ڕووبەڕووی چەند بەربەستێك دەبیتەوە، باشترە چاونەترس بیت و بە ئاسانی خۆت نەدەیت بەدەستەوە، لەلایەنی تەندروستییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت کەمێك سەرقاڵە و دەرفەتی ئەوەی نابێت گرنگی بە تۆ بدات، هەوڵ بدە لە بارودۆخی تێبگەیت، وزەت کەم بووەتەوە و توانای جووڵەت نییە، هەربۆیە ڕۆژانە کەمێك وەرزش بکە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆئەوەی چالاك بیت، هەوڵ بدە یارمەتی ئەو کەسانە بدە کە داوات لێدەکەن.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کاتی پێویست تەرخان بکە بۆ خێزانەکەت، با سەرقاڵیی ڕۆژانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت لاواز نەکات، لەلایەنی پیشەییەوە کارەکانت بە پەلە مەکە، دەنا دەکەویتە هەڵەوە، کۆنترۆڵی تووڕەییەکانت بکە، لەلایەنی تەندروستییەوە کەمێك هەست بە لاوازی دەکەیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


کەسانی مووچەخۆر پێویستە ئەمڕۆ وریابن، ئەگەر بە وریایی پارەکانیان خەرج نەکەن ڕەنگە توشی گرفتی دارایی ببنەوە، ئەمڕۆ ڕۆژیکی زۆر باش دەبێت بۆئەوەی کات لەگەڵ خێزانەکەت بەسەر بەریت، تەندروستییەکی باش هۆکارە بۆئەوەی وزەی پێویستت هەبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانت.


**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەلایەنی تەندروستییەوە پێویستە کەمێك گۆڕانکاری لە ڕۆتینی ڕۆژانەت بکەیت، سەرقاڵیی زۆرت وای کردوە خۆت فەرامۆش بکەیت، کێشە داراییەکانت چارەسەر دەبن، لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕەفتاری خۆشەویستەکەت لەگەڵت زۆر باشە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


ئامۆژگاری دەکرێیت لە شوێنی کارەکەت زۆر بە وریاییەوە ڕەفتار بکەیت، هەروەها دووربکەوەرەوە لە توڕەیی، بۆ خوێندکارەکان ئەم ماوەیە زۆر گرنگە بۆئەوەی هەوڵ بدەن، لەلایەنی تەندروستییەوە ئامۆژگاری دەکرێیت پشووی پێویست وەربگریت و پەستانی زۆر نەخەیتە سەر خۆت.






بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan July 24, 2023 Issue,No.1373


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626